هەردیس پاڵسدوتیر

Herdis Palsdottir

# منداڵ و هەڤبەندی

نووسەر: هەردیس پاڵسدوتیر Herdis Palsdottir

ناوی کتێب: Relasjoner med barn منداڵ و هەڤبەندی

مافی چاپ: Copyright 2010 © Herdis Palsdottir

Oversatt til kurdisk: Ako Modiri

نیگارکێش: Bjørg Thorhallsdottir

تەرجەمەی لە نۆرویژیەوە: ئاکۆ مودیری

دیزاینی بەرگ: حەمە سەعاتچی Omslagsdesign: Hama Saatchi

تۆڕی فێرکاریی برادۆست www.bradost.net

ئۆسلۆ 2017

وەشانخانە و نووسەر مۆڵەتیان داوە بە تەرجەمەکردنی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی، ئەم تەرجەمە کوردییە بۆ بازاڕ و فرۆشتن نییە.

Forfatter har gitt tillatelse for oversettelse av boken Relasjoner med barn til kurdisk, men ikke for kommersiell bruk.

ئەم بەرهەمە بە ئەلفبێی لاتینی:

https://komak.nu/B21/pdf/Mindall_u_Hevbendi_B21.pdf



*Jeg vil takke min kjære venn Ako Modiri for at han nå gjør boken tilgjengelig for den kurdisk talende befolkning.  Han har min fulle støtte i sitt arbeid, med å dele tanker som han anser som verdifulle, med sitt folk.*

*Herdis Palsdottir*

*Forfatter av boken Relasjoner med barn*

دەمەوێت سوپاسی هاوڕێی هێژام ئاکۆ مودیری بکەم بۆ سازاندنی ئەم کتێبە بۆ خەڵکانی کوردیزمان. ئاکۆ تەواوی پشتیوانیی منی هەیە لە گەیاندنی ئەم بیرۆکانەی خۆی پێیوایە سوودبەخشن بە گەلەکەی.

هەردیس پاڵسدوتیر

نووسەری کتێبی «منداڵ و هەڤبەندی»

پێڕست


پێشگوتار .......................................................................................... 5

منداڵ مرۆڤی هەستەکین.................................................................10

پاشخان ..........................................................................................17

شێوازی جۆراوجۆری ڕەفتار لەگەڵ منداڵ ............................................................21

گەر دەتەوێت گۆڕانکاری بکەیت، لەخۆتەوە دەستپێبکە ..........................................30

باوان یەکەمین مامۆستای فێرکاری منداڵن.......................................................38

منداڵ پێویستی بە باوانی هەڵەبەدەر و نموونەیی نییە ............................................43

منداڵی ئەمڕۆ باوانی سبەینێیە.................................................................58

دواگوتە ..........................................................................................63

# پێشگوتار

پێشگوتاری دەروونسارێژ[1] یەسپێر یوول Jesper Juul

نووسەری کتێبی پڕفرۆش «منداڵە کارامەکەت» *Your Competent Child*

هاوبەهایی، زمانی کەسەکی و فێربوونی دوولایەنە دەستەواژەی بنەڕەتین لەم کتێبە نایابە کە دەربارەی دانوستان و بوونە لەتەک منداڵ. وەسفی ئەم دەستەواژانە هەر وەک دانوستانی- پەژرێنەرە،[2] نە شێوازە نە ڕێباز، بەڵام جۆریکە لە بوون و لە ڕاستیدا بابەتێک نیە دەربارەی پەروەردەی منداڵ. بەڵام بنیادنەری هەڤبەندییەکی[3] نێزیک و بەرهەمبەخش لە نێوان منداڵ و باوان — لە ماوەی ژیاندا — تەنها بۆ ئێستا و بۆ چارەی کێشە نیە. سەرەڕای نەبوونی ڕێنمایی دەربارەی پەروەردەی ڕەفتارگونجاندن بەپێی ویستی باوان و سەرپەرەشت لەم کتێبەدا، بە هەزارەها باوان و پێداگۆگیش لە سی ساڵی ڕابردوودا کۆکن لە سەر ئەوەی ڕەفتاری ڕووخێنەر یان خۆڕووخێنی منداڵ و گەنج تەنها کاتێک دەکرێت بگۆڕدرێت کە باوان بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆی بگرێتە ئەستۆ و ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت.

دەرکی جڤاک دەربارەی پەروەردەی منداڵ لەم بیست ساڵەی دواییدا هێند ئاسان و سەرەتایی کراوەتەوە مرۆڤ ئیدی باسی جڤاکاندن[4] و پەروەردە ناکات، بەڵکوو باسی مەرجەکانی دەکات. شێوازەکانی پەروەردەکردن کاریگەیی ساختارەکی زۆر کەمە، سەرەڕای ئەوە باوان ئەم لایەنە دەبینێت، بەڵام کاردانەوەی بەردەوام وەک پێشوو. ڕاستیەکی ئاشکرایە ڕادەیەکی کەم لەو کۆشەشەی ئێمە لە بواری پەروەردە دەیکەین کاریگەری و نەخشی سازەندەی لە سەر منداڵ هەیە. پەروەردەی گرینگ خۆی لە نێوان هێڵەکان دەبینێتەوە (هێڵی دانووستانی گەورە و منداڵ)، دەکرێت وەک تەکدانەوە[5]ی ڕەفتار و شێوازی بوونی باوان بێت و لێرەدا دەربڕین و ئاخاوتنی زارەکی باوان ڕۆڵی هەرە گرینگ دەگێڕێت.

---

[1] دەروونسارێژ: Therapist کەسێکە پلەی پیشەیی لە دەروونناس نەویترە و برین یان کێشەی دەروونی سارێژ دەکات. دەروونسارێژی: Therapy سارێژکردنی برین یان کێشەی دەروونی لای دەروونسارێژ.

[2] پەژراندن: سەلماندن، قبوڵکردن بۆ لایەنی دەروونی.

[3] هەڤبەندی: Relation نێزیکایەتی نێوان مرۆڤەکان و پێکەوە بەندبوونیان یان بەستراوەییان، وەک باوکەتی، دایکەتی، خوشکەتی، دۆستایەتی، خزمایەتی، هەڤاڵەتی، هاوکارەتی و ...هتد.

[4] جڤاکاندن: کۆمەڵایەتیکردن، منداڵ فێری ڕەفتارێک بکەیت لە جڤاکدا پەسەند بێت یان لەتەک نۆرمەکانی جڤاکدا ڕێک بێت.

[5] تەکدانەوە: Reflex الانعکاس. کتێبی «زاراوەسازی پێوانە»، مامۆستا مەسعوود محەمەد.

منداڵ پێویستی بە باوانی هەڵەبەدەر و نموونەیی نیە، ئەوان پێویستیان بە باوانی بەرپرسیارە کە بیر و کرداری هاوسۆزەکی بێت لەبری شێوازەکی. ئەم کتێبە بەم هەموو نموونە ڕەنگینە ڕێنمایەکی باشە بۆ باوانێک بویرێت یاریی بە پێناسەی خۆی بکات یان بۆ سەرپەرەشتێک لەتەک منداڵ و گەنج یان کار دەکات یان دەژیت.

یەسپێر یوول Jesper Juul

پێشگوتاری دەروونساڕێژ هەردیس پاڵسدۆتیر Herdis Palsdottir

«ئێمە جڤاکی خۆمان پێکدێنین و جڤاکیش پێکهێنەری ئێمەیە».

ئەو جڤاکەی ئێمە بونیادی بنێین، دانەری مەرجی بنەڕەتییە بۆ پێناسەی ڕاست و چەوت. بۆ نموونە ڕەفتاری ژن دەبێت چۆن بێت، پیاو دەبێت چۆن بێت و چۆنەتی ڕەفتاری لەتەک منداڵ و هەڵسەنگاندنی.

بەکورتی پەیامی ئەم کتێبە بریتیە لە ڕەفتاری تۆ لەتەک منداڵدا، شێوازەڕەفتارێک کە بە ڕێژەیەکی بەرز گەشە بە خۆهەستی[6] منداڵ بدات. منداڵ هەتا تەمەنی شەش ساڵی بوونەوەرێکی تەواو هەستەکین. ئەوان لەم ناسکەساڵیەی تەمەندا فێردەبن هەستەکانی خۆیان یان بە هەند وەربگرن یاخود پەراوێزی بخەن. فێربوونی هەرکام لەم لایەنانە وابەستەیە بە ڕێژەی بەهەندوەرگرتنی هەستی باوان خۆی و هەستی منداڵەکە. گەر ئێمەی باوان توانای بەهەند وەرگرتنی هەستەکانی خۆمان و هی منداڵ بین، منداڵیش فێر دەبن هەم هەستەکانی خۆیان بەهەند وەردەگرن هەم هی ئێمە. بنەوانی هەستزیرەک[7]ی لە شەش ساڵی بەرایی تەمەن گەشە دەستێنێت، بەڕای من ئەمە داکەوت[8]ێکە جڤاکی ئێمە هەتا ئێستا پشتگوێی خستوە.

ئێمە جڤاکێکمان پێکهێناوە کە منداڵ وەک مرۆڤێکی بچووک و ناتەواو دەبینێت کە بەردەوام خەریکی سنووربەزێنی، چەوتڕەوی و ڕێزی باوان یان سەرپەرەشت[9] نەگرتنە. ئارەزووی من لە نووسینی ئەم کتێبە بادانەوەی ئەم ڕەوتەیە کە ئێمەی سەرپەرەشت منداڵ بسەلمێنین، منداڵ ئەوەی لەدەستی بێت بە باشترین شێوەی خۆی دەیکات و ئەوان ڕەفتار و کرداری باوان کۆپی دەکەن - بەتایبەت باوانی خۆیان.

---

[6] خۆهەست: خۆناسین لە بواری هەستەکیەوە، ناسینی هەستەکانی خودی تاک. کەسێک هەستی خۆ بناسیت هەستی بەرانبەریش ڕەچاو دەگرێت، هەستزیرەک واژەی نوێی یان سەردەمی خۆهەستە!

[7] هەستزیرەک: Emotional intelligence توانای ناسینەوەی هەموو هەستەکانی خۆت، بەهەند وەرگرتنیان و ڕێزگرتن لە هەستی بەرانبەر.

[8] داکەوت: أمر واقع. بڕوانە «زاراوەسازیی پێوانە»، مەسعوود محەمەد.

[9] باوان یان سەرپەرەشت: واتای ئەم دوو واژەیە لەم پەرتووکەدا لە شوێنی باوک یان دایک بەرێژەی یەکەم، مامۆستا، ڕاهێنەر و هەرکەسێک کە بەرپرسایەتیی منداڵی لە ئەستۆیە لە ماوەی ژیانیدا هاتووە.

ئەم شێوازە ڕەفتارەی نەوە لە دوای نەوە لەتەک منداڵدا وای کردوە زۆرێک لە مرۆڤ هەست بە ناکامی و لاوازیی خۆمتمانە بکات. دیسانەوە ئەم مرۆڤانە نموونەن بۆ منداڵی ئەمڕۆ، ئەنجامەکەی دەبێتە نەوەیەکی خۆمتمانە لاوازتر و خۆدید[10]ـی نزمتر تا ڕادەی ڕووخان.

بۆ گۆڕینی ئەم ڕەوتە نایەتیە پێویستە ئێمەی باوان هۆشیاری ڕەفتار و گوتارمان بین، بەتایبەت کاتێک لەتەک منداڵداین، بەرپرسایەتیی خۆمان بناسین. پێویستە ئێمە خۆڕێزمان هەبێت و خۆمان بەهەند بگرین و پێشان بدەین کە ڕێز لەخۆمان دەگرین. ئەم جۆرە خۆدیدە سەختە بۆ زۆربەی باوان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی منداڵی. بێگومان خۆ بەهەندگرتن وەک سەرپەرەشت ئاسان نییە، گەر تاک لە دەورانی منداڵیدا بەهەند نەگیرابێت.

خوێنەر لەم نووسینەدا دەربارەی بیرۆکەی شێوازی ڕەفتار لەتەک منداڵ، هاوبەهایی[11] گەورە و منداڵ و بەراوەرد نەکردنیان فێر دەبێت. شێوازە ڕەفتارێک کە یارمەتیدەرە بۆ خۆ بەهەند وەرگرتن، هەتا منداڵ بزانێت لەتەک کێدایە. ئەم شێوازە هەستی ئاسایش بە منداڵ دەدات کاتێک لەتەک سەرپەرەشتێکدایە بەڕوونی خۆی ئاشکرای دەکات ئەو کێیە و چی دەوێت: سەرپەرەشتێک کە بەڕوونی پێویستی و سنووری خۆی دەردەبڕێت بێئەوەی بکەوێتە دەمەقاڵە و سەرکۆنەی منداڵ. بە بیستنی ویست و خواستی تۆ منداڵ نە هەستی بریندار دەبێت نە پێیدەشکێت. گەر منداڵ هەست بە شکان لەتەک تۆدا بکات، هۆکاری هی ئەوە نییە تۆ چیت گوتووە، هی ئەوەیە چۆن ویستی خۆتت دەربڕیوە.

منداڵ سەرەڕۆن، بەڵام تەکدانەوەیان نیە لە سەرەڕۆیی خۆیان - فێلبازیش نین - ئەوان هەر وەهان! بۆیە پێویستیان بە سەرپەرەشتێکە بە دلۆڤانی ڕێنوێنییان بکات هەتا خۆمتمانە، شادی، بەرهەمهێنی و کونچکاویان[12] بپارێزرێت.

من پێموایە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ لە هەموو ئەرکێک قورسترە. بەڵام گەر تۆ ئەم ئەرکە وەک پرۆسەی فێربوون ببینیت کە تێیدا دەرفەتی تاقیکردنەوە و هەڵەکردن بە خۆت بدەیت بێئەوەی خۆت سەرکۆنە بکەیت، ئەوکات دەرفەت بە منداڵ دەدەیت ڕەفتاری سەرپەرەشتێک کۆپی بکات و ڕێگە بە خۆی دەدات مرۆڤێک بێت بەردەوام لە گەشەدا بێت. تۆ ئەوەی لەدەستت دێ دەیکەیت، تۆ لە گەشەدایت.

من هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لەم پرۆسەی فێربوونەدا!

هەردیس پاڵسدوتیر

[10] خۆدید: توانای هەستکردن بە پێویستی، سنوور و ڕێزدانان بۆ خودی خۆت.

[11] هاوبەهایی و بەراوەرد نەکردن: هاوسەنگی نێوان گەورە و منداڵ، سەنگ دانان بۆ منداڵ بێ ئەوەی بەراوەردی بکات لەگەڵ خۆت.

12 کونچکاو: کەسێکە بەردەوام سەرقاڵی دۆزینەوەی کون و قوژبنی شتێک یان بابەتێک بێت. بڕوانە «فەرهەنگی خاڵ».



سوپاس

من منداڵی دەورانی خۆمم و هەروەک زۆربەی خەڵکی دیکەم کردوە، ڕەفتاری منیش لەتەک منداڵ هەروەک ڕەفتاری باوانم بوو لەتەک مندا. کاتێکی زۆری ویست هەتا توانیم ڕەفتاری خۆم بگۆڕم بۆ ئەم شێوازەی لێرەدا وەسفی دەکەم.

ئێستا من هەڤبەندیەکی زۆر باشم بەدەست هێناوە لەتەک هەموو منداڵەکانمدا. مەبەستم ئەوەیە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕێباز و بیرەی لەم کتێبەدا دەیخەمە بەرچاوی خوێنەر. من دەزانم سەرچاوەی نێزیکی و هەڤبەندیی ڕەسەن لە نێوان خێزان و دۆستدا گەنجینەی بێبنی ئاسوودەیی و شادییە، شادییەکی بێسنوور کە شایانی هەموو مرۆڤێکە.

لێرەدا دەخوازم سوپاسی هەموو منداڵ و باوانێک بکەم کە لە ڕێگەی کار و ژیانی کەسەکیمەوە هەڤبەندیم لەگەڵی بووە، بەتایبەتی مێردی ئازیزم، سێ کچە نازدارەکەم و مێردەکانیان و کچەزا زیرەکەکانم بۆ هەموو شتێک. من لە ڕێگەی هەڤبەندی لەگەڵ ئێوەوە خۆمم ناسیوە.

سوپاسێکی تایبەتی بۆ کچەگەورەم و هاوکارم دۆرا تورهاڵسدوتیر. سوپاس بۆ هەموو گفتوگۆی هەژێنەر و هاندەرت و هەروەها هاوکاریت لە نووسینی ئەم کتێبە. من و دۆرا لە EQ – Institutt وانە دەڵێینەوە. هێندێک لە بابەتی وانەکان لەم پەرتووکەدا باسی لێوە دەکرێت.



## منداڵ مرۆڤی هەستەکین

منداڵ هەتا تەمەنی حەوتساڵی مرۆڤێکی هەستەکیە[13]. لەم تەمەنە ناسکەدا هەستەکان جێگیر دەبن، بۆ نموونە هەستی خۆبەها[14] یان نەبوونی. منداڵێک هەست بکات ڕێز لە هەستی ناگیردرێت و لە لایەن باوانیەوە پەراوێز دەخرێت، هەر هەمان ڕەوت فێر دەبێت و هەستەکانی خۆی پەراوێز دەخات. ئەو فێر دەبێت کە هەستەکانی زۆر گرینگ نین، بە خۆی دەڵێت من زۆر گرینگ نیم، من بێبەهام.

من پێموایە کەم کەس هەیە یەک یان چەند بەسەرهاتێکی سارێژنەکراوی لە دەورانی منداڵیدا نەبێت. هێندێک جار خەمی دەورانی منداڵی هێندە مەزنە کە بەشێکی زۆر لە ژیانی دەورانی گەورەیی داگیر دەکات. ئەوکات ئەم تاکە دوو بژارەی هەیە: یان خەمەکەی بە هەموو ئەنجامەکانیەوە بشاریتەوە، یان بیسەلمێنێت و دەستی لێ هەڵنەگرێت و کاری لەگەڵ بکات هەتا وردەوردە لە خۆی دوور دەخاتەوە.

من چەندین ساڵ کارم لەگەڵ خەمی منداڵیی خۆمدا کرد، بە وەرگرتنی دەروونسارێژی[15] لای دەروونسارێژ، دەروونناس و خوێندنی دەروونسارێژیی خێزان توانیم زۆرێک هۆکار و شێوازی سارێژکردنی خەم و خەمی کۆن بەدەست بێنم و چارەسەریشی بکەم. هۆکاری خەمی من پەروەردەی هەبوونی باوانێکی هەژمونی[16] و بێپەروا بوو. هاندەری سەرەکی من لە نووسینی ئەم کتێبە تیشکخستنە سەر لایەنەکانی ژیانی منداڵیە هەتا منداڵی ئەمڕۆ بەشی زۆری ژیانی دەورانی ڕسکاوی خۆی تەرخان نەکات بۆ سارێژکردنی خەمی منداڵی، تەنها لەبەر نەزانی باوانێک کە لە شێوازی پەروەردەی کۆن باشتری نەزانیوە.

من پێموایە دەورانی منداڵی پشتگوێخراوە، هۆی نەبوونی زانیاری پێویست و بێئاگایی دەربارەی زەرەمەندبوونی منداڵ لەبەر بەهەند وەرنەگرتن، خۆشەویستی پێنەدان و حیساب بۆ نەکردنی. کاتێک منداڵ دەبینێت هەستەکانی لەلایەن باوانیەوە نادیدە دەگیردرێت و پەراوێز دەخرێت، خۆدیدی بەم ئاڕاستەیە گەشە دەکات. فێر دەبێت حیساب بۆ خۆی نەکات و هەستەکانی پەراوێز دەخات.

منداڵ لە 6 ساڵی یەکەمدا ڕێژەی بەرزی هەستزیرەکی بەدەست دێنێت. لەم تەمەنە گرینگەدا منداڵ یان فێر دەبێت هەستی خۆی بەهەند وەربگرێت یان پەراوێزی بخات، ئەوجا ڕێز بۆ هەستی کەس دانانێت. من پێموایە سەختە مرۆڤ بتوانێت هەڤبەندیەکی باش بسازێنێت گەر بە ڕێژەیەکی باش پەیوەند نەبێت لەگەڵ هەستەکانی خۆیدا، یان هەستزیرەک (EQ) نەبێت.

---

[13] هەستەکی: Emotional بەتەواوی بەستراوە بە هەستەوە، وابەستە بە هەست.

[14] خۆبەها: Self-worth بەهای مرۆیی، هەست بە بەهای خۆکردن.

[15] دەروونسارێژی: Therapy سارێژکردنی برین و بەسەرهاتی هەستشکێن و دەروونهەژێن لە ماوەی ژیانی ڕابردوودا.

[16] هەژموونی: Hegemony زاڵ، تاکڕەو، دەسەڵات، زاڵبوونی باوان بەسەر منداڵدا، هەموو شتێک لە ڕێگەی ترساندن و هەڕەشەوە سەرچاوە دەگرێت.

**هەستزیرەکی چییە؟**

کتێبی «*Emotional intelligence*» («*هەستزیرەکی*») زۆرجار بە بنەوانی EQ ناوزەد دەکرێت. نووسەری ئەم کتێبە دانیەل گۆلمان پرۆفیسۆری دەروونناسیە لە زانکۆی هارڤارد. گۆڵمان لە کتێبەکەیدا ئیشارە بە پێناسەی پێتر سالۆڤەی Peter Salovey لە زانکۆی یالەی دانمارک دەکات کە هەستزیرەکی بە پێنج توانای سەرەکی دارشتووە:

1. ناسینی هەستی خۆت.
2. کۆنترۆڵی هەستەکان.
3. دنەدانی هەستی خۆت.
4. ناسینەوەی هەستی خۆت لای کەسانی دیکە.
5. هونەری نێزیکبوونەوە لە کەسانی دیکە.

پاش 17 ساڵ لە پیشەی دەروونسارێژیی بەپێویستی دەزانم توانایەکی دیکەش بخەمە سەر ئەم پێنج توانایەی پەیوەست بە چەمکی تواناکانی هەستزیرەکییەوە EQ، بەمشێوەیە،

- توانای پێناسەی هەستی ورروژێنەری خۆت
- توانای پاراستنی هەستت بەشێوەیەکی باش
- توانای خۆدنەدان یان خۆهاندان
- توانای ناسینەوەی هەست لە کەسانی دیکەدا
- توانای بنیادنانی هەڤبەندی نێزیک، ڕاستگۆ، پڕ لە میهرەبانی و پتەو لەگەڵ کەسانی دیکە

کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت خۆی لێ نامۆیە، ئەو خاوەنی ئەم پێنج هەستە بنەڕەتییەیە، «شادی، خەم، توورەیی، ترس و حەز»، بەڵام ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە و ناوی هیچیشیان نازانێت. بۆیە پێویستی بە باوانێکە هەم هەستەکانی خۆی هەم ئەو هەستەی لای منداڵ دەیبینێت بە وشە دەربببڕێت: باوانێک منداڵ بە زمان وشەباران دەکەن، پێویستە هاوکات هەموو هەستێکی خۆیان و ئەویش دەستنیشان بکەن، هەتا ئەویش وردەوردە شەش توانای پەیوەند بە هەستزیرەکی بناسێتەوە.

یەکێک لە ئامۆژگارییە بەناوبانگەکانی سۆکرات پەیوەندی بە بەهای هەستزیرەکیەوە هەیە، دەڵێت: «خۆت بناسە!».

پێویستییەکی بنەڕەتی لە ژیاندا بۆ زۆرینەی خەڵک بونیادنانی هەڤبەندیەکی نێزیک، ڕاستگۆ، پڕ لە میهرەبانی و پتەو لەگەڵ خۆتدایە (خۆناسین)، هەتا توانای بنیادنانی هەمان هەڤبەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی ئارەزووت هەیە لە ژیانتدا بونیان هەبێت بسازینیت. بۆ بنیادنانی ئەم جۆرە هەڤبەندیە لەگەڵ خۆت و کەسانی دیکە، پێویستە شارەزا بیت لە واژەبەندی هەستزیرەکی و بەکارهێنانی.

**خەمی دەورانی منداڵی**

ئەزموونی خۆم لەگەڵ باوکم، باوکێکی زۆر هەژموونی و توندوتیژ، قسەی ئەو یاسا بوو، دەرفەتی گفتوگۆکردن قەت نەبوو. ئەو لەبەر شتێکی زۆر سادە تورە دەبوو، بۆ نموونە گەر من شیرم لەدەست بەربوایەتەوە بە سەر ڕووپۆشی مێزی خواردندا ئەو دەستی دەکرد بە لێدان بە سەر مێزەکەدا و گوتنی قسەی ناشیرین و بێڕێزیکردن. بە منداڵی زۆر لە باوکم دەترسام و بە مرۆڤێکی پەرت و هەڵەشەم دەزانی.

ئەزموونم لە دایکم، دایکێکی زۆر بێپەروا بوو بەنسبەت کەسایەتی و چۆنەتی حاڵی منەوە. قەت نایەتە بیرم تەنها بۆ جارێکیش چیرۆکێکی بۆم خوێندبێتەوە یان گۆرانیەکی بۆم گوتبێت، تەنانەت لەبیرم نایەت جارێک لەسەر کۆشی دانیشتبێتم، یان بەشێوازێک قسەم لەگەڵ بکات کە بیهەوێت لەگەڵ بیر و هەستەکانم ئاشنا ببێت.

ئەنجامی ئەم شێوازەی دەورانی منداڵیە بووە هۆی دروستبوونی هەستێکی زۆر بەهێزی تەنهایی لە مندا و ساڵانێکی زۆری پێوەگلام. من هەستم دەکرد لە جیهاندا بەتەواوی تەنهام، نە کەسێک هەبوو بمسەلمێنێت و نە خولیای ناسین و حاڵی منی هەبێت و بزانێت چۆن دەژیم. پێموایە وەسفی ئەم هەستە بەهێزەی تەنهایی و دەربڕینی بە وشە زۆر گرانە و ئەو وشانەی بەکاریان دێنم ئەو هەستە تەنهاییە بێبنە لە بێکەسی ناپێکێت کە ساڵانێکی زۆر ژیانی لێ تاڵ کردبووم. ئەم هەستی تەنهاییە ببوو بە ئاوازی بنەمایی لە ناخمدا و هەموو وزە و شادیەکی لێ بەتاڵ دەکردمەوە. ئەم بەتاڵکردنەوەی وزەش ببوە هۆی بێئۆقرەییم بێئەوەی خۆم ئاگام لێ بێت. سەرقاڵیم بە ئیشێکەوە بۆ من زۆر گرینگ بوو، پێچەوانەکەی دەبووە هۆی سەرهەڵدانی هەستی تەنهایی، ئەو هەستەی نەمدەویست هیچ دەربارەی بزانم و بێئاگا خۆم لێی دەدزیەوە.

ژیانی هاوسەرگیریم لە تەمەنی 22 ساڵیدا پێکهێنا کە زۆر زوو بوو لە چاو جڤاکم. خۆشبەختانە مێردەکەم هەمیشە خۆشەویستی بێمەرجی دەدامێ و بەڕوونی پێدەگوتم کە شانازیم پێوە دەکات، نەک لەبەر کارامەییم یان ڕاپەڕاندنی ئەرک، بەڵام لەبەر کەسایەتیم وەک مرۆڤ. هاوکات من هەمیشە هەڤاڵم هەبوون، ئەم هەستی تەنهاییە لەبەر بێهەڤاڵی و وەرگرتنی خۆشەویستی بێمەرج لە تەمەنی سەرپەرەشتیدا نەبوو. نەخێر، هەستی خۆ بەتەنها زانین، یان هەستی بێبەهایی لەوێوە سەری هەڵنەدەدا کە کەس نەبێت ئێستە من بپەژرێنێت، ئەم هەستانە لە تەمەنێکی زووتردا چەکەرەی کرد و چەسپا بوو، دەیان ساڵی ژیانم بەکار هێنا هەتا توانیم ئەم بارە لەکۆڵ خۆم دابگرم.

خوێنەر دەکرێت پرسیار بکات: «تۆ کە ئەم هەموو خەڵکەت لە دەور بوو، بۆ بڕیارت نەدەدا کە هەستی تەنهایی لە خۆت دوور بخەیتەوە؟» پێت دەڵێم گەر بەم هاسانیە بوایە بە شادییەوە دوورم دەخستەوە، بەڵام لۆژیک دەروەستی دوورخستنەوەی نەدەهات. بەپێچەوانەوە من پێویست بوو چەندین جار ڕووبەڕووی توێکڵە جۆراوجۆرەکانی ئەم هەستە بریندارانە ببمەوە هەتا وردەوردە توانیم لەکۆڵی بکەمەوە. بەڵام بۆچی من ئەم هەستە بەهێزەی «کەس منی خۆش ناوێت»، «کەس من ناپەژرێنێت»، هەستی تەنهایی، یان «هەستی بێبەهایی»ـەم لە ناخدا چەسپی بوو؟

کاتێک منداڵێک خۆی بە بەهادار دەزانێت، لەبەر ئەوەیە سەرپەرەشت یان باوانی بەهای بۆ دادەنێت. ئەوکات منداڵ هەست بە بەهایی خۆی دەکات و فێر دەبێت خۆی ببینێت. منداڵێک هەست بە بوونی خۆی بکات، یان فێر بێت هەستەکانی خۆی بە هەند وەربگرێت (لەبەر ئەوەیە باوانی وا دەکات)، ئەم منداڵە بەگەورەیی هەست بەتەنهایی ناکات.

بۆ ئەوەی منداڵ هەست بە خۆبەهایی بکات پێویستی بە سەرپەرەشتێکە گرینگی پێبدات و بیپەژرێنێت. کەوابوو سەرپەرەشتێک بۆی گرینگ بێت منداڵ بناسێت، دەبێت هەموو ڕەفتاریکی منداڵ بەهەند وەربگرێت.

کاتێک ئەزموونی منداڵی خۆم بەسەر دەکەمەوە، لەلایەنی مادییەوە هیچ کەموکوڕیەکم نەبوو. بەڵام بواری ناخەکی باوانم باش نەبوو، ئەوان برینی منداڵی خۆیان سارێژ نەکردبوو و هەستەکانی خۆیان نەدەپەژراند، هەر بۆیەش توانای سەلماندنی منیان نەبوو. مرۆڤێک توانای خۆدەرکی نەبێت، ناتوانێت کەسانی دیکە دەرک بکات. یان بە جۆرێکی دیکە: ڕێژەی پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی دیکە، پەیوەستە بە ڕێژەی پەیوەندیت لەگەڵ خۆتدا.

باوانی من لە ژیانی خۆیاندا زۆر لایەنی ژیانیان بە هەند وەرنەدەگرت. ئەمە وای دەکرد ئەوان ئەو هەستانە بشارنەوە کە نەیاندەویست شتێک دەربارەی بزانن. بەشێوەیەکی دیکە بڵێم ئەوان بە ڕێژەیەکی کەم پەیوەندیان لەگەڵ خۆیان هەبوو، لەبەر ئەوە هەستەکانی خۆیان نەدەپژراند. ئەنجامەکەی دەبووە خێزانێک، باوان توانای خۆدیدی نەبوو، هەر بۆیەش نەیدەتوانی منداڵ بەهەند وەربگرێت یان بیپەژرێنێت.

بەداخەوە، پێموایە زۆربەی باوان ئاگاداری ئەوە نین منداڵ دەبێت هەستەکانی بەهەند وەربگیردرێت و بسەلمێندرێت. زۆربەی باوان برینی سارێژنەکراوی هەیە (وەک چۆن من بۆ خۆم هەمبوو)، ئەمەش دەبێتە هۆی نەدیتنی پێویستی ناخەکی منداڵ، بە هەمان ڕێژە پێچەوانە دەبوو گەر ئەوان توانای پەژراندنی خۆیان هەبوایە.

من بڕیارم دا داوای لێبوردن بکەم لە هەر سێ کچەکەم، لەبەر زۆر قسە و ڕەفتار و کردار بەرانبەریان، کاتێک ئەوان منداڵ بوون. نەک لەبەر ئەوە من خۆشیانم نەدەویست، بەڵکوو لەبەر نەزانینی باشتر و لەبەر نەبوونی پەیوەندیەکی باشتر لەگەڵ خۆمدا و خۆ نەناسینم.

مرۆڤ بەگشتی پێویستیەکی بنەڕەتی هەیە بە هەستی خۆبەهایی. بە بوونی هەستی خۆبەهایی و ژیان لە جیهاندا، یان، وەک من کە پێچەوانەکەی بووم، بڕیاردەر دەبێت لە چۆنەتی خۆدید و چۆنەتی ڕەفتار لەگەڵ کەسانی دیکەدا. «کاتێک من هەستم بە نەبوونی خۆبەهایی دەکرد»، «کە من شایانی خۆشویستن نیم». ئەم بیرە وای لێدەکردم نەتوانم ستایش یان نەوازشێکی دۆستانە لە کەسێکی دیکەوە بسەلمێنم، یان باوەڕ بە بەرانبەر بکەم. سیستەمی وەرگرتنی من لەم بوارەدا وەک تفلون[17] وا بوو. بە هیچ شێوەیەک بڕوام بە قسەی وا نەبوو!

ئەم بیرە هۆکاری بە ئاستەمکردنی خۆشویستنی من بوو لە لایەن مێردەکەمەوە. من هەمیشە پێویستم بە دەربڕینی خۆشەویستی ئەو بوو، بەڵام بە تەواویش بڕوام پێی نەبوو!

هەستکردن بە نەبوونی خۆبەها ئاکامی فرەلایەنی دەبێت بۆ کەسی گرفتار. لایەنێکی تەماوی ئەم گیرۆدەییە بۆ دەوروبەر، پێویستی کەسی گرفتارە بە هەستی خۆبەها، هەر بۆیە بێئاگا بەردەوام بەدوای ستایش، خۆشەویستی و پەژراندنە، بێئەوەی توانای سوود وەرگرتنی لێی هەبێت. کاتێک کەسی گرفتار توانای پێدانی خۆشەویستی بەخۆی نەبوو و نەیتوانی خۆشەویستیش لە کەسی دیکەوە وەربگرێت، چەمکی خۆشەویستی لە لا بەتاڵ دەبێتەوە و ئەو خۆشەویستیەی دەیدات بە کەسانی دیکە مەرجبەند دەبێت. بێگومان هەستی خۆبەها و تەنهایی لە تاکدا وابەستەیە بە ڕێژەی بەهێزی و لاوازی ئەم هەستانەوە هەروەها پەیوەندە بە توانای خۆدید یان پێدانەوەی خۆشەویستی بە بەرانبەر.

[17] تفلون : Teflon تیفلۆن ماددەیەکە کە هیچ شتێک بەخۆوە ناگرێت، لە دروستکردنی مەنجەڵدا بەکار دێت.

باوانم ئەوەی لەدەستیان هات بۆ من کردیان، بەڵام توانای پێدانی پێویستییە هەرە بنەڕەتیەکەی من – هەستی ئاسایشی دەروونی و متمانەدان بە من نەبوون کە من هەست بە خۆبەها بکەم و جوانیەکانی خۆم ببینم.

من لە باوانی خۆم بوردووم و ئەوان بە مرۆڤی باش دەزانم، من ئەوانم خۆش دەوێت و دەزانم ئەوانیش منیان خۆش دەوێت، هەرچەند من لە منداڵیدا ئەو هەستەم نەبوو. پێموایە قەت درەنگ نابێت بۆ بەدەستهێنانی دەورانی منداڵیەکی باش، ئێستا کە من برینی خەمی منداڵیم سارێژ کردووە و باوانی خۆم ئازاد کردووە توانای بینینی هەموو چاکەیەکیانم هەیە.

لێبوردنی باوانم بۆم زۆر گرینگ بوو، هەم بۆ ئازادکردنی ئەز[18]ی خۆم و هەم بۆ پاکژکردنەوەی هەستی خەمی دەورانی منداڵیم، هەتا بتوانم بە شێوەیەکی هاوسۆز و ڕاستگۆیی بەرفرەوان لەگەڵ منداڵ و باوان ڕووبەڕوو ببمەوە.

**منداڵ بە دلۆڤانی و کارامەیی جڤاکیەوە لەدایک دەبن**

ساڵانێک پێش ئێستا لە دەزگەی ئامۆژگار[19]ی پێداگۆگی و دەروونناسی ( Pedagogisk & psykologisk rådgivningstjenste) لە نۆرویژ کارم دەکرد، (لەو کاتەوە تا ئێستا زۆر شت لەم بوارەدا گۆڕدراوە). ئەرکی ئەوکاتەی من لەم دەزگەیە سەردانی زارۆخانە، پێدانی ئامۆژگاری و «چاککردنەوەی» منداڵی گرفتدار و ڕەفتارئاڵۆز بوو. دەکرێت بڵێم ئەو منداڵانەی بەپێی ئارەزوو و داخوازی سەرپەرەشت ڕەفتاریان نەدەکرد.

ڕۆژێکیان لە شوێنی کارەکەم کتێبێکیان دامێ کە کاریگەری زۆر لەسەر دانام. ناوی کتێبەکە «منداڵە کارامەکەت» *Your Competent Child* لەلایەن دەروونسارێژ یەسپێر یوول Jesper Juul نووسراوە.

یەسپێر یوول لە کتێبەکەدا ئاماژە بە لەدایکبوونی منداڵ بە کارامەیی جڤاکییەوە دەکات و دەنووسێت، گەر منداڵ ڕەفتاری لەگەڵ جڤاکدا نەگونجێت، لەبەر ئەوەیە ئەو بەهەند نەگیراوە. منداڵ ویستی هاوکاریان هەیە لەگەڵ باوانی خۆیان. کاتێک ئەوان هاوکار نین، لەبەر هۆی پشتگوێخستنی پێویستی و سنووری منداڵەکەیە لەلایەن باوانەوە. یەسپێر دەڵێت بەرپرسایەتیی هەڤبەندیی نێوان منداڵ و سەرپەرەشت لە ئەستۆی سەرپەرەشتدایە.

ئەم بۆچوونە هەموو لۆژیکی فێرکاری و پەروەردەیی هەتا ئەوکات من فێری ببووم سەروبن کرد. هەتا ئەو ڕۆژەی ئەم کتێبەم خوێندەوە دڵنیا بووم کە منداڵ پێویستی بە فێربوونی توانای جڤاکیە و منداڵی ڕەفتار ئاڵۆز دەبێت فێری ڕەچاوکردن و ڕێز گرتن لە منداڵ و گەورە ببێت.

لەو کاتەوە من زۆر سەرقاڵی فێربوونی ئەم بابەتە بووم، هەر بۆیە وازم لە کاری ڕاوێژکاری هێنا و دەستمکرد بە خوێندن لە ئەنستیتوی کامپل لە وەڵاتی دانمارک، یەسپێر ماوەی 25 ساڵ بەڕێوەبەری ئەم شوێنە بوو.

پاش چەند ساڵ خوێندن لە بواری دەروونسارێژی و تەواوکردنی لە وەڵاتی دانمارک کۆمەڵێک زانستی نوێ فێربووم و لە بواری کاردا ئەزموونم کرد. ئەزموونی دەروونسارێژیم و سازدانی زۆر سەمینار دەربارەی ئەم بابەتە

---

[18] ئەز: Ego خود، لایەنی ژیریی، بیریی یان عەقڵانی تاک، ئەو لایەنەی مرۆڤ دەرک بە خۆی دەکات، خۆی دەبینێت و هەڵدەسەنگێنیت.

[19] ئامۆژگار: ئەرکی ئامۆژگاریکردنی خەڵکە.

(یارمەتیدانی بەشداربووان بۆ سارێژکردنی برینی کۆن و سارێژ نەکراو) لەگەڵ دۆرای کچم، بەتەواوی پێی سەلماندم چەندە منداڵ بەرشکان[20] ـە و برینی دەورانی منداڵی سارێژنەکراو، چەندە کاریگەریی مەزنی دەبێت لەسەر جۆرایەتی هەڤبەندی لە ژیانی سەرپەرەشتیدا. هەر بۆیە بیری هەڤبەندی دەبێتە پەیامی سەرەکی لەم پەرتووکەدا.

ئێستە بڕوام وایە هەموو منداڵێک بە دلۆڤانی لە دایک دەبێت. منداڵێکی ساخلەم پاش زانێکی سروشتی دوای 25 خولەک لە زانی دەست دەکات بە پەیوەندی گرتن لە ڕێگەی لاساییکردنەوە و کۆپیکردنی سەرپەرەشت و هەر بەردەوامیش دەبن.

بۆ نموونە، گەر منداڵێک لەبەر بەرکەوتنی شوێنێکی لەکاتی جوڵان دەست بەگریان دەکات، کاردانەوەیەکی سروشتییە لە هەستکردن بە ئازار. گەر سەرپەرەشت لەگەڵ منداڵەکەدا بێت، بچێتە ئاستی منداڵ، هەستی هاوسۆزی پێشان بدات و بڵێت: «ئۆی، ئەوە ئازاری هەبوو»، وا دەکات منداڵ هەست بە خۆدید و ڕێزلێگرتن بکات. منداڵەکە لە سەرپەرەشتەوە فێرێ ئەم جۆرە کاردانەوە دەبێت کاتێک کەسێک ئازاری پێدەگات و دەگری. گەر سەرپەرەشت بە پێچەوانەوە بڵێت: «وس بە، بێدەنگ بە، ئەوەندەش ئازاری نییە، دەی!» یان «دەی باشە، هیچ نییە چاک دەبێتەوە! خۆ تۆ لەبەر ئەمە نامریت»، منداڵەکە ئەمەیان فێر دەبێت، هەم کاتێک ڕووبەرووی خۆی دەبێتەوە و هەم هی کەسانی دیکە، دەکاتەوە شێوازێکی بێهاوسۆزی و بێسەلماندن. دژوەستان کاتێک دەردەکەوێت، منداڵ ڕێک لاسایی سەرپەرەشت دەکاتەوە، ئەوکات هەر هەمان کەس دەڵێت «ئەم منداڵە هەستی هاوسۆزی زۆر کەمە».

ئێستا دەتوانین بڵێین بژارەی یەکەم پێشاندەری ڕێبازێکە دەریدەخات ئێمەی مرۆڤ بێکەموکوڕی نین و هەموو کەسێک دەکرێت لە ئاڕاستەی بژارەی دووهەمدا بریندار بکرێت. سەرشاری باسەکە هەڵبژاردنی ئەم یان ئەو شێوازە ڕەفتارە نییە لەگەڵ منداڵ دەکرێت، بەڵکوو سزادانی منداڵە لەبەر کۆپیکردن یان فێربوونی ڕەفتاری ئەو گەورانەیە لە ژینگەیاندان. من ئەمەیان زۆر بەناڕەوا دەزانم.

قەیرانی مەزن بۆ منداڵ، هەبوونی باوانێکە کە بەردەوام بە شێوازی نەسەلمێنەر لەگەڵی بدوێن: «وس بە، بێدەنگ بە. ئەمەندەش ئازاری نییە!» یان: «دەی باشە، هیچ نییە، چاک دەبێتەوە، خۆ تۆ نامریت». ئەو کات منداڵ بەردەوام هەست بە شکاندن و نەبوونی خۆبەها دەکات. ئەم شێوازە برینی قووڵ لە دەروونی منداڵ دەڕوێنێت. منداڵ لێرەدا فێر دەبێت کە «هەستەکانی ئەو گرینگ نین».

ئەم منداڵە هەستبرینداره دوو دەرفەتی لەپێشدایە بۆ پاراستنی خۆی. یان تووڕە و توندوتیژ دەردەچێت و بەرەنگار دەبێتەوە. یان بێدەنگی هەڵ دەبژێریت و لە دەروونی خۆی ڕۆدەچێت. ئەو تێدەگات هیچ یارمەتی یان خۆشەویستیەکی دەست ناکەوێت. لێرەدا منداڵ فێرکراوە: «هەر بمشکێننەوە، من ڕاهاتووم بە شکاندنەوە». هەردوو لایەن سەختانگە[21] بۆ منداڵەکە. ئەو وردەوردە خۆبەها یان ئەزی ڕاستەقینەی لەدەست دەدات و ژیان بۆی بێواتا دەبێت.

[20] بەرشکان: شتێک بێتە شکاندن. پێشگری «بەر» بەواتای «قابل لـ»ی عارەبی دێت، کتێبی «زاراوەسازی پێوانە»ی ماموستا مەسعوود محەمەد.

[21] سەختانگ: قەیران، پێچەوانەی «گەشەند، تەژەند»، بڕوانە زاراوەسازی پێوانە.

من ئیستا تێدەگەم بۆچی ئەم ڕوانگەیەی هەڤبەندی لەگەڵ منداڵ هێندە کاریگەری لە سەر من هەبوو. وەک پێشتریش باسم کرد نە پەژرێندرام و نە بە شێوازێکی باش ڕەفتارم لەگەڵ کرا. هەر بۆیە بژارەی بێدەنگیم هەڵبژارد و لە دەروونی خۆم ڕۆچووم، ئەوکات هیچ کەسێک نەبوو لە حاڵم بپرسێت.

بۆیە دەڵێم منداڵ «توانای جڤاکی هەیە» ئەوان دلۆڤانن کاتێک دێنە ئەم جیهانەوە. زۆربەی باوان پێویستە بەخۆدا بچنەوە و ڕەفتار و کرداریان لەگەڵ منداڵ هاوسەنگ بکەن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی باوانێک کە نموونە و سەرچاوەیەکی باش نەبوون بۆ ئێمە. وەرن با ئەم لێشاوی نایەتییە بوەستێنین!



## پاشخان

لە ماوەی ئەم 30 تا 40 ساڵی ڕابردووە گۆڕانێکی زۆر بە سەر جڤاکی ئێمەدا هاتووە. بۆ منی تەمەن 60 ساڵە واتاکەی دەبێتە ئەو جڤاکەی باوانم منیان بۆی پەروەردە کرد ئێستا بوونی نییە و نەماوە. بۆ تیشک خستنە سەر ئەم لایەنە دەستەواژەی جڤاکی هەرەمی[22] و جڤاکی تۆڕبەند بەکار دێنم.

### جڤاکی هەرەمی

مەبەست لە جڤاکی هەرەمی جڤاکی پیشەسازییە، لە جڤاکی هەرمی تاک پێویستە جێگەی خۆی لە جڤاکێکی نەگۆڕدا دەستنیشان بکات.

لەبیرمە کاتێک منداڵ بووم باوانم ئەم چاوەڕوانیانەیان لەمن هەبوو:

- بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی هەرە باش،
- پەیداکردنی کار،
- هاوسەرگیری،
- دروستکردنی منداڵ،
- کاتێک بوومە خاوەن منداڵ وەک ژن دوو بژارەم لە بەردەستدا بوو، یەکەم لە ماڵەوە بمێنمەوە خەریکی پەروەردەی منداڵەکانم بم، دووهەم بچمە ناو بازاڕی کارەوە.

لە جڤاکی هەرەمیدا چاوەڕوان دەکرا کرێکار وەفادار بێت. بۆ نموونە «پینەچیەتی، لەگەڵ تەواوی تەمەندا دەبوو». گۆڕینی پیشە لە ماوەی ژیانی کاریدا نە ئارەزووی کەس بوو نە ئایەتی[23] دەبینرا. وەرگرتنی پیشە وەک نەریت لە نەوەی کۆنەوە بۆ نەوەی نوێ زۆر باو بوو، کوڕی قەساب دەبوو بە قەساب، کوڕی ماسیگر دەبوو بە ماسیگر.

ئەم شێوازە سەقامگیر و نەگۆڕە نیشانەی جڤاکی هەرەمییە ڕەنگدانەوەی لە ژیانی کەسەکیشدا هەبوو. بە شێوازێکی دیکە بڵێم: گەر خێزاندار بویت، ئیدی خێزانداریت. جارێکیان گوێم لە دیمانەیەک بوو لە نێوان ژنێکی بەتەمەن و کچە هەواڵنێرێکی گەنج، ژنە بەتەمەنەکە باسی 63 ساڵ ژیانی هاوژینی خۆی و مێردەکەی کرد، لەپڕ هەواڵنێرەکە بەم پرسیارە قسەکەی پێبڕی: «قەت بیرت لە جیابوونەوە کردوە لە ماوەی ئەم شێست ساڵەدا؟». ژنی تەمەندار هێندێک ڕاما پێش ئەوەی وەڵامی بداتەوە: «ئەوکات وابوو، کاتێک ژیانی هاوسەرگیریمان پێکهێنا، دەرگەی دەربازبوونمان بەست».

دەکرێت بڵێین پشتگیری و سەقامگیریی نیشانەی سەرەکی ئەو دەورانە بوو.

---

[22] هەرەمی: سێگۆشەی هەرەم، لەسەرەوە بۆ خوارەوە.

[23] ئایەتی: ئەرێنی، positive

خێزانی ئێمە بە داهاتی باوکم دەژیاین هەر بۆیە ئەو سەرۆکی هەرەمی خێزانی ئێمە بوو. لەبیرمە دایکم بە ئێمەی هەر چوار منداڵی خێزانەکەی دەگوت: «با باوکتان بێتەوە، پێدەڵێم قسەتان لەگەڵ بکات، من ئەم شێوازە ڕەفتارەم ناوێت». جێگەی باوک لە خێزانی ئەوکاتدا بە ڕوونی دەستنیشان کرابوو. بۆ نموونە پاڵ بە لانکەی منداڵەوە نان و دایبی گۆڕین ئیشی پیاوی ئاسایی نەبوو. یان وەک کچێکی 7 ساڵان گوتی: «لە ڕابردوودا باوک هیچ کاری بەسەر منداڵەوە نەبوو. ئەو نە دەیزانی منداڵ لە کوێن نە لە کوێوە هاتوون». لەبیرمە زۆرجار سەرپەرەشت بیانویستایە ئێمە لە قسانیان تێنەگەین، لە نێوان خۆیاندا بە زمانی ئینگلیزی دەدوان. جارێکیان من ئەم باسەم لە کۆبۆنەوەی باواندا وەک نموونەی کەمرەچاوگرتنی منداڵ لە لایەن باوانەوە خستە بەرباس. دایکی منداڵێک بە شێوازێکی خۆرەخنە[24] و گاڵتەئامێز[25] بەسەرهاتێکی خۆی باس کرد: «من و مێردەکەم لەگەڵ منداڵەکان ڕێککەوتین دەربارەی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی کە هەرکات بەم زمانە قسەمان کرد باسی کڕین و دابەشینی دیارەکانی سەری ساڵ دەکەین. بۆیە وا دەبوو لە مانگی دیسەمبەر کۆتای ساڵ زۆر بە زمانی ئینگلیزی دەدواین. ڕۆژێک لە کۆتایی مانگی بەهاردا لە نێو ئۆتۆمبیل من و هاوسەرەکەم لە پێش و کوڕە پێنج ساڵانەکەم لەگەڵ هەڤاڵێکی لە پاش ئێمەوە دانیشتبوون، ئێمە بەزمانی ئینگلیزی باسی بابەتێکمان دەکرد لەبەر ئەوە منداڵەکان تێنەگەن. گوێم لێبوو هەڤاڵی کوڕەکەمان پرسی، بۆ باوانت بەم جۆرە دەدوێن؟: کوڕەکەم لە وەڵامدا گوتی، وا دیارە کاتیان لێ تێکچووە، وا دەزانن سەریساڵە! نازانن هاوین بەڕێوەیە».

مەبەستی من ئەوەیە باوان دەتوانن باسی تایبەتی خۆیان هەڵگرن بۆ کاتێک منداڵ لە دەوروبەریان نین.

**جڤاکی تۆڕبەند**

مەبەستم لە جڤاکی تۆڕبەند، جڤاکی ئەمرۆیە. تاک لە جڤاکی تۆڕبەنددا ڕووبەڕووی گۆڕانی خێرا دەبێتەوە، لێرە سەقامگیر وەکوو وەستاو یان چەقبەستوو حسابی بۆ دەکرێت. تاکێک جڤاکی بێت، خۆمتمانەی هەبێت و بەرهەڤی[26] بێت لە جڤاکی تۆڕبەنددا ڕێزلێگیراوە.

لە جڤاکی هەرەمیدا ساختاری دەسەڵاتی وەڵات و بواری جڤاکی کەسەکی ڕەقە. تاک پابەندی نەریتی گشتیە، «ئیدی وایە!». جڤاکی ئێستا لە یەکرەوت و یەکشێوازەوە گەشەی کردووە بۆ بەهای فرەجۆری فرەڕەوت و فرەهەڵوەست. ئەمرۆ دەرفەتی تاک پترە بۆ بونیادنانی ژیانی کەسەکی و دارشتنی ساختاری خێزان بەو شێوەیە تاک ئارەزووی لێیە. نموونەیەکی زۆر باش باوانی کچە چکۆلەی هەڤاڵێکمە. باوکی ئەم کچە خەڵکی بریتانیایە و لە وەڵاتی خۆی دەژیت و دایکی خەڵکی ئیتالیایە و لە ئیتالیا دەژیت. باوانی ئەم کچە ماوەی 23 ساڵە هاوسەرن و هەر یەکەشیان هەمیشە لە وەڵاتی خۆی ژیاوە.

دەکرێت بەدڵنیاییەوە بڵێم، ئێستا تاک بۆ خۆی بڕیاردەرە لە پێناسەی پێکهاتە و چێوەی ڕێکخستنی ژیانی کەسەکی خۆی.

---

[24] خۆرەخنە: ڕەخنە لەخۆ گرتن.

[25] گاڵتەئامێز: بە گاڵتەوە باسی بابەتێککردن.

[26] بەرهەڤی: نەرمەکار، flexible

له جڤاکی تۆڕبەندا فێربوون بە درێژایی تەمەنە و زۆر کەس سەرەڕای پیشەداری سنووری بابەتەکان تێدەپەڕێنن و لە بابەتی نوێ خۆیان تەیار دەکەن. لە فێرگە مەیلی خوێندن لەسەر بابەت و پرۆژەی جۆراوجۆر لە سنووری بازنەی پۆل و بازنەی تەمەن تێپەڕ دەبێت. لە زارۆخانەش بەهەمان شێوە منداڵ لە بەشی جیاواز ناوناوە پێکەوەن و لەگەڵ بابەت و پرۆژەی جۆراوجۆر هاوکارن.

سەرەنج گرتن لەم لایەنە گرینگە، منداڵ لە هەر تۆڕێکدا دنە بدرێت و چالاک بێت، ئەو تۆڕە لەلایەن سەرپەرەشتەوە پێناسە و دەستنیشان کراوە.

کاتێک منداڵ بەردەوام لە تۆڕی جۆراوجۆردا ڕووبەڕووی منداڵی دیکە دەبێتەوە، ڕۆژانە بەرۆکگیری خۆڕێکخستن دەبێتەوە لەگەڵ چەندین منداڵ و سەرپەرەشتیار. ئەم شێوازە جیاوازی زۆرە لەگەڵ دەورانی منداڵی مندا.
ئەوکات من پێش دەستپێکی فێرگە بەشێوەیەکی گشتی تەنها دایکم و تا ڕادەیەکیش باوکم لەگەڵم بوون خۆم لەگەڵیان ڕێکبخەم. لەو ماوەیەی لە فێرگە بووم بەگشتی تەنها یەک مامۆستام بوو کە وانەبێژی هەموو پلەکانی فێرگەی بنەڕەتی لەئەستۆ بوو.

منداڵی ئەمڕۆ لە تۆڕی جۆراوجۆر لە زارۆخانە، فێرگە و سەنتەری چالاکی پاش فێرگە بەشدارە. زۆر لایەنی دیکەش هەن وەک تۆڕی کەسەکی، بۆ نموونە تۆڕی من، تۆ و منداڵەکانمان.

چوونی منداڵ بۆ سەنتەری چالاکی دوای زارۆخانەش شتێکی باوە. جارێکیان باوکێک پێی وتم: «من ناتوانم بێ سڵاوی هەواڵپرسی بەلای ئەم هەموو شۆفێر تاکسیەدا تێپەرم کە هەموو دواینیوەڕۆیەک من و منداڵەکانم لەم سەنتەری چالاکیە و بۆ یەکێکی دیکە دەگوێزنەوە. هەست دەکەم ئەم نێزیکیە وەک هاوکاری لێکردوین!».

منداڵی ئەمڕۆ ڕۆژانە لەگەڵ هەژمارێکی زۆر سەرپەرەشتدا ڕەفتار دەکات، ئەم هۆکارە پێویستیەک دەڕەخسێنێت بۆ پتر پەیڤڕوونی ئێمەی سەرپەرەشت، بۆ نموونە کێین و لە بواری هەستەکی، بەپێ کات، لە چ دۆخێکداین.
بۆیە پێکەوەبوونی نێوان گەورەیەک و منداڵێک یەکسان دەرناچێت. واتاکەی دەبێتە ژێردەستەیی منداڵ بۆ ئێمەی سەرپەرەشت، سەرپەرەشت هەم دەتوانێت داخوازی خۆی پێشان بدات، هەم سنووری خۆی دەستنیشان بکات، بەڵام منداڵ تەنها دەتوانێت سنووری خۆی دەستنیشان بکات. نموونە، کاتێک منداڵ داوایەکی هەیە و گوێ لێناگیرێت دەست دەکات بە گریان و ڕاکشان لە سەر زەوی. منداڵ توانای پێشاندانی ناڕازیبوونی خۆی نییە، نموونە بڵێ بە سەرپەرەشت: «مادام تۆ ئەمەندە بەدرەفتاری لەگەڵ من، بۆت نییە قاوەکەت بخۆیتەوە، هەر ئێستا بیرێژە!».

یان بیهێنە بەرچاوی خۆت، تۆ ئەمشەو بەتەمای دیدارێکی گرینگیت و بەم بۆنەیەوە زۆر شادیت. پێش ڕۆشتن، شێو لەگەڵ خێزانەکەت دەخۆیت، بەڵام لەبەر هۆیەکی نادیار هێندێک زیزیت، ئەمەش وەهات لێ دەکات ناوناوە لە منداڵەکەت تورە بیت و قسەی پێبڵێیت. منداڵەکەت وەک تۆ ناتوانێت پاش ڕەفتاری وا هەستشکێن بڵێ: «نەخێر، ئیدی بەسە، ئەو دیدارەی بەتەمایت لەبیر خۆتی بەرەوە، هەر ئێستە دەڕۆیت و دەنوویت!».

کاتێک منداڵ هەست دەکات سەرپەرەشت گوێ بە مەیل و ئارەزووی ئەو نادات یان سنوورەکانی دەبەزێنێت، بە کاردانەوەیەک نیگەرانی خۆی دەردەخات، وەک دەست بە گریانکردن. بەرۆکگیریی بۆ سەرپەرەشت دەبێتە ڕێزگرتن لە هەستەکانی منداڵ، نەک هێرشکردنە سەر بەرتەک و خۆدەرخستنی منداڵەکە.



## شێوازی جۆراوجۆری ڕەفتار لەگەڵ منداڵ

سێ شێوازی ڕەفتار لەگەڵ منداڵ هەیە کە من بە نەشیاوی دەزانم. یەکەم هەژموونی، دووهەم کۆڵدەر[27] و سێیەم بێپەروا.[28]

بەپێی ئەزموونی خۆم ئەم سێ شێوازە هیچیان شیاو نین بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت یارمەتی منداڵ بدەن بۆ گەشە سەندن لەم جڤاکەی ئێمە تێیدا دەژین - جڤاکی تۆڕبەندی پەرەستێن.

لە جڤاکی هەرەمی ئامانجی سەرەکی زۆرینەی باوان پەروەردەکردنی منداڵی گوێڕایەڵ بوو، هەر بۆیە پەروەردەی هەژموونی دیارترین شێوازی باو بوو. بەڵام باوان قەت ناتوانێت تەنها یەکێک لەم شێوازانە بەکار بێنێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە باوانی هەژموونی هەمیشە ڕەفتاری هەژموونی نییە و جاروباریش کۆڵدەر یان پێچەوانەیەتی.

### پەروەردەی هەژموونی

لە جڤاکی هەرەمیدا ڕەفتاری باوان لەگەڵ منداڵ هەژموونی بوو، ئەمڕۆش زۆرێک لە باوان هەر بەم شێوە لەگەڵ منداڵ ڕەفتار دەکەن. ئەم شێوازە منداڵ پەلکێشی بڕیار و داواکاری باوان دەکات، هاوکات ئەوان چاوەنۆڕن منداڵ گەشە بکات و گوێڕایەڵیش بێت.

دەکرێت بڵێین چاوەڕوانی سەرپەرەشت لە منداڵ زۆر ڕوونە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرپرسایەتیی سەرپەرەشت بە شێوەیەکی زۆر هەرەمییە. بۆیە زۆربەی منداڵانی خاوەن باوانی هەژموونی دوودڵن لەوەی باوانیان خۆشیان دەوێن. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیامەی منداڵ لە باوان وەریدەگرێت: «گەر تۆ بەم شێوەیە بیت و بەم جۆرە ئەرکەکانت ئەنجام بدەیت دایە و بابە زۆر تۆیان خۆش دەوێت، بەڵام گەر تۆ بەپێ ئارەزوو و داخوازی ئێمە ڕەفتار نەکەیت، دڵمان پێت خۆش نابێت».

بەشێوازێکی دیکە: منداڵ هەست دەکات ئەو خۆشەویستیەی لە باوانی وەریدەگرێت مەرجبەندە - ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین «خۆشەویستی مەرجبەند». واتا پەیامی خۆشەویستی باوان بۆ منداڵ تەنها کاتێکە کە منداڵ بە تەواوی ڕەفتار و کرداری بەپێ چاوەڕوانی و ئارەزووی باوانی بێت.

باوانێک پەروەردەی هەژموونی و خۆشەویستی مەرجبەند بۆ منداڵەکەی بکاتە بنەما، تەنها پێشەمی بە پێویستی و ئارەزووەکانی خۆی دەدات. ئەمە دەبێتە هۆی سەرقاڵبوونی منداڵ بەدوای وەرگرتنی خۆشەویستی لە باوان، خۆبەختکردن، لەدەستدانی خۆدید، خۆبەها و سێرەگیریی بەروونفەرمان[29]ە.

---

[27] کۆڵدەر: باوانێک زوو کۆڵ بدات بەرانبەر داخوازی منداڵ، ترسی ئەوەی هەیە منداڵ گەشە نەکات! ئەنجامەکەی دەبێتە منداڵێکی سەرەڕۆ و دوور لە هەستی هاوسۆزی.

[28] بێپەروا: بۆی گرینگ نییە منداڵ گەشە دەکات یان نە، هەستی دەشکێت یان نە.

[29] بەروونفەرمان: Outer- control مرۆڤی ڕواڵەتی، فەرمان لە دەرەوە وەردەگرێت، مرۆڤی ڕوو لەدەر، تەنها سەرەنجی گیرە لە لایەنی ڕواڵەتی، ئاڕاستەی گیرە لە ڕووکار و ڕواڵەت، ڕواڵەت بڕیاری بۆ دەدات، ڕواڵەتپەرەست.

مەبەست لە مرۆڤی بەروونفەرمان تاکێکە دیالۆگی دەروونی ڕەنگدانەوەی هەستکردنی ناخی ڕەنگرێژ بێت بە، هەموو کەس لەمن گرینگترە! بۆ نموونە منداڵی بەروونفەرمان بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە: «من دەبێت گوێڕایەڵی باوکم، دایکم و کەسانی دیکە بم، هەتا ئەوان منیان خۆش بوێت! سەرپەرەشت تەنها کاتێک منیان خۆشدەوێت گوێڕایەڵیان بم و بەپێی چاوەڕوانی ئەوان ڕەفتار بکەم. ئێستا چاوەڕوانی ئەوان چییە؟» منداڵی بەروونفەرمان بەم شێوەیە پرسیار لە خۆی دەکات.

پێچەوانەی مرۆڤی بەروونفەرمان دەبێتە مرۆڤی دەروونفەرمان[30]. منداڵی دەروونفەرمان فێربووە خۆی بەهەند بگرێت (هۆکارەکەی باوانێکە ئەویان بەهەند وەرگرتووە)، سەرنجگیردانە لە پێویستی و سنووری خودی تاک. ئەوان پرسیار لە خۆیان دەکەن: «من چیم دەوێت؟».

کاتێک لە کامپلێر ئەنیستیتوی دانمارک سەرقاڵی خوێندنی دەروونساڕێژیی بووم، مامۆستایەکم هەبوو بە ناوی موگنس لوند ئەو وەسفێکی جوانی باوانی هەژموونی دەکرد. دەیگوت پەیامی باوانی هەژموونی بۆ منداڵەکانی: «من خۆمم و تۆش منی و گەر تۆ نەبیت بە من بەم زوانە دەتکەم بە خۆم. هەبوونی هەڤبەندی و پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤی وەک خۆم زۆر هاسانترە!».

**پوختەی پەروەردەی هەژموونی:**

- باوان سێرەیان گیر کردوە لە پێویستی و سنووری خۆیان و چاوەڕوانن منداڵیش گوێڕایەڵ بێت.
- سەرپەرەشت، بەرپرسایەتیی خۆیان بە شێوازی «هەرەمی، لە سەرەوە بۆ خوارێ» جێبەجێ دەکەن بێئەوەی سەنگ بۆ منداڵ دابنێن.
- سەرپەرەشت، بەزۆری فەرمان دەدەن و سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنن ئەویش لە ڕێی سزادانەوە.
- پێویستی و ئارەزووی سەرپەرەشت پێشەمی پێدەدرێت و پاداشتە بۆ خۆیان.

منداڵێک لە پەروەردەی هەژموونیی باوان یان خێزانێک بەخێو بێت، دەبێتە مرۆڤێکی بەروونفەرمان. ئەنجامە هەرە خەمبارەکەی دەبێتە لەدەستدانی خۆمتمانە، لاوازبوونی ئاسایشتی ناخەکی و نەمانی خۆباوەڕی.

[30] دەروونفەرمان: Inner-control مرۆڤێک فەرمان لە دەروونەوە وەردەگرێت، سەرنجی گیرە لە لایەنی دەروونی، دەرک و لۆژیکی خۆی بڕیاری بۆ دەدات.

**پەروەردەی کۆڵدەر**

هێندێک باوان هەن بۆخۆیان لە خێزانی پەروەردەی هەژموونی پێگەیشتوون، هەر بۆیە نەرمی بەرانبەر منداڵ دەنوێنن و هۆشیارن لە بەکارهێنانی ڕەفتاری هەژموونی بەسەریاندا. ئەنجامی ئەم نەرمی نواندنە لای هێندێک باوان وای لێهاتووە هەموو بەرپرسایەتی ڕادەستی منداڵەکانیان بکەن و خۆیان واز لە بەرپرسایەتی بهێنن، ببن بە کۆڵدەر. لێرەدا کێشەیەک سەرهەڵدەدات، منداڵ دەزانن ئارەزووی چی دەکەن و چییان پێخۆشە، بەڵام هەموو کات نازانن پێویستییان چییە. بۆ نموونە کاتێک باوان بەرپرسایەتیی خۆی بەجێدەهێنێت، شەوان پەرۆشی کاتی نوستنی منداڵەکەیەتی هەتا تێرخەو بێت. بەپێچەوانەوە منداڵ لە ئێستادا دەژیت و هۆکاری ماندوویەتی سبەینێی پەیوەست نادات بە درەنگنوستنی شەوی ڕابردووە.

گەر باوان بڵێت نەخێر بە منداڵ: «من دەبینم تۆ زۆر ماندووی، ئێستا چیرۆکێکت بۆ دەخوێنمەوە پێش ئەوەی بنوویت»، لێرەدا باوان بەرپرسایەتیی خۆی لە پێویستی منداڵ هەڵدەگرێت و هاوکات فێری دەکات خۆی بناسێت. منداڵ دەزانێت «گەر وای لێهات، ماندووە». منداڵەکە فێر دەبێت وشەیەکیش بۆ ئەم هەستە دەستنیشان بکات، (ماندوو).

ئەم شێوازە ڕەفتارەی کۆڵدەر لەگەڵ منداڵدا، «چیت دەوێت، چیت پێخۆشە؟» هەڵوێستی باوانێکە چالاکانە لە خزمەتی منداڵدان بۆ جێبەجێکردنی خواست و ئارەزوویان، ئەمە وایان لێ دەکات بە ڕێژەیەکی زۆر بێبەش بن لە دەرفەتی گەشەی سوودبەخشی جڤاکی و هاوسۆزی.

جڤاکی تۆڕبەند مرۆڤ پتر هۆشداری پرۆسەی ژیان دەکات هەتا جڤاکی ڕابردوو، لێرەدا تاک زۆر جار بەرۆکگیری کارکردن لەگەڵ کەسانی دیکە لە گروپێک یان تۆڕێک دەبێت. ئەمجا توانای جڤاکیی باش و هاوسۆزی زۆر ڕۆڵێکی زۆر گرینگ بۆ مرۆڤ دەبینێت. ئەو باوانەی شێوازی پەروەردەی کۆڵدەر بۆ منداڵەکەی هەڵدەبژێرێت، ورچەخزمەت[31] بە منداڵەکەی دەکات.

باوانی بێپەروا بە دووفاقی لەگەڵ منداڵ دانوستان دەکەن، بە زمان دەڵێن «بەڵێ» بە جەستە دەڵێن «نەخێر» یان پێچەوانەکەی. هۆکارەکەی ناڕاستگۆیی ئەوانە بەرانبەر بە مەیل و ئارەزوویان؛ ئەوان ڕاڕان، بە کردەوە شتێک هەڵدەبژێرن، بەڵام دەڵێن ئەو شتە ئەوە نییە ئەوان دەیانەوێت. کاتێک منداڵ بەردەوام هەست بەم دانوستانە دووفاقیە دەکات، متمانەی توانای جڤاکی خۆی لە دەست دەدات. بۆیە یەکەم پەیامم بۆ باوان خۆدیدە بە وشە مەیل، پێویستی و ئارەزووی خۆت دەربڕە، بەتایبەت کاتێک لەگەڵ منداڵدایت، (دەروونفەرمان بە). ئەوکات زمانی جەستە و زمانی دەربڕینت یەکانگیر دەبن و منداڵ هەست بە دڵنیایی و ئاسایشت دەکات و پێویستی نامێنێت بە لێکدانەوەی سیگناڵی نارِوون. هاوکات ئەوان فێری خۆباوەڕی و خۆدید دەبن و لە ئاست و بیری سەرپەرەشت تێدەگەن و دەزانن بابەتەکان تێکبەستەن.

ئەمە نموونەی سەرپەرەشتێکی ڕاستگۆیە دەربارەی خۆی و ئەو پەیامەی دەیدات بە منداڵەکە: «من ئێستە حەزم لێ نییە چیرۆکت بۆ بخوێنمەوە، بڕیارم داوە ئۆتۆمبیلەکەم بشۆم. گەر تۆ لە شۆردنەکەدا یارمەتیم بدەیت، منیش پاشان دەتوانم چیرۆکێکت بۆ بخوێنمەوە. پێت باشە؟»

---

[31] ورچەخزمەت: مەتەڵێکی باوە لە وەڵاتانی سکاندیناڤیا، لە شوێنێکدا بەکار دێت مرۆڤ مەبەستی قازانج بێت، بەڵام زەرەر بدات. وەک ورچێک کە خاوەنەکەی زۆر خۆش دەویست، کاتێک خاوەنەکەی نوستبوو میشێک لە سەر سەری نیشت، ورچەکە ویستی مێشەکە دەرکات و بە بەرد دای بەسەری خاوەنەکەیدا و کوشتی!

کاتێک پەیامی باوان دەربارەی پێویستی و سنوورەکانی خۆی ڕوون بێت، دەبێتە هۆی نێزیکایەتی لە نێوان باوان و منداڵ. بۆ پێشاندانی پێچەوانەکەی دەکرێت بڵێین ڕۆژێک تۆ دوای کار دێتەوە ماڵەوە بە هاوسەرەکەت دەڵێت:

- تۆ: پێم خۆشە ئەمشەو بڕۆمە سینەما، ڕای تۆ چییە؟
- هاوسەرەکەت: گەر پێتخۆشە بچینە سینەما، دەڕۆین. بەتەمای سەیری چ فیلمێک بکەی؟
- تۆ: من پێم خۆشە چاو لە فیلمی زۆرۆ بکەم.
- هاوسەرِەکەت: زۆرباشە، چاو لە زۆرۆ دەکەین.

پاش تەواوبوونی فیلمەکە ئێوە لە ڕێگەی ماڵەوەن:

- تۆ: بۆ لە شوێنیک لانەدەین و خواردنێک بخۆین؟
- هاوسەرەکەت: بەتەمای لە کوێ نان بخۆین؟
- تۆ: من پیزام پێباشە، بۆ لەو پیزاخانە پیزایەک نەخۆین؟
- هاوسەرەکەت: وا دەکەین.

ئەم نموونەیە وەها دێتە پێشچاو هاوسەرەکەت زۆر سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام من بەپێی ئەزموونی خۆم پاش چەند وەڵامێکی لەم جۆرە بیردەکەمەوە کە لەگەڵ کێم؟ ئەم هاوسەرە هەموو پەرۆشی بەجێهێنانی خواست و ئارەزووی منە و ئەمە وا دەکات ئەو لێم ون بێت.

- من دڵنیا نیم هاوسەرەکەم پێیخۆشە لەگەڵم بێت.
- من دڵنیا نیم هاوسەرەکەم پێیخۆش بوو بچێتە سینەما.
- من دڵنیا نیم هاوسەرەکەم پێیخۆش بوو ئەم فیلمە ببینێت.
- من دڵنیا نیم هاوسەرەکەم مەیلی چوونە دەرەوەی بێت.
- من دڵنیا نیم هاوسەرەکەم حەزی لە خواردنی پیزا بێت.

هەستی منداڵیش لەگەڵ باوانێک هەموو پەرۆشیان لەسەر بەجێهێنانی مەیل و ئارەزووەکانی منداڵەکەیان بێت، بەم شێوەیەی سەرەوە دەبێت، بێئەوەی شوێنێک بۆ خۆیان دیاری بکەن یان «خۆهەستیان هەبێت». منداڵ لەگەڵ باوانی وەهادا هەست بەتەنهایی دەکات و نازانێت چ شوێنێکیان لە ژیانی خۆیدا بۆ دیاری بکەن. بەڕای من ئەم شێوازە ڕەفتارە جێگەی پەژارەیە، لەبەر ئەوە مەبەستی باوانی کۆڵدەر لەم هەموو سازاندن و بەجێهێنانە تەنها پەرۆشی شادی و گەشەی منداڵەکەیەتی.

باوانی کۆڵدەر و خۆلەناوبەر وا ڕاهاتوون بە وشە پێویستی، سنوور و ئارەزووی خۆیان دەستنیشان نەکەن، هەر بۆیە منداڵیان بەپێی تێپەڕبوونی کات نە گوێ بۆ داخوازی، سنوور و پێویستی ئەوان دەگرن نەی هی کەسی دیکە.

منداڵ بە توانای هاوسۆزیەوە لەدایک دەبێت، بەڵام ئەم توانایە دەشێت کەم ببێتەوە یان بە تەواوی لەناوبچێت، گەر منداڵ لە خێزانێکدا پەروەردە بێت سەرپەرەشت بەڕوونی پێویستی، پەیام و هاوسۆزی خۆی بەرانبەری دەرنەبڕێت.

ئەم ڕەوتە وا دەکات منداڵ بەپێی کات دەبنە بوونەوەری بچووکی خۆپەسەند،[32] یان وەک باوە دەڵێن نازنازی.[33] ئەوان هاندراون تەنها سێرەیان گیر بکەن لە ویست و ئارەزووی خۆیان. ئەم منداڵانە دەرفەتیان پێنەدراوە پێویستی، سنوور، ویست و ئارەزووی خەڵکی دیکە هەستپێبکەن و ئەزموونی بکەن.

بەم جۆرە باوان بەشی هەرە مەزنی بەرپرسایەتی و ڕێبەرایەتی منداڵ دەخەنە ئەستۆی منداڵەکان و بەجێگەی خۆهەست، سنوور و پێویستی خۆیان سێرە گیر دەکەن لە ویست و ئارەزووی ئەوان. ئەنجامەکەی دەبێتە بەهەڵە لە سەر حسابکردنی منداڵ، گەر جارێک ئەو نەزانێت چی دەوێت!

نموونە: لەم ڕۆژانەدا چوومە دووکانێکەوە خواردنی شێو بکرم، ژنێکی گەنجم بینی لەگەڵ منداڵێکی تەمەن 5 ساڵان بەدوای خواردنی شێودا دەگەڕان، گوێم لێ بوو دایک لە منداڵی پرسی: «چی بکرین بۆ شێو؟» کوڕەکە وەڵامی دایەوە: «نازانم» - کاتێک بەردەوام لە دووکانەکەدا دەڕۆشتن، گەیشتنە لای بەفرانگە[34] یەک دایک پرسی: «پێتخۆشە ماسی بکڕین؟» کوڕەکە گوتی: «نە». دایک پرسی: «هەمبەرگرت پێخۆشە؟». کوڕەکە گوتی «نە». دایک بەردەوام بوو لە پرسیارکردن و دیار بوو تاقەتی پێنەما کە دەیبینی کوڕەکەی بڕیاری پێنادرێت. کە هاتنە شوێنی پارەدان بینیم کوڕەکە دەگریا و ڕوخساری دایکی زۆر ئاڵۆز و تووڕە دیار بوو لە کاتێکدا باسکی کوڕەکەی بە توندی گرتبوو.

پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە: بۆچی دایکەکە گوێ بۆ کوڕەکەی ڕانەگرت کاتێک وەڵامی نازانمی دایەوە بەرانبەر پرسیاری، شێو چی بخۆین؟ یان پێویست دەکات بەرپرسایەتی وا بخریتە ئەستۆی منداڵ؟

پێموایە ئەم جۆرە بەسەرهاتانە خەمناکن، دڵنیام هەم دایک و هەم منداڵ ئارەزووی پەیوەندیەکی باشیان پێکەوە بوو. بەڵام تەنها ئاوات و ئارەزووی باش بەس نییە. گەر ئێمە بمانەوێت پەیوەندیەکی باش لەگەڵ منداڵ ساز بکەین هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەمان نییە بێجگە لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیان و ڕێپێدانیان کە منداڵ بن وەک منداڵ بژین.

لەم بەسەرهاتەی سەرەوە «کێشە» تەنها دایک بوو، کوڕەکە هیچ تاوانێکی نەبوو، دایکەکە زۆر کۆڵدەر و ناڕوون بوو. گەر دایکەکە ویستبای ڕوون بێت بەرانبەر بە کوڕەکەی، دەیپرسی: «چیت پێخۆشە بۆ شێو؟». گەر وەڵامی کوڕەکەی «نازانم» بوایە، دەیگوت «بۆ خۆم شتێکت بۆ هەڵدەبژێرم». گەر گوتبای: «هەمبەرگرم دەوێت». دایکی دەیتوانی بڵێت: «بۆت دەکرم»، بەڵام من ئەمڕۆ حەزم لە ماسیە و ماسی بۆ خۆم دەکرم.

وا دیار بوو دایکەکە پەرۆشمەندی مەیل و ئارەزووی کوڕەکەی بوو، بۆیە دەیویست بەهەندی وەربگرێت. گەر وانەبا - بۆچی پرسیاری لێدەکرد؟

پەیڤرۆونی باوان بریتیە لە:

- پەیامی - من بەکار بێنە. نموونە: «*من بەستەنیم دەوێت*».

[32] خۆپەسەند: خۆوسیت، کەسێک تەنها خەمی خۆیەتی هیچ شتێک دەربارەی ویست و هەستی بەرانبەر نازانێت، هەربۆیە تەنها خۆی دەبینێت.

[33] نازنازی: بەنازپەروەردە، قەت دڵی نەشکێنراوە، هەموو کاتێک بەقسەی کراوە.

[34] بەفرانگە: سەهۆڵدان، موجەمیدە، فریزەر کە خواردنی بەستووی تێدا هەڵدەگرن.

- ڕاستگۆ بە لەگەڵ خۆتدا - ئەوەی دەتەوێت دەریبڕە! نموونە: «... من دەمەوێت شتێکی دیکە بۆ خۆم بکڕم».
- کەسەکی بە - بە وشە مەیل، ئارەزوو، هەست، بیر و ئەزموونەکانت دەربڕە و پێناسەی خۆت بکە. نموونە: «من ئەمڕۆ ماسی دەخۆم».
- لە ئاخاوتندا کۆنکرێت بە، لەباتی گشتگیربوون. نموونە: «من هەمبەرگر بۆ تۆ دەکڕم، بەڵام شتێکی دیکە بۆ خۆم دەکڕم (...) من ئەمڕۆ ماسی دەخۆم». بەجێگەی: «دەی، چەند دانەیەک هەمبەرگر دەکڕم، بەڵام لەوانەیە شتێکی دیکەش بکڕم. کەسێک هەمبەرگر بخوات ورگی دێتە ژان».

تەنانەت باوانی کۆڵدەر هەر چەندە پەرۆشمنەدیش بێت، هەر منداڵ توشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەکات.

باوانی کۆڵدەر زۆرجار بە Curling parents[35] ناوزەد دەکرێن. بیهێنە پێش چاوت باوان لەپێشی بەردەکەوە (منداڵەکە) هەڵدێت و بە گەسکێک پێشی بۆ خاوێن دەکاتەوە و هیچ بەربەستێکی بۆ ناهێڵێت. لێرەدا سێرەی باوان گیرە لە مەیل و ئارەزووی منداڵ!

**پوختەی پەروەردەی کۆڵدەر:**

- هەموو سێرەی باوان تەنها گیرە لە مەیل و ئارەزووی منداڵ.
- باوان باسی پێویستی، سنوور و مەیلی خۆی ناکات بۆ منداڵ و هەر بۆیە دەربڕینی ناڕوونە.
- باوان خۆشەویستی خۆیان لە ڕێگەی بەجێگەیاندنی ئەرک بۆ منداڵ بەیان دەکەن.
- باوان لە بەئەستۆ نەگرتنی بەرپرسایەتیی منداڵ خۆیان ئازاد دەکەن.

منداڵ هەست بە ناسەقامگیریی دەروونی دەکەن و بەگومانن لە خۆشەویستی باوان لەبەر ناڕوونیان. ئەوان کاتێک لەگەڵ باواندان هەست بەتەنهایی دەکەن لەبەر هۆی نەناسینیان و نەزانینی هیچ شتێک دەربارەیان. دەوروبەر ئەم منداڵانە بە نازنازی و خۆپەسەند دەناسن و هەر ئەمەش دەبێتە دابڕانیان لە جڤات.

---

[35] Curling: ناوی یارییەکە لە وەڵاتانی سکاتلەند و کەنەدا. یارییەکە لە نێوان دوو گروپ و لە سەر سەهۆڵ دەکرێت، بەهەڵدانی بەردی خڕ و لوس لە سەر سەهۆڵ، یاریچیەکان بە گەسک خێرا, خێرا بەردەمی بەردەکە پاک دەکەنەوە هەتا هیچ بەربەستیک لە پێشی نەبێت و بە خێرایی بگاتە ئامانج (گۆڵ). لێرەدا باوانی کۆڵدەر وەسف کراوە بە یاریچیەک نارێکی پێش بەردی یاریەکە پاک دەکاتەوە تا دەیگەیەنێتە ئامانج.

**باوانی بێپەروا**

گروپی سێیەمی باوان لەبەر هێندێک هۆکار گرفتارن بەخۆیانەوە. لایەنی دەروونی یان دۆخی ژیانیان جۆرێکە کە وزە و تاقەتیان پێ نامێنێت بۆ منداڵەکانیان، منداڵیش کەم و زۆر بەرپرسایەتییان دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان.

من ئەزموونی کارم هەیە لە زارۆخانە، فێرگەی بنەڕەتی، بەشی منداڵ لە نەخۆشخانە، سەنتەری منداڵانی بێباوان، کلینیکی دەروونناسیی منداڵ، سەنتەری پێداگۆگیی ئۆسلۆ و سەنتەری پێداگۆگیی دەروونناسی وەک ئامۆژگار. هەر بۆیە لەم ماوە درێژەدا دیداری زۆرم لەگەڵ باوان هەبووە و دەتوانم بڵێم هەر هەموویان منداڵەکانیان خۆشویستووە. تەنانەت ئەوانەش کە مافی پەروەردەکردنی منداڵیان لەبەر خەمساردی لێ وەرگیراوەتەوە. بەڵام بەداخەوە هەموو باوانێک توانای پیادەکردنی هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ منداڵەکەی بە کردەوە نییە، هەتا منداڵ هەست بە خۆشەویستنی خۆی بکات لە لایەن باوانیەوە. مەرجی پێدانی خۆشەویستی پەیوەستە بە خۆشویستنی خودی تاکەوە، (خۆی خۆش بوێت).

وەک بەڕێوەبەری زارۆخانە، باوانم بینیوە توانای بەخێوکردنی منداڵەکەی نەبووە. بەتایبەتی لەبیرمە کچێکی 3 ساڵانمان هەبوو بەردەوام براگەورەکەی کە 8 ساڵی تەمەن بوو دەیهێنا و دەیبردەوە بۆ ماڵەوە. بەیانییەکی سارد پلەی سەرما لەژێر دوازدەوە بوو، ئەم کوڕە بێ گۆرەوی بە جووتێک جزمەوە خۆشکەکەی هێنا بۆ زارۆخانە! خۆشبەختانە پێمزانی و خێرا جووتێ گۆرەوی خوریم پێدا لەپێی کرد. قەت ئەو نیگا و چاوانەی کە پڕ لە سوپاس و پێزانین بوو لەبیرم ناچێتەوە.

هەر لەم بوارەدا بە ڕای من ڕەخنە گرتن لەم جۆرە باوانە برینەکە قوڵتر دەکات. منداڵ زۆر وەفادارە بەرانبەر بە باوانی خۆی و زۆریش هەستیارە دەربارەی بۆچوونی کەسانی دیکە لەسەریان. هەر بۆیە ئاخاوتنی نایەتی و ڕەخنە لە باوانی ئەم جۆرە منداڵانە دەبێتە دوو جار سزادانیان. بەپێچەوانەوە هیچ هۆیەک نابێتە بەربەست بۆ بەدواداچوونی مژاری خەمساردی، بەتایبەت گەر تۆ هەست بکەیت منداڵەکە پێویستی بە یارمەتیە.

ماوەیەک لەمەوپێش سیمینارم بۆ ستافی زارۆخانەیەک دەربارەی باوانی بێپەروا ساز کرد، لە پشوودا هەستێکی زۆر بەهێزم ئەزموون کرد، کاتێک پیاوێکی گەنج هات و بەگەرمی سوپاسی کردم لە بەر بابەتی سمینارەکە. دیار بوو قسەکان زۆر کاری تێکردبوو و باسی دەورانی منداڵی خۆی لەگەڵ باوانە بێپەرواکەیدا بۆ کردم. ئەو بە منداڵی پێناسەی منداڵی لاسار و نەسازیان لە سەر دانا بوو، پێی وابوو ستافی زارۆخانە و فێرگە بە هیچ شێوەیەک نەیاندەویست لە گرفتی ئەو تێبگەن. دەیگوت بەگەنجی زۆر سەرەڕۆ بووە، تێوەگلاوە بە مادەی هۆشبەر و توندوتیژی. ئەو سوپاسگوزار بوو کە دواتر یارمەتی وەرگرتبوو، وا بەڕێز و حورمەتەوە بانگهێشتی دانوستان کرا و هەر ئەمەش وایکرد بۆ خۆی تێبگات لە هۆکاری ڕەفتار و کرداری. هاندەری ئیشکردنی ئەو لە زارۆخانە یارمەتیدانی ئەو منداڵانەیە کە لەبەر هەر هۆیەک بێت گرفتیان لەگەڵ خۆیان و باوانیان هەیە. ویست و هیوای دیداری بەڕێز و حورمەتەوە بوو لەگەڵ باوانی منداڵەکان و هاوکات دەیگوت هەمیشە هۆکارێک هەیە بۆ هەر کردار و ڕەفتاری هەر مرۆڤێک.

هێندێک جار ئەزموونی سەختی کەسێک دەبێتە ڕێگەی ڕزگاری بۆ کەسێکی دیکە.

**پوختەی باوانی بێپەروا:**

- باوان یان سەرپەرەشت توانای خۆدیدی نییە، هەر بۆیە ناتوانێت پێویستیەکانی منداڵیش ببینێت.
- باوان یان سەرپەرەشت بەرپرسایەتیی منداڵ ناگرێتە ئەستۆ.
- باوان یان سەرپەرەشت توانای ڕێزگرتنیان لە سنووری منداڵ نییە.
- باوان و سەرپەرەشت بە ئاستەم ژیانی خۆیان ڕادەپەڕێنن.

منداڵ بەرێژەی کەم تا زۆر هەست دەکەن کەس ئەوانی خۆش ناوێت! بەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەوان توانای گەشاندنی خۆبەها و خۆدیدیان نابێت. ئەنجامە هەرە نایەتییەکەی نەمانی «خۆڕێز»[36] و ئەمەش کێشەی مەزنی بۆ دەئافرێنێت. هاوکات کەسانی دیکەش وەک خۆی ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن و کاتێکیش ئەو ناتوانێت پێویستی، ویست و سنووری خۆی بەهەند بگرێت، کەسانی دیکەش بەهەندی وەرناگرن، ئەگەر بەختی یار بێت تاکێک دۆخەکەی دەبینێت و دەبێتە فریادڕەسی.

بێپەروایی کاتبەند[37]

جارێکیان لە پیشەی دەروونسارێژیی ژنێک بە منداڵێکی شەش ساڵانەوە هاتە لام. مێژووی ژیانی ئەمان نموونەی چۆنەتی ژیان بوو لە کات و دۆخی جیاوازدا، جاری وا هەیە باوان وزە و تاقەتی لە ژیاندا پێنامێنێت بۆ کات تەرخانکردن و ڕەچاوگرتنی منداڵ، هەر بۆیە منداڵ وا هەست دەکات باوان بێپەروایە بەرانبەری. مێژووەکەیان درێژەی هەیە:

دایکێکی گەنج و ژنێکی هۆشیار کاتی لای من گرتووە، لەبەر ئەوە زارۆخانە چەندین جار سکاڵای لە سەر شەڕەنگێزی و نەسازی کوڕەکەی پێگەیشتووە و ئەوان پێناسەی «نەساز»[38] یان بۆ کوڕەکەی دیاریکردوە.

کاتێک سێ کەسی گفتوگۆمان کرد تێگەیشتم باوکی کوڕەکە دوو مانگ لەمەوبەر باروبنەی پێچاوەتەوە و بەجێیهێشتوون، ئێستاش لەگەڵ ژنێکی دیکە دەژیت لە شوێنێکی دیکەی وەڵات دوور لە ئەمان. بەهۆی دووری ڕێگەی نێوانیان کوڕەکە ناتوانێت باوکی بەردەوام ببینێت. ژنەکە دەڵێت ئەو هەر زوو پەیمانی لەگەڵ خۆی بەست کە ئەم بڕیارەی باوکی کوڕەکە کاریگەریی لەسەر دانەنێت، هەر بۆیە نەیدەهێشت بە ڕەواڵەت هیچ نیشانەیەکی پێوە دیار بێت. ئەو وەک پێشوو بەردەوام بوو لە ئیشکردن و هیچ «لاوازی»یەکی پێشان نەدەدا. دایک دەڵێت ئەم ڕەواڵەت ڕاگرتنە زۆر گران لە سەری کەوتووە، ئەنجامەکەی بوو بە بێزاری، وەڕەزی و خەمباری، بەتایبەت کاتێک لە ماڵەوە دەبوو.

وەک پێشوو باسمان کرد منداڵ بەرێژەی یەکەم وەفادارن بەرانبەر باوانیان، هەر بۆیە گرینگ بوو بۆ کوڕەکە پەرۆشی دایکی بێت و بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ، کاتێک دەیبینی دایکی بە ئاستەم ژیانی خۆی ڕادەپەڕێنێت. کوڕەکە بۆخۆی لە قسەکاندا ئەمەیانی سەلماند. ئەو دەمەی کوڕەکە لە ماڵەوە بوو گرینگ بوو بۆی باشترین

---

[36] خۆڕێز: ڕێزی خۆ گرتن، سەنگ بۆ خۆ دانان.

[37] کاتبەند: وابەستە بە کاتی دیاریکراو، ماوەیەک

[38] نەساز: کەسێک لەگەڵ هیچ شتێک و هیچ کەسێک نەسازێت و هەمیشە کێشە ساز بکات.

لایەنی خۆی پێشان بدات، بەپێچەوانەوە کاتی زارۆخانە پێویست بوو هەموو بێزاریی، خەمی دوورکەوتنەوەی باوک و وەک خۆی وتی: «خەمۆکی دایکی لە ماڵەوە» لەوێ برێژێت.

لە ماوەی گفتوگۆکەدا ژنەکە بڕیاریدا کە دەبێت متمانە بە کەسێکی نێزیک لە خۆی بکات و کاتی تەنهایی دەروونی خۆی بۆ بکاتەوە هەتا لە کاتی خەمۆکیدا کاریگەری نایەتی نەکاتە سەر کوڕەکەی و پاشان چارەسەرێک پەیدا بکات هەتا کوڕەکەی بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا هەبێت. هاوکات ڕێی پێبدرێت کاردانەوەی هەست و بیری خۆی بە وشە بۆ دایکی دەرببڕێت. ئیستا بەرۆکگیریی دایک، ڕێزگرتنە لە هەستەکانی کوڕەکەی و دەرفەت پێدانیەتی هەتا هەموو بیر و هەستی خۆی بە وشە دەرببڕێت بێ ئەوەی دایکی بەرپەرچی بداتەوە یان پارێزگاری لە خۆی بکات.

پاش چەند هەفتەیەک دایکەکە پەیوەندی پێوە گرتم و دەیگوت ڕەفتاری کوڕەکەی زۆر باشتر بووە لە زارۆخانە و ئێستا زۆر کراوەیە دەربارەی بیر و هەستەکانی. بۆ خۆشی ئێستا هەستەکانی خۆی پتر بە هەند وەردەگرێت و ڕاستگۆیانە و کۆنکرێت باسی هەست و بیری خۆی لەگەڵ کوڕەکەی دەکات و ئەمەش وایکردووە هەڤبەندی نێوانیان زۆر نێزیکتر، کراوەتر و ڕوونتر بن بەرانبەر بە یەک. ئێستا ئیدی پێویست بە لێکدانەوە و پێناسەکردن نەماوە و «بەتەواوی تێدەگەم کە من ئەو ماوەیە ئاگام لە کوڕەکەم نەبووە».

دایکەکە ئێستا دەرکی بەوە کردوە کە ماوەیەک پێویستی کوڕەکەی نەدەبینی و ئاگای لێ نەبوو، لەبەر بێهێزی و گرفتاری خۆی لە ژیانیدا. کوڕەکەی دەیویست هاوکاری دایکی بکات بۆیە کێشەی لە زارۆخانە ساز دەکرد.

ئەم نموونەیە پێشانی داین، کاتێک منداڵ شێوازی ڕەفتار دەگۆڕێت، نیشانەیە کە بوارێک لە دۆخی ژیانی تەواو نییە. دەتوانم بەشێوەیەکی دیکە بڵێم منداڵی نەساز، بوونی نییە، منداڵ هەیە دۆخی ژیانی نەسازە.

پرسیارێک تۆ دەبێت لە خۆتی بکەیت کاتێک منداڵ ڕەفتاری گونجاو نییە: «ئەم منداڵە دەیەوێت چی بە من بڵێت؟» گەر منداڵەکە تەمەنی 2 ساڵ یان پترە، دەتوانیت پێی بڵێت: «من دەبینم تۆ وەڕەزیت، بەڵام نازانم لەبەر چی، گەر دەتەوێت من دەتوانم یارمەتیت بدەم». بەم شێوە منداڵەکە تێدەگات تۆ هەستت پێکردوە ئاستەنگی هەیە و ئەو کردارەی لەخۆی دەینوێنێت ئاساییە. زۆر جار دەکرێت منداڵ تەنها دەیەوێت هەستی خۆشویستن وەربگرێت یان بپەژرێنرێت و ڕێزی لێ بگیرێت. پێچەوانەی خۆشەویستی نەفرەت نییە، چاوپۆشی لێکردنە.



## گەر دەتەوێت گۆڕانکاری بکەیت، لەخۆتەوە دەستپێبکە

من زۆرجار باوان دەبینم دوودڵن لە جۆری دانوستانیان لەگەڵ منداڵ، وەک دەربڕینی خۆشەویستی و دیاریکردنی سنووری ڕوون بۆیان. زۆربەی باوان پەروەردەی هەژمونی بێپەروا و کۆڵدەرن و ئەوان ئەم شێوازانەیان وەلاناوە، بەڵام بژارەی دیکەیان چییە؟

من پێموایە بژارەکە ڕەفتاری هاوبەهایی و بەراوەرد نەکردنی منداڵە لەگەڵ گەورەکان، هاوکات زۆر ئەستەمە باوان بە شێوازێک ڕەفتار لەگەڵ منداڵ بکات جیاواز بێت لەوەی خۆی ئەزموونی کردوە.

بەپێی ئەزموونی خۆم بۆ ئەوەی بتوانم بە شێوازێکی نوێ ڕەفتار لەگەڵ منداڵ بکەم، ناچار بووم ئاگام لە ڕوانگەی مرۆیی و بەهاکانم بم هەتا ئەم شێوازە نوێیەی ڕەفتارم لەگەڵ منداڵ نەبێتە ڕێبازێک، بەڵام ڕەفتارکردن بە شێوازێکی نوێ لە جیهاندا. شێوازێکی نوێ و ڕاستگۆیانە لە لایەن منەوە کە پلە بە پلە لە بڕبڕەی پشتدا جێگیر بووە.

### ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵ بە شێوازی هاوبەها و بێ بەراوەرد

واتای هاوبەهایی ڕێزگرتنە لە جیاوازییەکان، گەر من بمەوێت بە شێوازی هاوبەهایی لەگەڵ منداڵ ڕەفتار بکەم، بە وشە و کردار پێشانی دەدەم کە من ڕێزم هەیە بۆ جیاوازییەکانمان و هاوکات هەردووکمان خاوەن یەک بەهاین. دەربڕینی من دەبێتە: «من منم و تۆ تۆیت، من بیرکردنەوە و هەستی تایبەت بە خۆمم هەیە، تۆش هەروەها و ئازادیشی لە دەربڕینی هەست و بیری خۆت».

نموونەیەک: لەم ڕۆژانە بۆ کڕینی خواردەمەنی چوومە دووکانێکەوە و باوانێکی گەنجم بینی لەگەڵ کوڕەکەیان کە پێدەچوو سێساڵی پتر تەمەن نەبێت. دیار بوو کوڕەکەیان زۆر چالاک بوو، گوێم لێ بو باوک و دایکی هەر دەیانگوت: «نەکەی، داینێ، وا مەکە، دەستی لێ مەدە، وازبێنە...». بە تۆنی دەنگ و شێوازی دەربڕینی باوانی دیار بوو بێزار بوون لە ڕەفتاری کوڕەکەیان. «من سڵاوم لێکردن و وتم وا دیارە سەرتان زۆر قاڵە». باوکی وەڵامی دامەوە و وتی: «بەڵێ، ئەم کوڕەمان زۆر لاسار و نەسازە».

پێموایە زۆر کەس هەن بەسەرهاتی وایان ئەزموون کردبێت و یادیان بێتەوە. زۆرمان جاروبار مرۆڤمان بە ڕەفتاری پێناسە کردوە. گەر وتەی ئەم باوکە یەک جارەکی نەبێت و ڕاهاتبێت هەر بەم شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ کوڕەکەی بکات، هیچ گومان نامێنێت کە کوڕەکە هەست بە کەموکوڕی دەکات و خۆی لە خانەی چاوەڕوانی باوکیدا نابینێتەوە. «کوڕەکە هەست دەکات، بەو جۆرەی کە من هەم، باوکم منی خۆش ناوێت، واتە هەستەکانم هەڵەن».

بەڵام، بژارە چییە؟ گەر ئەم باوانە هەست بە بەرپرسایەتیی خۆیان بکەن و سنووریان دیار و ڕوون بێت، باوکەکە دەیگوت: «بەڵێ، کوڕەکەم زۆر چالاکە و من دەشڵەژێم کاتێک لەگەڵی دەچمە نێو دووکانێکەوە». گەر ئەم باوکە خۆی بەهەند وەرگرتبا، بێگومان خۆی نەدەخستە دۆخێکی وەها بێزارکەرەوە. دەیتوانی لەگەڵ کوڕەکەی لە دەرەوەی دووکانەکە بمێنێتەوە و هاوسەرەکەی بنێرێت خواردن بکڕێت، یان پێچەوانەکەی بکات.

پێشنیازێکی دیکە، دەکرا هەر دوو باوان و کوڕەکە پێکرا بچنە نێو دووکانەکە، بەڵام یەکێکیان تەنها بەرپرسایەتیی کوڕەکەی لەئەستۆ گرتبا کە دیار بوو دڵی بۆ زۆر شت لێدەدا و ئەوی دیکەیان پێداویستییەکانی کڕیبا. دیار بوو کوڕەکە بەم ڕەفتارەی سەرنجێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو، بەڵام باوک و دایکی توانای دانوستانیان لەو دۆخەی ئەوی لێ بوو، لەگەڵی نەبوو، هەر بۆیە ئەویش کۆڵی نەدەدا.

منداڵ وێنەیەکە لەو جیهانەی باوانی تێیدا دەژین. کاتێک باوان منداڵەکەی پێناسە دەکات بە «لاسار و نەساز» و بەرپرسایەتیی هاوئاهەنگی نێوانیان دەخاتە ئەستۆی منداڵەکە، وا دەکات منداڵ هەست بە پەراوێزخستن بکات. کاتێک هاوئاهەنگی نێوان سەرپەرەشت و منداڵ نامێنێت، هەمیشە سەرپەرەشت بەرپرسیارە لێی، ئەوە سەرپەرەشتەکە توانای پەیوەندی گرتنی نییە لەگەڵ منداڵەکە و ڕەچاوی ناگرێت لەو دۆخەی لێیەتی.

ساڵەهای ساڵە باوە کاتێک منداڵ ڕەفتاری نموونەییە، دەڵێن باوانی زۆر تایبەتی هەیە، بەڵام کاتێک پێچەوانەکەی بێت (منداڵ ڕەفتاری نە سازێت لەگەڵ داخوازیی سەرپەرەشت) دەڵێن منداڵێکی نەسازە و گرفتدارە!

هەموو هاوئاهەنگیی نێوان سەرپەرەشت و منداڵ یەکسان نییە، لەبەر ئەوە ئێمەی سەرپەرەشت هەم توانای دەستنیشانکردنی سنووری کەسەکی خۆمانین و هەم پێشانیشی دەدەین. نموونەیەک بۆ ئەم لایەنە دەتوانێت لەسەر ئەو باوکە بێت کە پێشتر باسمان کرد. ئەو دەکرا سنووری خۆی بەم جۆرە دەستنیشان بکات و بە کوڕەکەی بڵێت: ئەمڕۆ من زۆر ماندوو بووم لە گەڕان لەگەڵ تۆ لەم دووکانە». هاوکات باوکەکە دەیتوانی سنووری خۆی پێشانی کوڕەکە بدات و بڵێت: «ئێستە من دەتبەمە دەرەوە و لەوێ چاوەڕێی دایکت دەکەین». بەپێچەوانەوە منداڵ تەنها دەتوانێت سنووری خۆی دەستنیشان بکات، وەک ئەو ڕەفتارەی کوڕەکە دەیکرد، بەڵام ئەم کوڕە و منداڵی دیکەش ناتوانن سنووری خۆیان پێشان بدەن، بۆ نموونە بە باوانیان بڵێن: «ئێوە هەر قسەم پێدەڵێن! مادام ئەوەندە بەدن لەگەڵ مندا، بۆتان نییە سەیری تەلەڤیزیۆن بکەن».

کوڕەکە هەڵچوون و داچوونی بوو لە دووکانەکەدا، ئەمە نیشانەی چالاکیی کوڕەکەیە و پێویستە باوانی ڕەچاوی بگرن و بزانن ئایا ماندووە یان هەڵوەدای شتێکە پێی بگات. هۆکاری ئەم ڕەفتارەی دەکرێت زۆر شت بێت، بەڵام کوڕێکی تەمەن سێ ساڵان توانای دەربڕین و تێگەیاندنی باوانی نییە لەو پەیامەی هەیەتی. واتا بەرپرسایەتیی بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ئەم پەیامە لە ئەستۆی باوانیەتی، یان دەتوانن بڵێن: «من نازانم چی وات لێدەکات ئەمەندە بێئۆقرە بیت، بەڵام گەر لەم دووکانە بتبەمە دەرەوە دۆخەکە باشتر دەبێت». کاتێک منداڵەکە پەیامێکی وەهای پێدەدرێت هەست دەکات باوانی بەرپرسایەتی لە ئەستۆ دەگرن و پەراوێزی ناخەن. ئەوان بەڕوونی پێشان دەدەن کە ڕەفتاری منداڵەکە هۆکاری چوونە دەرەوەیانە لە دووکانەکە.

منداڵ هەتا تەمەنی 6 ساڵی پێیوایە هەموو کەس بیرکردنەوە و هەستکردنی وەک ئەوە، بۆیە تەواو سروشتییە لە هەر کات و ساتێکدا، گەر ئەو بیر و هەستی کەسی دیکە ڕەچاو نەگرێت. هاوکات منداڵ وشەدانی کورت دێنی لەچاو سەرپەرەشت و توانای دەربڕینی بیر و هەستی خۆی نییە. بەڵام گەر ئێمەی سەرپەرەشت بە وشە بیر و هەستی خۆمان و ئەو هەستانەی لە منداڵە و بەر سەرنجمان دەکەوێت دەربڕین، ئەم ئەرکە وردەوردە لای منداڵ هاسان دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی هەستزیرەکی.

لە سەردێڕی ئەم بەشەدا هاتووە، «ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵ بە شێوازێکی هاوبەها و بێبەراوەرد». مەبەست چییە لە بێبەراوەرد؟ بێبەراوەرد بریتیە لە:

- بەرپرسایەتی و ڕێبەرایەتی منداڵ بگرە ئەستۆ و ڕێ پێ بدە با منداڵ بێت (منداڵایەتی خۆی بکات) نموونە: سەرپەرەشت، باوان بەرپرسایەتیی خۆی لە هەست، سنوور، پێویستی و هەموو بابەتی پەیوەند بە خۆیەوە بە ئەستۆ بگرێت، نموونە (بەسەرهاتی کوڕەکە کە نەیدەزانی چی هەڵبژێرێت بۆ خواردنی شێو).
- منداڵ تێکەڵ مەکە لەگەڵ بابەتێک گەر ئەو بڕارەی تێدا نەبوو. بۆ نموونە، کاتێک باوانێک دێت منداڵەکەی لە زارۆخانە بەرێتەوە بۆ ماڵەوە ڕێک پێش کاتی نوستنی و لێی بپرسێت «دەتەوێت بچینەوە بۆ ماڵ؟» ئەم پرسیارە لەم کاتەدا ژیرانە نییە. منداڵ توانای شرۆڤەکاری و لێکدانەوەی لەسەر داهاتوو نییە، پاشان ئاڕاستەکردنی پرسیار لە منداڵ گەر «نە» بڕارەیەک نەبێت بێسوود دەبێت بۆ هەردوولا.

پوختە: «ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵ بەشێوازێکی هاوبەها و بێبەراوەرد».

- باوان هەستەکانی خۆی و منداڵەکە دەپەژرێنێت و بە هەموو توانایەوە ئاگاداریەتی.
- باوان بەرپرسە لە پێویستی و سنووری خۆی بە شێوازێکی هاوبەهایی.
- باوان گوێڕادێرە و بەهەموو توانایەوە تیدەکۆشێت لە منداڵ تێبگات.
- باوان بەرپرسایەتیی ڕێبەرانەی خۆی دەنوێنێت و دەرفەت بۆ منداڵ دەڕەخسێنێت منداڵ بێت.

پێویستە ئەوپەڕی گرینگی بدرێت بە هەست، پێویستی و سنووری هەم سەرپەرەشت و هەم منداڵ.

ئەوکات منداڵ هەست دەکات: «دەبینم باوانم بەهەندم وەردەگرن و خۆشمیان دەوێت! کاتێک ڕەفتار و کردارم زادەی دەروونی خۆمە، باوانم خۆشەویستیم دەداتێ. پێویست ناکات خۆم بکەمە قوربانی یان وا بنوێنم کە خۆشەویستم». ئەمە وا لە منداڵ دەکات خۆمتمانەی هەڵکشێت و هەست بە ئاسوودەیی بکات. هۆکارەکەشی هەبوونی سەرپەرەشتێکی ڕەسەن و دەروونفەرمانە.

## ڕوانگەی مرۆیی من: هەموو کەسێک ئەوەی لە توانایدایە دەیکات

دیدارم لەگەڵ زۆر کەس کردوە گرفتاری کێشەی ژیانی بووە. بەپێی ئەزموون تێگەیشتووم هەموو کردار و ڕەفتارێکی مرۆڤ هۆکارێکی لەپشتە. بۆیە دەڵێم، هەموو کەسێک ئەوەی لەتوانایدایە دەیکات.

بۆ شرۆڤەی ڕوانگەی خۆم دەمەوێت باسی ژنێک بکەم بە ناوی کاریی، یەکێک لەو کەسانەی لە سەرەتای دەستپێکی پیشەی دەروونسارێژیم لای من دەروونسارێژی وەردەگرت. کاتێک بۆ یەکەمین جار هات بۆ لام، بینیم ژنێکی گەنج، قەڵەو بە قژ و پێستی چڵکن، کراسێکی پرتەقاڵی و جووتێک چەکمە[39] هاتە ژوورەکەوە. ئەوکات من هەڵگری ڕوانگە و دیدی باوانم بووم، ڕوانگەیەکی پۆلێنەکی[40] و داوەریی.[41] هەر لەم ڕوانگەوە بە خۆمم گوت، دەکرێت مرۆڤ بەم جۆرە بەرگ و ڕوخسارەوە بچێتە نێو خەڵک؟ ئەم بەرگەی لە کوێ پەیدا کردووە؟ بۆچی قژی ناشوات؟ تۆ بڵێی ئێستە بۆنی نەیەت؟

---

[39] چەکمە: جزمە.

[40] پۆلێنەکی: Categorize کەسێک هەموو شتێک پۆلێن بکات، ڕوانگەیەکی پۆلێنکرانەی هەبێت.

[41] داوەریی: Judge کەسێک کە حکوم دەدات بەسەر خەڵکدا، خەڵک مەحکوومکردن بێئەوەی کەسەکە بناسێت پێناسە دیاریی دەکات بۆ خەڵک.

پاش هێندیک گفتوگۆ لەگەڵی تێگەیشتم چەندە مرۆڤێکی جوانە، هەم خاوەن هاوسۆزیە و هەم زۆر خۆشمەشرەبە. کاتێک مێژووی خۆی بۆ گێڕامەوە، ئەم بیرەم بە مێشکدا هات، گەر ئەوەی بەسەر تۆ هاتووە بەسەر من بهاتبایە بێشک جل و ڕوخسارم لە هی تۆ باشتر نەدەبوو. دەرکەوت کە باوانی کاریی توانای خۆشەویستی پێدانیان بە کاریی نەبووە. دایکی ئەو بە درێژایی تەمەنی منداڵی کاریی هەر هەڕەشەی لێکردبوو، «گەر ڕەفتارت باش نەبێت» من دەڕۆم ئیدی قەت نامبینیتەوە. (منداڵ بڕوا بە هەموو قسەیەکی سەرپەرەشت دەکات). دەیگوت قەت ئاشنا نەبووم لەگەڵ باوکم، «ئەو کابرایەکی پەرت و بێئاگا بوو لە دەورانی منداڵی مندا، ئێستا نە من ئەو دەناسم و نە ئەویش من دەناسێت». کاریی لە لایەن باوک و دایکیەوە پەراوێز خرابوو، هەر بۆیە ئەویش فێرببوو خۆی پەراوێز بخات. لە نێو جڤاتدا خەڵک بەو جۆرەی کاریی چاوەڕێ دەکرد ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد (ئەو تەنها ئەم شێوازە فێرببوو). لە زارۆخانە سەرپەرەشتەکانی پەراوێزیان دەخست، لە فێرگەی سەرەتایی و ناوەندی چەپێنرابوو. پاشان مێردی بە کابرایەک کردبوو ئەویش دەرکەوت ڕێک هەمان ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد کە خۆی چاوەڕوان و بە شایانی دەزانی. ئەو کاتەی هاتبوو بۆ لای من لەدەست مێردەکەی هەڵاتبوو و زۆر دەترسا پەیدای بکات. بەسەرهاتێکی زۆر دژواری هەبوو، ناهەقی نەبوو ڕوخسار و بەرگی لەبیر بچێت. ژیانی ئەو گیان دەربازکردن بوو.

زۆر جار کە لەگەڵ کەسی وەک کاریی گفتوگۆ دەکەم بیردەکەمەوە و بەخۆم دەڵێم: ئەو هەموو مرۆڤە دلۆڤانە و سۆزدارە لە کوێن؟ هۆکار چییە کە کەس کاردانەوەی نییە و هیچی بۆ ناکرێت؟

پێموایە بەداخەوە ئێمە گوێنەدان و چاوپۆشیکردنمان لێ بوەتە نەریت، کاتێک دەبینین منداڵ لە دۆخێکی دژواردایە. دەڵێین: باش دەبێت! منداڵ خۆڕاگرە بەرگە دەگرێت! من بەرپرسم نیم لە ڕزگارکردنی ئەم منداڵە! سەرەڕای ئەمە، هۆکار هەرشتێک بێت کە ئەم بێپەرۆشی سەرپەرەشتدارییە لە ماڵ و لە شوێنە گشتیەکان ڕوو دەدات بێئەوەی کەس خۆی تێبگەینێت، من ڕام وایە کاتی هاتووە ئاگاداری ئەو منداڵانە بین کە لەبەر هەر هۆیەک بێت دۆخی ژیانیان دژوارە.

هەموو کەسێک ئەوەی لە توانایدایە دەیکات. بەڵێ، بەڵام بەداخەوە زۆرێک باوان، ستافی زارۆخانە یان سەرپەرەشتی دیکە هەن ئەو خۆشەویستی و ڕێزگرتنەی لە منداڵی دەگرن، منداڵەکە تێر ناکات. ئەوان پێویستیان بەهەندگرتنی هەست و سۆز و ڕێزگرتنیانە.

پێشمەرجێک بۆ ئەوەی بتوانی لەگەڵ منداڵ ڕەفتار بە شێوازێکی هاوبەها و بێبەراوەرد بکەیت، پێویستە دیدێکی بێ داوەرییت هەبێت بەرانبەر بە مرۆڤ. من، کە منداڵی جڤات و کەلتوورێکی داوەرییم،ساڵانێک بەخۆدا ڕۆچووم هەتا توانیم کۆتایی بە دیدی داوەری و ڕەخنەگرتن لە گەورە و منداڵ بگرم. بەجێگەی بیردەکەمەوە و دەڵێم، «چی وایکردوە تۆ بەم شێوازە ڕەفتار و کردار بنوێنیت...؟ یان دەتەوێت بەم ڕەفتارەت چیم پێ بڵێیت؟».

لەبیرمە کاتێک دەستمکرد بە پێداچوونەوە بە بیر و دیدی داوەرییمدا و تێدەکۆشام دیدێکی نوێ بەدەست بێنم، بڕیارمدا گوتەی نابەجێ نە دەربارەی کەس، نە بە کەس بڵێم. لە دەستپێکدا سەرم سووڕما لەو هەموو جارەی پێشم بەخۆم دەگرت لە گوتەی نابەجێ و شکێنەر بە خەڵکی. ئەوا زۆر دەمێکە من دەستم بەم پرۆژەیە کردوە و وردەوردە هەست دەکەم ئەم دیدە نوییەم دەبێتە بەشێکی گەورە لە مندا، بۆیە ئێستا هەست بە نێزیکایەتییەکی نوێ دەکەم لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی دەیانبینم و ئەوانەی پێم خۆشە لەنێو ژیانمدا بن. بەپێی ئەزموونی پێشووم، کاتێک منداڵ و گەورەم پۆلێن دەکرد ئەوانم وەک مرۆڤێک کە هەبوون نەدەبینی، بەڵکوو پێناسەم دەکردن و شوێنم بۆ دادەنان!

دید یان ڕوانگەی تۆ گەر لە هۆشیارییەوە بێت یان نە، کاریگەریی هەیە لە هەموو دیدار، ڕەفتار و کردارت لەگەڵ کەسانی دیکە. لەبەر ئەوە دیدی تۆ بەرانبەر بە مرۆڤ، بەهاکانی تۆ دەستنیشان دەکات.

**بەهاکانی تۆ - ڕاستیەکانی تۆیە**

بەها چییە؟ بەهاکانی تۆ: کۆی بیر و ڕوانگەی تۆ پێکهێنەری ئەو بەهایانەیە تۆ هەڵگری هەیت و بەمەش جیهان دەبینیت.

چۆنەتی ڕەفتاری تۆ لەگەڵ منداڵ و سروشت، ڕەنگدانەوەی ڕوانگە و بۆچوونی تۆیە بەرانبەریان. بەڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەیت یان بێپەروای بەرانبەریان؟

بەهاکانی تۆ بەشێکی گرینگە لە پێناسەی تۆ، لە ڕاستیدا بەها پرینسیپە بنەڕەتیەکانی شاڕێیی ژیانی تۆیە. سەرەڕای ئەمە زۆر مرۆڤ هەن بەتەواوی ئاگایان لە بەهای خۆیان نییە یان نایناسن. بۆ نموونە سیستەمی بەهای تۆ بڕیار دەدات چ پیشەیەکت هەبێت، چ هەڤاڵگەلێک هەڵبژێریت، چۆن ڕەفتار لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان منداڵدا بکەیت.

دەتوانین بە جۆرێکی دیکە بڵێین سیستەمی بەهای کەسەکی تۆیە دنەت دەدات کردار بنوێنیت و بە شێوازی تایبەت بەخۆیشت بینوێنیت. بۆیە زۆر گرینگە بەهای خۆت بناسیت، بەتایبەت کاتێک ئامانجێک بۆ خۆت دەستنیشان دەکەیت. بەهاکانت لە بژارە و پرۆسەی ڕەوتی ڕووەو ئامانج ڕەنگدانەوەیان دەبێت.

هەر بۆیە زۆر گرینگە مرۆڤ بەخۆدا بچێتەوە و بەهاکانی ڕەنگرێژ بکاتەوە. بۆ نموونە من زارۆخانەیەک پێدەزانم ئەم بەهاگەلەی کردووەتە بنەوان:

ڕێزگرتن، پەرۆشمەندی و چالاکبوون لە هەڤبەندیماندا!

بێگومان واتای وشەکانی بەهای ڕێز، پەرۆشمەندی و چالاکبوون لە هەڤبەندیدا - جیاوازیی هەیە هەم بۆ باوان و هەم بۆ کارمەندانی زارۆخانە. بۆیە بەهەند وەرگرتن و گفتوگۆکردنی و ڕادەی تێگەیشتنی تاک لێیان گرینگە. بۆ نموونە مەبەستی تاک لە ڕێزگرتن چییە؟ بەهای پەرۆشمەندبوون پتر پێشەمی پێدەدرێت لە ڕێز؟ ئەم بەهاگەلە بەرزترن یان نزمترن لە چالاکبوون لە هەڤبەندیدا؟

زۆربەی مرۆڤ بیروڕای کۆنکرێتی خۆیان هەیە دەربارەی ئەم بەهاگەلە، بەڵام گفتوگۆکردنی ئەم چەمکانە لە لایەن باوان و کارمەندانەوە و ڕاگۆڕینەوەیان سوودبەخش دەبێت. دەکرێت بە پرسیارکردن لەخۆت هەندێک ڕاستی بخەیتە ڕوو: چۆن بزانم ئەم بەهایە پارێزراوە؟

گەر بۆ نموونە من بمەوێت بەهای پەرۆشمەندبوون لە هەڤبەندیەکانی خۆمدا پێشان بدەم، دەتوانم لەخۆم بپرسم: چەمکی پەرۆشمەندی چ واتایەکی هەیە بۆم من؟ چۆن پەرۆشمەندی پێشانی منداڵ بدەم؟ چۆن پەرۆشمەندی پێشانی باوان بدەم؟ چۆن پەرۆشمەندی پێشانی خۆشەویستەکەم بدەم؟

یان گەر بمەوێت بەهای ڕێز لە هەڤبەندیەکانی خۆمدا پێشان بدەم، دەتوانم لە خۆم بپرسم: من چ واتایەک دادەنێم بۆ ڕێز؟ چۆن ڕێز لە منداڵ دەگرم؟ چۆن ڕێز لە باوان دەگرم؟ چۆن ڕێز لە خۆشەویستەکەم دەگرم؟

بەها پێشەمیدانە؛ شتێک لە شتێکی دیکە گرینگترە. بۆ پەیداکردنی گرینگترین بەهای باوان، بۆ نموونە وا بنوێنە تۆ تەنها یەک بەهات پێ دەستەبەر دەکرێت. کامیان؟ کام بەها دەبێتە ژمارە دوو، سێ و ...هتد. مرۆڤ هەن خاوەن بەهای کەمن. هی واش هەیە هەست دەکەن زۆر شت گرینگە بیپارێزن هەتا ئاسوودە بن.

زارۆخانەیەکی ئەهلی لە کۆمۆنی نیسۆدن بەڕێوەبەرەکەی کە خاوەنی زارۆخانەکەیە چوار بەهای بەم شێوازە شرۆڤە کردووە.

زارۆخانەکە سێ بەشە، لە ڕاڕەوی هەر بەشێک بەها بنەمایەکانی زارۆخانە بە نووسراوە هەیە. بەم شێوەیە بەهای ڕەوتی کار لەم زارۆخانە ئاشکرایە بۆ هەموو تاکێک بێتە ئێرە. ئەو بەها بنەماییانەی ئەم زارۆخانە کردویە بە شارێ هەرهەمان بەهایە کە من کردومەتە قیبلەنمای خۆم.

**بەها بنەمایەکان:**

- منداڵ، کارمەند، باوان و هەموو تاکێک هاوبەهان.
- ڕێز لە هەموو هەستێک دەگیرێت - هیچ هەستێک هەڵە نییە.
- سەرپەرەشت بەرپرسایەتیی ڕێبەرانە دەگرێتە ئەستۆ و ڕێدەدات بە منداڵ، منداڵ بێت.
- لێرە سێرە گیرە لە پرۆسەی پێشوەچوون - نەک لە ئامادەکردنی ئەنجام.
- ڕاگۆڕینەوە و دیاریکردنی بەها - بنەماییەکان لە ناو خێزاندا زۆر سوودبەخشە، لەبەر ئەوە تۆ پتر ئاگادار دەبیت کە لە ژیانی ڕۆژانە گرینگی بە چی بدەیت.
- تەنها کەسێک تۆ بگۆڕیت خۆتی

من ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ ئەو باوانەی دەیەوێت بە شێوەیەکی پەسەند ڕەفتار لەگەڵ منداڵەکەی بکات، جیاواز لەو ڕەفتارەی باوانی خۆی لەگەڵیان کردوە. جارێکیان باوکێک هاتە لای من بۆ ئامۆژگاری و دەروونسارێژی وەرگرتن، ئەو دەیویست هەڤبەندی نێوان خۆی و دوو منداڵە تەمەن 5 و 3 ساڵانەکەی باشتر بکات. دەیگوت شەوانمان لێ دەبێت بە ئاژاوە، منداڵەکان گوێم لێناگرن و هەموو جارێک بەگریان کۆتایی دێت و ئەمەش وا دەکات من هەستی باوکایەتیەکی باشم نەبێت. من پرسیم بۆ نموونە، تۆ چۆن لەگەڵیان دەدوێت کاتی دەتەوێت ددانیان بشۆن. وەڵام: «ئێستا دەبێت بێن و ددانتان بشۆن». لێمپرسی: «کێ دەڵێت؟»، هێندێک بە سەرسووڕمانەوە چاوی لێکردم و وتی: «مەبەستت چییە؟» پێمگوت گەر تۆ دەتەوێت منداڵەکان بێن ددانیان بشۆن، پێویستە لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆ بیت دەربارەی ئەو پەیامەی دەیدەیت. وەک: «من دەمەوێت ئێوە ئێستە بێن و ددانتان بشۆن».

بڵێ: «من دەمەوێت» یان «من نامەوێت»، ئەوکات پەیامەکەی تۆ زۆر ڕوونترە! (پاشان پتر دەبارەی ئەم بابەتە دەدوێین).

ئەزموونی دایکێک دەگێڕمەوە کە کاتی خۆی لەگەڵ من سەرقاڵی خوێندنی دەروونسارێژیی بوو لە دانمارک. بۆی گێڕامەوە ڕۆژێک ئەم دایکە لەگەڵ کوڕەکەی بە ئۆتۆمۆبیل دەچنە بازاڕ، دایک بە کوڕ دەڵێت: «من

دەمەوێت تۆ لەگەڵم بێیتە نێو دووکانەکەوە». کوڕەکە بە نیگایەکی بێزارییەوە بە دایکی دەڵێت «تۆ دەتەوێت و تۆ دەتەوێت... منیش زۆر شتم دەوێ!». زۆرجار وەهایە کاتێک ئێمەی مرۆڤ دەمانەوێت بە شێوازێکی نوێ ڕەفتار بکەین، تێدەکۆشین بەپێ توانا ئەم ڕەفتارە نوێیە جێگیر بکەین. بۆیە جاری وا هەیە بە هۆی زیادەڕۆییەوە پێی زەرەرمەند دەبین. پێموایە وەڵامێکی باش بۆ کوڕەکە لەو دۆخەدا دەبێتە:

*ببوورە، من دەزانم تۆ هەست بە بێزاری دەکەی لەم شێوە دەربڕینە، من دەمەوێت ڕابێم لە بەکارهێنانی ئەم جۆر ئاخاوتنە. بۆ خۆم هەست دەکەم زۆری بەکار دێنم، سوپاس بۆ ئەوەی بەبیرم دێنیتەوە کە لێت بپرسم «تۆ چیت دەوێت؟» یان «من پێوایە تۆ لەگەڵم بێیتە نێو دووکانەکە زۆر باشترە لێرە دانیشیت، پێتخۆشە لەگەڵم بێت؟».*

### لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە فێر ببە

بەرۆکگیریی مەزن بۆ تۆی سەرپەرەشت ڕەفتاری هاوبەهایە لەگەڵ منداڵ (هەستەکانی منداڵ و تۆ یەک بەهایان هەیە)، بەڵام نابێت بەراوەرد بکرێن، (تۆ ڕسکاویت، بەرپرسی لە ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتیی منداڵ). بەڵام ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵ بە شێوازێک جیاواز لەوەی خۆت وەک منداڵ ئەزموونت کردووە ئاسان نییە. تەرککردنی ڕەفتارێک لە ناخدا چەقی بەستووە و بووە بە خۆڕەوت (ئۆتۆماتیک) کاتی زۆری دەوێت. بەپێ ئەزموونی خۆم ئەم ئەرکە چەندین ساڵ دەخایەنێت و بیرکردنەوە لەم مەودا درێژە بە ئاسانی کۆڵ بە مرۆڤ دەدات.

پەیامی من بۆ تۆ: ڕێ بدە بە خۆت کە لە ڕێگەدای! کاتێک پەی دەبەیت بە وتە یان شتێک کە تۆ بڕیارت دابوو بە شێوازێکی دیکە جێبەجێ بکەیت، شاد بە پەیتبردووە بە شێوازە کۆنەکە و مەیلت هەیە وازی لێ بهێنیت. پەیبردنت بە شێوازە کۆنەکە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی تۆ لە ڕێگەدای!

بەپێ ئەزموون کاتێک بە شێوازی هاوبەها و بێبەراوەرد لەگەڵ منداڵم، دەبینم پێکەوەبوونمان پڕە لە خۆشەویستی دوولایەنە. منداڵ بە زیرەکی جڤاکیەوە لە دایک دەبن و دلۆڤانن، ئەوان لە زیادەی خۆیان دەبەخشن کاتێک لەگەڵ سەرپەرەشتی خاوەن توانای جڤاکی و دلۆڤانین. منداڵ تەکدانەوەی تۆی باوانن. شێوازی ڕەفتاری تۆ لەگەڵ منداڵ، دەبێتە شێوازی ڕەفتاری منداڵ بەرانبەر بە خۆت.

من ئارەزووی سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ خۆت و ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەم بەرۆکگیرییە هەڵدەبژێرن. خۆگۆڕین ئەرکێکی قورس و بوێرانەیە بۆ مرۆڤی ڕسکاو. گەر تۆ هەست دەکەیت شێوازی ڕەفتارت لەگەڵ منداڵ وەک باوان شایستە نییە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی خۆت منداڵ بوویت و ئەم ڕەفتارەت بۆ پارێزگاریت بەرانبەر سەرپەرەشتەکانت کردووە. ئەوان یان هەستەکانی تۆیان نادیدە گرتووە یان ڕێزیان بۆ سنوور و پێویستییەکانی تۆ نەبووە. خۆگۆڕین یان خۆلادان لە ڕەفتاری ناشایست پێویستی بە بەرخۆدان و کۆڵنەدانە.



## باوان یەکەمین مامۆستای فێرکاری منداڵن

کاتێک سەگمان کڕی پێیان گوتین، گەر بمانەوێت شتێکی فێر بکەین پێویستە پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە یەک ساڵ فێرمان کردبێت. (ئەم قسەیە زۆر باوە، دەڵێن دواتر زۆر سەختە فێر بکرێت، بەڵام ئەستەم نییە).

بۆ کاتێک منداڵم بوو کەس پێی نەگوتم کاتەکەت سنووردارە بۆ فێرکردن؟

یەکەمجار دەستم بە خوێندنی دەروونسارێژیی کرد بیستم باوان تەنها دەتوانێت پێش تەمەنی 12 ساڵی کاریگەریی لەسەر منداڵ هەبێت.

تەمەنی منداڵی دەکرێت بێ وردەکاری دابەش بکرێت بە سەر سێ قۆناخدا، لە هەر قۆناخێکدا منداڵ پێویستی بنەڕەتی هەیە. یەکەم قۆناخی تەمەنی ساوایەتییە، دووهەم تەمەنی 3 ساڵی هەتا 12 و سێهەم تەمەنی 12 بۆ 20 ساڵییە. منداڵ لە تەمەنی 3-12 زۆر بەرشکانە، هۆکارەکەی گواستنەوەی تەمەنیەتی لە قۆناخی ساوایی بۆ منداڵی لەوێشەوە بۆ هەرزەکاریی.

منداڵ لە ڕاستیدا منداڵی ئێمەن هەتا دەگەنە تەمەنی 12 ساڵی

منداڵ لە 12 ساڵی بەرایی تەمەنیدا ڕۆژانە ناڕاستەوخۆ پرسیار ئاڕاستەمان دەکات دەربارەی خۆشویستن و ڕەچاوگرتنیان. مەبەستم لە پرسیاری ناڕاستەوخۆ شێوازی پرسیاری ناکردارییە یان نەگونجاوە. بۆ نموونە پێت دەڵێن: «تۆ بەدیت». ئەم وتەیە لە جیهانی مرۆڤی ڕسکاودا واتاکەی دەبێتە: «تۆ منت خۆشدەوێت؟؟». بۆ نموونە باوانێک ئەم جۆرە دەربڕینە تێدەگات دەتوانێت بڵێت: «من نامەوێت تۆ پێم بڵێیت بەد، بەڵام دەزانم تۆ تووڕەی. تووڕەی لێم؟» (بەم شێوە باوان وشەی بەد نادیدە دەگرێت، نەک هەستی منداڵەکە).

گەر باوان کاردانەوەی کۆنکریتی بۆ گوتەی منداڵەکە هەبێت، منداڵەکە نادیدە دەگرێت و دەڵێت: «تۆ بۆ خۆت بەدی، گەمژە»، لێرە (کێ گەورەیە و کێ منداڵە؟). یان دەڵێت: «تۆ زۆر بێئەدەبی». (منداڵ هەمیشە باوانی بە جددی وەردەگرێت، ئەو فێر دەبێت: من بێئەدەبم!) یان پێدەڵێن: «بۆ دەرەوە، تۆ زۆر نەساز و پڕکێشەی». لێرە باوان منداڵ نادیدە دەگرێت و پەراوێزی دەخات. پێچەوانەی خۆشەویستی نەفرەت نییە، نادیدە گرتنە! کاتێک منداڵێک پەراوێز دەخرێت، هەست دەکات باوانی ئەوی ناوێت و هەستی خۆ بە مرۆڤ نەزانی لە دەروونیدا بەرانبەر باوانی دروست دەبێت. بەتایبەت گەر منداڵ لەلایەن کەسێکی گرینگیەوە نادیدە بگیرێت هەست بە سەرلێشێواوی و خەمۆکی دەکات.

نموونەیەک: جارێکیان پیاوێک هات بۆ لام برینی کۆن سارێژ بکات، ئەو گوتی خەمی منداڵی وای لێکردووم توانای دەربڕینی هەستی شادیم بۆ هیچ شتێک لەم تەمەنەدا نییە. دەیگوت باوکی ناپاک بوو بەرانبەر بە دایکی. دایکیشی لە دوای ئەوە زۆر تووڕە و دژوار بووە، تەنانەت دراوسێکانمان، کارمەندانی زارۆخانە و خەڵکی دیکەش پەرێزیان لە دایکم دەگرت. ئەم و دایکی لە خانوویەکدا دەژیان و هێندێک جار دایکی وەڕەز دەبوو دەستی دەکرد بە زریکاندن و لێدانی ئەم. ئەم پیاوە تەمەنی دەورانی منداڵی وەک ترسێکی بەردەوام پڕ لە خەم و دوور لە شادی وەبیر دێتەوە.

ئەم پیاوە دەیگوت کاتێک تەمەنی چوار ساڵ بوو بەسەرهاتێکی ئەزموون کرد کە هەر کات بکەوێتە یادی تەزووبەک دێت بە لەشیدا. ئەو لە زارۆخانە بوو، لە یادیە خۆی گەمەهەڤاڵێکی ناودار نەبوو لەوێ. بەڵام کاتێک لە بازنەی بەیان بە هەڵکەوت لە تەنیشت یەکێک لە کوڕە ناودارەکان دانیشتبوو، لەپڕ هەردووکیان دەستیان بە ئاخاوتن کرد. ئەو ئەمەندە خۆی بە شاد و سەرفەراز دەزانی لەم پەیوەندیە کە بە هەموو شتێک پێکەنینی دەهات. هەتا کوڕە ناودارەکە دەنگێکی سەیری دەرهێنا و بووە هۆی پێکەنینی بەردەوامی ئەم کە بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی خۆیڕابگرێت. یەکێک لە سەرپەرەشتیارانی زارۆخانە بەتووڕیەوە پێیدا نۆڕی، هەستا لە سەر کورسییەکەی و باسکی ئەمی بە توندی گرت و بردیە گۆشەی ژوورەکەوە بە توندی لە سەر کورسیەکی بچکۆلەی دانا و وتی: «لێرە دادەنیشیت و یەک دەنگت لێوە نایەت». ئەم پیاوە کە ئێستا تەمەنی 40 ساڵە بە زاری[42]یەوە ئەم بەسەرهاتەی منداڵی خۆی دەگێڕایەوە. ئەو دەیگوت وام لەیادە دەڵێی دوێنێ ڕوویداوە.

مەبەستی من لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە دەستنیشانکردنی دوو شوێنی جیاوازە لە جیهاندا. ئێمەی باوان پتر خولیای بەشداری و سەلماندنین، کەچی منداڵ خولیای خۆشویستنن لە لایەن باوان و سەرپەرەشت و سەلماندنن لە لایەن منداڵی دیکەوە. بەرۆکگیریی بۆ گەورەکان ئەوەیە دەبێت تێبگەن تەنها ئەوانن ئاگاداری ئەم جیاوازییەن. لە کۆتایی ئەم کتێبە پتر باسی ئەم بابەتە دەکەین: چۆن سنووری خۆمان دەستنیشان بکەین بێئەوەی منداڵی پێ بشکێنین؟

**قۆناخی یەکەم: دوو ساڵی سەرەتای ژیانی منداڵ**

منداڵی ساوا لە دوو ساڵی سەرەتای ژیانیدا بەتەواوی وابەستەیە بە پەرۆشمەندی. لەم ماوەدا متمانەی بنەڕەتی منداڵ دەچەسپێت، یان پێچەوانەکەی ڕوودەدات کە هاتووەتە جیهانێکی دلۆڤان و لێرە مرۆڤەکان پەرۆشی منن لەبەر ئەوە من پڕبەهام بۆیان.

منداڵ بە متمانەی ژینگەی دەوروبەرەوە لەدایک دەبێت. بەداخەوە گەر منداڵ ئەم متمانەیە لە دەست بدات بەبێ ڕەنج بۆی ناگەڕێتەوە. وای دابنێین منداڵێکی ساوا لە خەو ڕادەپەڕێت و دەست بەگریان دەکات، دایکی بە ئارامی منداڵەکە لە ئامێز دەگرێت و قسەی لەگەڵ دەکات. پاش دایبی گۆڕین و شیرپێدانی چێژ لە پێکەوەبوونیان دەبینێت، قسەی لەگەڵ دەکات و سەرنجی گیرە لە کاردانەوە و سیگناڵی منداڵەکەی هەتا دەنوێت و بە ئارامی لە شوێنی خۆی دایدەنێتەوە. ئێستا منداڵەکە بە ئاسوودەیی دەنوێت و متمانەی هەیە بە باوانی، گەر بەخەبەر بێت ئەوان لەوێن و یارمەتی دەدەن.

بەڵام کاتێک دۆخی باوان لەگەڵ خۆی یان ژینگەی باش نەبێت بە ئاسانی بێزار و وەڕەز دەبێت. منداڵی ساوا لە دۆخی وادا هەست بە بێپەرۆشی و بێهاوسۆزی لە لایەن باوانیەوە دەکات. گەر ئەم دۆخە بەدەگمەن ڕووبدات کاریگەریی نابێت لەسەر متمانەی منداڵەکە. بەڵام گەر بەردەوام بێت وردەوردە منداڵەکە متمانەی بە باوانی نامێنێت، گەر منداڵ بگری و هەست بکات کەس بە هانایەوە نایەت، واز لە گریان دێنیت و ڕادێت کە: «هەست و پێویستی من گرینگ نییە». متمانەی بنەڕەتی لاواز دەبێت و خۆی دەگونجێنێت.

[42] زاری: گریان، شیوەنی بەکوڵ.

منداڵ بێسنوور هەستیارە بەرانبەر دۆخی دەروونی باوان. گەر باوان بێئۆقرە بوو، بێئۆقرەیەکە دەگوێزێتەوە بۆ منداڵەکە. لە دۆخی وەهادا منداڵی ساوا وزەیەکی زۆر بەکار دێنێت بۆ بێئۆقرەیی دەروونی خۆی، ئەمەش دەبێتە هۆی شرۆڤەی نادروستی باوان لە سەر پێویستی منداڵ. بۆ نموونە: گەر منداڵ لە ئامێزی باوانی دوای شیرپێدان بنوێت باوان وا دەزانێت ئیدی منداڵەکە تێرە، دوای ساتێک دیسان بەخەبەر دێت و باوانی بێزار دەبێت. «ئەمجا چیت دەوێ، ها؟».

### قۆناخی دووەم: لە تەمەنی 3 ساڵی هەتا 12 ساڵی

لە کۆنەوە تەمەنی سێ ساڵانیان بە تەمەنی لاساری بۆ منداڵ ناوزەد کردووە. ئەمڕۆ زۆر کەس تێگەیشتوون لە تەمەنی سێ ساڵیدا چی ڕوودەدات، بۆیە ناویان گۆڕیوە بە تەمەنی سەربەخۆیی. ئەمە واتای ناوگۆڕین نییە، بەڵکوو تێگەیشتنە لە بەرتەک و گەشەی منداڵ لەم قۆناخەدا. ئەوەی گرینگە ئەم قۆناخە دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری ڕەفتاری ئێمە بەرانبەر بە منداڵەکە.

کاتێک منداڵ دەگاتە تەمەنی سەربەخۆیی، تێدەگات گوتنی نە یان نامەوێت زۆر شتی بۆ دەگۆڕێت. منداڵ کەم کەم ئەزموون دەکات تاکێکی سەربەخۆیە و دەتوانێت سنووری کەسەکی خۆی دیاری بکات، هەر بۆیە بیردەکاتەوە: «ئەمە شتێکی سروشتییە پتر پەرەی پێبدەم». لایەنێکی سەرنجڕاکێش ئەوە کە باوان و تەنانەت سەرپەرەشتیش بەرانبەر ئەم قۆناخەی گەشەی منداڵ لاساری دەنوێنن. دەتوانین بە جۆریکی دیکە بڵێین: باوان لەم قۆناخە ڕەفتاریان زۆر ڕەق دەبێت بەرانبەر بە منداڵ وەک چۆن خۆیان لە قۆناخی سەربەخۆیی خۆیاندا ڕەفتاریان لەگەڵ کراوە ئاواش ڕەفتار لەگەڵ منداڵ دەکەن. بەزۆری پەروەردە لە نەوەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە!

بەرۆکگیریی لەوەدایە توانای دیتنی نیشانەی ڕەفتاری منداڵت هەبێت و تێبکۆشیت هۆکارەکەی پەیدا بکەیت: بزانیت منداڵ دەیەوێت چیت پێبڵێت و هەر ئەودەم دەرکی بکەیت. گەر تۆ تێناگەیت لە پەیامی منداڵەکە، پێیبڵێ تۆ پێتخۆشە لەو تێبگەیت. بۆ نموونە: «من دەبینم تۆ ناتەوێت بمدوێنیت و نیگەران دیاریت. چیت دەوێت بۆت ئەنجام بدەم؟» بەم جۆرە نە دەیشکێنیت و نە هەستی بریندار دەکەیت، بەڵام بەم پەیامە بە منداڵ دەڵێیت تۆ ئارەزووی تێگەیشتنت هەیە و پەرۆشی ئەویت. بە واتایەکی دیکە دەبێتە نەبوونی بەرتەک بەرانبەر بە وشە، بەڵام بیرکردنەوە لە هۆکاری بەرتەکی منداڵەکە بەرانبەر خۆت، چی وا دەکات منداڵەکە وشەی بەد بەکار بهێنێت و دووریت لێ بگرێت.

دۆستێکم هەیە دایکی کوڕێکی پێنج ساڵانە کاتێک ویستیان پێکەوە بچنە لیستۆکفرۆشی[43] بۆ کڕینی دیاری بۆی، ئەمە ڕوویدا: کوڕەکە داوای لە دایکی کرد لیستۆکێکی تایبەتی بۆ بکڕێت، دایکی لە وەڵامدا وتی ئەو لیستۆکەت بۆ ناکڕم. کوڕەکە دیسان پێداگری کرد و وتی هەموو هەڤاڵەکانی زارۆخانەی ئەو لیستۆکەیان هەیە، دایکی دووپاتی کردەوە کە نایەوێت ئەو لیستۆکەی بۆ بکڕێت. بەڵام ئەو پێشنیازی پێدەکات بۆ خۆی پارە پاشەکەوت بکات و بۆ خۆی بیکڕێت، گەر پێیخۆشە. کوڕەکە پێشنیازی دایکی بەدڵ نەبوو، هەر بۆیە دەستیکرد بە ناسزا[44] گوتن بە دایکی: تۆ بەدی و قەت شتێکم بەدڵی خۆم بۆ ناکڕیت و هتد...

---

[43] - لیستۆک: کەلوپەلی یاریپێکردنی منداڵ.

[44] ناسزا: گوتەی ناشیرین، ناشایستە، نارەوا و جوێندان. بڕوانە فەرهەنگی خاڵ.

دۆستەکەم بۆی گێڕامەوە ئێستا ئەو فێربووە و توانای جیاکردنەوەی هەستی کەسەکی هەیە و تێکەڵی ناکات لەگەڵ کێشە، (هونەری جیاکردنەوەی هەستی کەسەکی لەگەڵ کێشە) بۆیە ئەم جۆرە ڕووداوانە بە ئەزموونێکی باشەوە کۆتایی پێدێنێت. هەر بۆیە ئەو لە وەڵامی ناسزا گوتنی کوڕەکەدا گوتی: «من نامەوێت پێم بڵێیت بەد، بەڵام تێدەگەم تۆ نەکڕینی ئەم لیستۆکە بە کردارێکی بەد دەبینیت».

دۆستەکەم دەڵێت کاتێک من بەم شێوازە لەگەڵ منداڵەکەم ڕەفتار دەکەم- بە وشە بیر و هەستی خۆم دەردەبڕم و هاوکات هەستی کوڕەکەشم دەسەلمێنم- بۆیە هەموو دیاردەکە وەک باڵۆنێک دەچێت هەواکەی لێدەرکەی و فش بێتەوە، بێزاریی کوڕەکە دادەمرکێت. زەمینەی ئەو ڕەفتارەی دۆستەکەی من لەگەڵ کوڕەکەی دەبێتە، «من تۆم خۆشدەوێت، بەڵام ئێستا ئەو یارییەت بۆ ناکڕم».

گەر منداڵ هەتا دەگەنە تەمەنی 12 ساڵی بەو ئەنجامە بگەن کە باوان ڕاستگۆیانە ئەویان خۆشدەوێت، دەبنە خاوەنی بەهایەکی بێسنوور بۆ تەمەنی ڕسکانیان. دەرککردن بە «خۆشەویستی باوک و دایک و پێزانینی سەرەڕای ئەوە باوانی هەمیشە دڵخۆش نین بە ڕەفتار و کرداری» دەبێتە بنەمایەکی باش بۆ گەشەکردنی و هۆی سێرەگیریی تەواو لە ڕەوتی ژیانی. ئەمە ئەزموونی منداڵێکە خۆشەویستی بێمەرجی پێدراوە. ئەم خاوەنی باوانێکە بە شێوازی هاوبەها ڕەفتاریان لەگەڵ کردووە، بێئەوەی بەراوەردی بکەن بە خۆیان. سەرنج بدە ئەم منداڵانە چەندە بەختیارن، ئەوان درێژە بەژیان دەدەن بە خۆڕێز و سەربەرزییەوە. ئەوان خاوەنی ڕێژەیەکی زۆر لە خۆهەست و هەستزیرەکین و هەردەم ئامادەن بۆ بەرۆکگیریی نوێ! ئەم منداڵانە ئاستی هەڵکشانی گەشەیان زۆر بەرزە.



## منداڵ پێویستی بە باوانی هەڵەبەدەر و نموونەیی نییە

بێگومان منداڵ پێویستیان بە باوان و سەرپەرەشتی هەڵەبەدەر نییە، بەڵام پێویستیان بە باوانێکە کە بەپێ توانا لە پێناویاندا تێدەکۆشێت.

- ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵ بە دیدێکی ناداوەریی:[45] هەموو کەسێک ئەوەی لە توانایدایە بەپێی دۆخ و پێشمەرجی خۆی دەیکات.
- ئاگادار بە لە ڕەفتارت لەگەڵ منداڵ و چۆنەتی دیدار و کارلێکی لە سەر هەستەکانیان بەرانبەر بە خۆیان.
- بە شێوازێکی هاوبەها ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵ: «هەستەکانی من و تۆ یەک بەهایان هەیە»، لەبیرت بێت ڕێبەرایەتی و بەرپرسایەتی ئەرکی تۆی سەرپەرەشتە.
- بە خۆشەویستی بێمەرجەوە لەگەڵ منداڵ ڕەفتار بکە، بەجێگەی داوەریی، پێناسەکردن و ناو ناتۆرە، ڕابمێنە لەسەر ڕەفتاریان.
- زمانی کێشەئافرێن[46] بەکارمەهێنە (لەکۆتاییدا باسی دێت)، و هەستەکانی خۆت و منداڵیش بە وشە دەربیرە و دەستنیشانی بکە.

بەکورتی ئەم شێوازە بریتییە لە پەرەپێدانی هەستزیرەکی منداڵ کاتێک لەگەڵ باوانی پەیڤڕوونن.[47] باوانێک کە هەم ڕێز لە هەستی خۆی و هەم هەستی منداڵ دەگرێت، هاوکات بوێرە، کراوە و ڕاستگۆیە دەربارەی کەسایەتی و دۆخی دەروونی خۆی بێئەوەی دەربڕینی شکێنەر بەکار بهێنێت. واتە باوانێکە بەرپرسە لە پەیڤ و شێوازی خۆبەیانکردن، ئەم لایەنە بڕیاردەرە دەربارەی بریندار نەکردن و نەشکاندنەوەی هەستی بەرانبەر.

بەڵام چۆن بەم شێوازە ڕەفتار لەگەڵ منداڵ دەکەیت؟

لەم بەشەی کتێبەکە باسی هێندێک هۆکار دەکرێت بۆ یارمەتیدان، گەر کەسێک ویستی بە شێوازی هاوبەها لەگەڵ منداڵ ڕەفتار بکات بێئەوەی بەراوەردی بکات لەگەڵ خۆی.

## منداڵ قەدرزانی باوانی خۆیانن

باوان گرینگترین کەسە لە ژیانی منداڵدا و پەیوەندی هەستەکی توندوتۆڵی لەگەڵی هەیە. وەک مامۆستای زارۆخانە پیشەیەکت هەڵبژاردوە بڕیاردەرە لە ئایەندی منداڵ، ئەو شێوازە ڕەفتارەی تۆ لەگەڵ تاکی منداڵ

---

[45] ناداوەریی: Not Judicial بێداوەرییکردن، دیدێک بریتی نەبێت لە ناو و ناتۆرە دیارییکردن بۆ مرۆڤ.

[46] کێشەئافرێن: کێشەخوڵقێن، کێشەسازکردن.

[47] پەیڤڕوون: کەسێک دەربڕینی ڕوونە، ئاشکرایە.

دەیکەیت بڕیار دەدات ئەو هەست بکات ڕەچاوگیراوە یان پەراوێز خراوە. دەمەوێت دەربارەی ئەم لایەنە بەسەرهاتێکی خۆمتان بۆ باس بکەم کاتێک بە لای زارۆخانەیەکدا تێپەڕیم: بەهەڵکەوت دایکی یەکێک لەو منداڵانەی لەم زارۆخانەیە دەناسم، کوڕێکە تەمەنی چوارساڵە، ناوی لوکاسە و دەزانم ڕوخساری چۆنە، بەڵام ئێمە یەکدی ناناسین.

کاتێک بەلای زارۆخانەکەدا تێپەڕیم دیتم لوکاس لەپەنای کۆمەڵێ منداڵ کە خەریکی یاریکردن بوون زۆر بەسۆزەوە دەگریا، پیاوێکی گەنج کە لەوێ کارمەند بوو لە پەنایەکەوە دوور لە لوکاس ڕاوەستا بوو. بۆ بەدبەختی من گوێم لێ بوو کابرا بانگی لوکاسی دەکرد و دەیگوت: «بەس بگری، گەر گریانەکەت نەبڕیتەوە کەس یاریت لەگەڵ ناکات!». هەر ئەمەم بیست زۆر خەمبار بووم و لە شوێنی خۆم وەستام، ئەو کابرایە چی دەڵێت؟ دەکرێت ئەمەندە خەمسارد و بێپەرۆش بێت بەرانبەر بە منداڵێک لە حاڵی گریاندا؟ هەستی هاوسۆزی نییە؟ ئەو دەیەوێت چی بە لوکاس بڵێت؟ لە زارۆخانە گریان قەدەغەیە؟ گەر تۆ خەمگینی ئێرە شوێنی خەمخۆری نییە؟ لێرە تەنها منداڵی شاد شوێنی هەیە؟

کاتێک گەڕامەوە بە هەمان ڕێگەدا خۆشبەختانە دیتم ئەو پیاوە گەنجە لە دەرەوە ڕاوەستاوە و جگەرە دەکێشت. لەبەر ئەوە دەڵێم خۆشبەختانە چۆن توانای فەرامۆشکردنی ئەم بەسەرهاتەم نەبوو و هەر بیرم دەکردەوە چۆن یارمەتی لوکاس بدەم.

هەر بۆیە ڕۆشتم بۆ لای ئەم پیاوە گەنجە و پێموت پێم خۆشە لەگەڵت بدوێم گەر لاریت نییە. ئەو گوتی زۆر ئاساییە، فەرموو، بەسەرهاتەکەم چۆن بینی وەهام بۆ گێڕایەوە. کابرا وشک بوو لە شوێنی خۆی وەک چۆن دز بە بارەوە دەگریت. ئەو هەستی کرد هێرشم کردوەتە سەری و بەجێگەی گوێڕادێریی کەوتە پارێزگاری لە خۆی و وتی: «تۆ لەم ڕۆژانەدا لەگەڵی نەبووی، ئەو بەردەوام دەگری، من بەتەواوی بێزار بوومە لەم گریانەی». لێم پرسی: «تۆ بیرت لێکردۆتەوە بۆچی دەگریت یان هۆکارەکەی دەزانیت؟»، کابرا چاوێکی لێکردم و وەڵامی نەداوە. گوتم: پێموایە ئەم گریانەی لوکاس هۆکارێکی هەیە. وا بیرکەوە تۆ خەمێکت هەیە و لەپڕ لە ژووری پشوودانی ستافی کارەکەت دڵتەنگ دەبێت و دەست بەگریان دەکەیت، هەست بەچی دەکەیت گەر یەکێک لە هاوکارەکانت پێت بڵێت: گەر تۆ ئێستە ئەم گریانەت نەوەستێنیت کەس نایەوێت لەم شوێنە کارت لەگەڵ بکات. پێتخۆش بوو گەر هاوکارەکەت بەجێ ئەوە بڵێ: «دەبینم ئازارێکت هەیە، دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ یان پرسیاری دڵتەنگیەکەت لێبکات؟»، کابرا پێی گوتم تۆ خۆشت نازانی باسی چی دەکەیت، پێم گوت من ڕێزم هەیە بۆ بۆچوونەکەت، بەڵام گەر تۆ پێت باشە من دەتوانم بێم و بەشدار بم لە جڤین یان هەر ڕاگۆڕینەوەیەکی دیکە بۆ گفتوگۆکردنی ئەم جۆرە بابەتانە، لەوانەیە بەم شێوە هەموومان شت لە یەکدی فێربین، بەڵام ئەو نەیویست.

لە دەرفەتێکدا هەموو بەسەرهاتەکەم بۆ دایکی لوکاس گێڕایەوە، ئەو زۆر سوپاسی کردم کە پەرۆشی لوکاس بوومە. من لایەنگیری هەرە بەهێزی کراوەیی نێوان باوان و ستافی زارۆخانەم دەربارەی هەر شتێک هەستی منداڵ بورووژێنێت. کاتێک سەرپەرەشت دەزانێت منداڵ هەست بەچی دەکات، بۆ نموونە دژواربوونی هەڤبەندی نێوان باوک و دایک یان دۆستی نێزیکی لە زارۆخانە یاری لەگەڵ ناکات - ئەودەم کەسانی بەرپرس لە منداڵ شیمانەی گەورەتریان هەیە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی منداڵ و بەدەمەوە هاتنی.

دواتر زانیم باوکی لوکاس دوو هەفتە دوای بەسەرهاتەکەی من خۆی کوشتووە. منداڵ زۆر هەستیارن و زوو دەزانن بە دژواری دۆخی باوانیان، دوای ئەم ڕووداوە تێگەیشتن لە هۆی گریانە بەکوڵەکەی لوکاس ئاسانە کە دوو - سێ هەفتە پێش خۆکوشتنی باوکی ڕووی دەدا. لوکاس هەستی کردبوو کە دۆخی دەروونی باوکی

ناهەموارە، بۆیە هەموو ڕۆژێک ئەم خەمەی دەبردە زارۆخانە، بەڵام بەداخەوە کەس لەوێ لێ تێنەگەیشت و بەخەمساردییەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کرد. ئێستا دەپرسم: کێ پێویستی بە فێربوونی توانای جڤاکیە؟ کابرای ستافی زارۆخانە یان لوکاس؟ هەست بە پەژارەیەکی زۆر دەکەم کاتێک ئەم مێژووە دەنووسم. دەزانم لوکاس یەکەم منداڵ نییە بەم شێوازە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت، پێشموایە کابرای ستافی زارۆخانە بێگومان بە شێوازیکی دیکە ڕەفتاری لەگەڵ لوکاس دەکرد، گەر ئەو بۆخۆی لە منداڵیدا هاوسۆزی ئەزموون کردبا. مرۆڤی هەستڕووشاو بە ئاسانی هەستی کەسانی دیکە دەڕووشێنێت، بە بۆچوونی من گەورەترین بەرۆکگیریی لەوەدایە: هێرش نەکرێتە سەر کابرای ستافی زارۆخانە یان ستافی دیکە یان باوانێک کە هەمان هەڵەی ئەو کابرایە دەکەن، بەڵام بژارەیەکیان پێبدەی هەم خۆیانی تێدا ببیننەوە هەم منداڵەکە. من ناتوانم کەسێکی دیکە بگۆڕم، تەنها تۆی دەتوانیت خۆت بگۆڕیت گەر بتەوێت. گەر بتەوێت لایەنی مرۆیت گەشە بکات، ببە بە باوان یان مامۆستایەتی زارۆخانە بکە پیشەت. زارۆخانە باشترین گۆڕەپانە بۆ تۆژینەوە و گەشەپێدانی دلۆڤانی هاوئاهەنگ و فرەلایەن.

بەرۆکگیریم بۆ تۆ: پێش هەر جارێک لەگەڵ منداڵ دەدوێیت بیربکەوە؛ بۆچوونم چۆن دەبوو گەر بەم شێوەیە ڕەفتار و قسەم لەگەڵ کرابا؟ هەرکاتێکیش هەستت کرد وتەی هەڵە یان ڕەفتاری هەڵەت کردوە داوای لێبوردنی لێ بکە، ئەم لێبوردنەی تۆ زۆر گرانبەهایە بۆ منداڵ. من پێموانیە منداڵ فێری گوتەی لێبوردن بێت گەر باوان یان سەرپەرەشتیان پێیان نەڵێن.

زارۆخانە دەکرێت باشترین پلان و پرۆگرامی فێرکاریی هەبێت بۆ منداڵ، بەڵام شێوازی ڕەفتاری ستافە، بڕیار دەدات ئەوان سێرەیان گیر بکەن لە فێربوونی نوێ یان هەر لەبیری گیان دەربازکردندا بن. ئەوە گرینگ نییە ئێوە چی لەگەڵ منداڵ ئەنجام دەدەن، بەڵام چۆنەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ تاکی منداڵدا گرنگترینە. ئەم لایەنە ناو خێزانیش دەگرێتەوە.

**بە منداڵ بڵێ تۆ چیت لێیان دەوێت، ڕستە بە وشەی «مە» دەستپێمەکە**

- بیرمەکەوە لە سێوی سەوز!
- ئێستە تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە؟ بیر لە سێوی سەوز دەکەیتەوە؟
- تۆ پێتوایە من پێت بڵێم، من چیم پێباشە نەیکەیت؟
- تۆ پێتوانیە ژیرانەتر بێت، پێت بڵێم چیم لە تۆ دەوێت ئەنجامی بدەیت؟

کاتێک تۆ بە منداڵێک دەڵێیت کە لە سەر مێزێک ڕاوەستاوە: «من داوات لێدەکەم برۆیتە سەر زەویەکە»، بەم جۆرە بە منداڵ دەڵێیت تۆ چیت لێ دەوێت. پێچەوانەکەی دەبێتە: «لە سەر مێزەکە ڕامەوەستە»، ئەم پەیامە تەنها بە منداڵ دەڵێت تۆ چیت لە منداڵ ناوێت، بەڵام هیچ شتێک دەربارەی ویستی تۆ ناگەیەنێت. لێرەدا منداڵ پێویستە داخوازی تۆ بدۆزێتەوە - گەر تۆ بۆخۆت بزانی داخوازیەکەت چییە؟

نموونەیەکی زۆر ڕوونتر، دەکرێت منداڵێک بێت دەنگەدەنگی زۆر بکات، زۆر باوە بڵێیت «دەنگەدەنگ مەکە!» من بەڵێنت پێدەدەم پێشنیازێکی پێبکەی کاریگەری پترە لەوە، وەک: «پێتخۆشە وێنە بکێشیت؟» یان، «پێتخۆشە وێنە بکێشیت یان بە خشتۆکە یاری بکەیت؟» جارێکیان گوێم لە ژنێکی ژیر بوو گوتی: «منداڵ داوای سەرنج ناکەن، ئەوان ئارەزووی پەیوەندیان هەیە». بەڵێ، ئەوان ئارەزووی پەیوەندیان هەیە لەگەڵ ئەو

باوانه یان سەرپەرەشتەی لەگەڵین، هەتا باوان کاتیان بۆ تەرخان بکات، گوێیان لێ بگرێت و تێبکۆشێت بچێتە ئاستی منداڵەکە.

کاتێک تۆ دەستەواژەی «دەمەوێت و نامەوێت» لەگەڵ منداڵدا بەکار دەهێنیت پەیڤرِوونی کە تۆ کێیت و چیت دەوێت، بەرپرسایەتیی تاکی خۆت دەگریتە ئەستۆ و پەیامێکی کۆنکرێت لە ویستی خۆت ئاراستەی منداڵ دەکەی. بەم جۆرە دەرفەت بە منداڵ دەدەیت بەپێی ویستی تۆ ڕەفتار بکەن. گەر تۆ سەرەڕای پەیڤروونیت هەستەکانی خۆت و منداڵ بەپێی دۆخ و کات بە وشە دەربڕیت ئەوکات بە شێوازێکی هاوبەها و بێبەراوەرد لەگەڵ منداڵ ڕەفتار دەکەیت.

تەنها شتێک وشەی «دەبێت» ی بۆ بەکاربهێنیت مردنە، دەنا هەموو شتێک لە ژیاندا بژارەیە.

ساڵانێکی زۆری خایاند هەتا توانای خۆدیدم پەیدا کرد، یان توانیم هەستزیرەکی خۆم دەرخەم. هۆیەکەی هەبوونی باوانێک بوو کە وشەی «دەبێت»ی بەردەوام بەکاردەهێنا. لە تەمەنی منداڵیمدا وەک هەموو منداڵێک بەتەواوی وابەستە بووم باوانم بەخێوم بکەن و خۆشەویستیم بدەنێ. بۆیە سەنگەری ناچارەکیم هەڵبژارد بۆ بەکارهێنانی ئەم «دەبێت»ـانە، بەڵێ، من بوومە ئەو کچەی پێدەڵێن: «گوێڕایەڵ، زیرەک و دلۆڤان» ئەوەی من فێربووم بیریی لێبکەمەوە: «ڕەچاو نەگرتنی خۆم بوو، ژێرپێ خستنی خۆم، من ڕاهاتووم ببمە قوربانی ویستی کەسانی دیکە». «هەموو کەس لە من گرینگترە». «ئێستە دەبێت چی بکەم؟» دەکرا من بژارەکەی دیکەیان هەڵبژێرم، وەک پێشتر باسم کرد. دەمتوانی بژارەی بەرەنگاریی هەڵبژێرم، دژی هەموو ئەم «دەبێت» ـانە ببمەوە، دژایەتی بکەم و توندوتیژیی بنوێنم. بەڵام ئەمەیانم نەکرد.

فێربووم پتر گوێ بۆ کەسانی دیکە بگرم، لەباتی خۆم، هەر بۆیە وردەوردە خۆمم لەدەست دا و نامۆبووم لە خۆم. تەنانەت بۆ یەکجاریشم لەبیر نییە سەرپەرەشتەکانم لێیانپرسیبم: «تۆ چیت دەوێت..؟ ڕای تۆ چییە؟» یان: «دۆخی تۆ چۆنە ئێستا؟».

ئەمە وای کرد من ببمە مرۆڤێکی زۆر بەروونفەرمان. واتاکەی بووە بەردەوام بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای: «چاوەڕوانی چیم لێدەکرێت؟ دەبێت چی بکەم بۆ ڕەزامەندی ئەم مرۆڤانە؟ سەرپەرەشتەکەم لەمن تووڕەیە؟ چیمکردووە وا ئەو لە من تووڕەیە؟ ئێستا پێویستە من میهرەبان بم هەتا سەرپەرەشتەکەم منی خۆش بوێت». من فێربووم بەرپرسایەتیی هەستی ئەو مرۆڤانەی لەخۆم گەورەتر بوون بگرەمە ئەستۆ و کاتێک ڕسکام بەردەوام بووم لە بەئەستۆ گرتنی هەستی کەسانی دیکە و پەیوەندیم لەگەڵ هەستەکانی خۆم نەما.

ساڵانێکی زۆرم لە ژیانی خۆم بەکارهێنا بۆ پەژراندنم لە لایەن کەسانی دیکەوە. ئەمڕۆ پێموایە هەموو مرۆڤێک بۆ ژیانی خۆی هاتووەتە ئەم جیهانە. تۆ هاتوویتە ئەم جیهانە بۆ ئەوە ژیانی خۆت بەو جۆرەی دەتەوێت بەسەرببەیت، نەک بۆ خزمەتکاری کەسانی دیکە، و هەروەها منداڵەکانیشت بەهەمان شێوە یان ئەو منداڵانەی تۆ لە زارۆخانە سەرپەرەشتیان دەکەیت. ئەوان لێرەن بۆ بەسەربردنی ژیانی خۆیان، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن بۆ خۆیان بژین پێویستیان بە پەیوەندییە لەگەڵ قیبلەنمای خۆیان- هەستەکانیان.

واز لە بەکارهێنانی *تۆ، ئێمە، پیاو / مرۆڤ* لە دەستپێکی ڕستە بێنە و بە *من* دەستپێبکە

زۆربەی مرۆڤە ڕسکاوەکانی ئەم ڕۆژگارە ئەزموونی ئەم شێوازە پەیڤەیان هەیە لە باوانیان، «بە ئەستۆ نەگرتنی بەرپرسایەتی لە پەیڤدا» تۆ، ئێمە، پیاو / مرۆڤ:

- «تۆ دەبێت چاکەتەکەت لەبەرکەیت!» (کێ ئەمە دەڵێت؟)
- «تۆ دەبێت ئێستە بێیتە ژوورەوە» (کێ ئەمە دەڵێت؟)
- «پیاو / مرۆڤ ناتوانێت بەم جۆرە بڕواتە دەرەوە» (کێ ئەمە دەڵێت؟)
- «پیاو / مرۆڤ دەبێت دەستی بشوات» (کێ ئەمە دەڵێت؟)
- «ئێمە دەبێت واز لە یاری بێنین» (کێ ئەمە دەڵێ؟)
- «ئێمە دەبێت ئێستا بڕۆین» (کێ ئەمە دەڵێت؟)

گەر کەسانێک بەم شێوازە لەگەڵ تۆ بدوێن، ئەم شێوازە کێشەئافرێنە! پێتخۆشە فەرمانەکەی جێبەجێ بکەیت؟ من پێم خۆش نییە...

ئەی بژارە چییە؟ بژارە ئەوەیە کە مرۆڤی ڕسکاو پەیڤڕوون بێت، بەرپرسایەتیی ڕێبەرانە بگرێتە ئەستۆ، بەشێوەیەکی کێشەبەدەر بدوێت و لەخۆیەوە دەستپێبکات، من دەمەوێت...

- «من دەمەوێت تۆ چاکەتەکەت لەبەر بکەیت!»
- «من دەمەوێت تۆ بێیتە ژوورەوە!»
- «من دەمەوێت تۆ چاکەتەکەت لەبەر بکەیت پێش ئەوەی بڕۆیتە دەرەوە!»
- «من دەمەوێت تۆ دەستەکانت بشۆیت!»
- «من دەمەوێت تۆ واز لە یاریکردن بێنێت!»
- «من دەمەوێت ئێستا ئێمە بڕۆین!»

منداڵی خاوەن توانای جڤاکی بەم شێوەیە دەدوێت، بەشێوەیەکی کێشەبەدەر هەر لەخۆوە ڕستەی بە من دەستپێدەکات: «من دەمەوێت و من نامەوێت...». کاتێک منداڵ دەگاتە تەمەنی سەربەخۆیی بەم شێوەیە دەدوێت، ئەوی پێشتر پێی دەگوترا تەمەنی لاساری (دەوروبەری 3 ساڵان). دەربڕینی تۆش لەم تەمەنە هەر وەها بووە، هەموو منداڵێک لەم تەمەنە بەم شێوە دواوە و دەدوێت. ئەی هۆکارەکەی چییە هەموو مرۆڤە ڕسکاوەکان دەڵێن: تۆ دەبێت... تۆ نابێت... پیاو / مرۆڤ دەبێت... پیاو / مرۆڤ نابێت...؟ بێگومان ئێمە لە باوانمان فێربووین و سێرەگیریی خۆمان لەبیر چووە لە کاتی ئاخاوتندا. ئێمە فێربووین نەڵێین چیمان دەوێت، بەڵام فێربووین چی دەبێت بکەین، ئێمە فێربووین لە ڕێگەی مێشکمانەوە خۆمان دەربڕین نەک لە ڕێگەی دڵ و دەروونەوە.

گەر باوان بڵێت: «من دەمەوێت». یان: «من نامەوێت..»، خۆی ئاشکرا دەکات و منداڵ تێدەگات ئەو کێیە و چی دەوێت. بەم شێوەیە باوان پەیڤڕوونە بەرانبەر بە منداڵ و ئەم ڕوونبوونە زۆر گرینگە بۆ منداڵی جڤاکی ئەمڕۆ، هۆیەکەی بوونی ڕێبەر و سەرپەرەشتی زۆرە لە ژیانی ڕۆژانەیدا. هێندێک منداڵ دوو باپیرە و دوو داپیرەیان هەیە، دوای ئەمان کارمەندانی زارۆخانە، یاریگە و خزم و کەس لێرە و لەوێ پەیوەندی چڕیان لەگەڵیان هەیە.

**به وشە هەستەکانی خۆت و هەستەکانی منداڵیش دەربڕە**

واژەی خۆگری- Integrity واتای تەواوی یان بێکەموکوڕی دەدات، کاتێک تۆ بەم شێوازە لەگەڵ منداڵ ڕەفتار دەکەیت و ئەوان هەست ناکەن تۆ بەکەمیان دەزانیت، ئەودەم تۆ دەبیتە پشتیوان بۆ هەستی خۆگری منداڵ. ئەم پشتیوانەتیە لەڕێگەی ئەم واژانەوە دەستپێدەکات: «من دەمەوێت..»، «من نامەوێت..» و دەربڕینێک لە خودی خۆتەوە دەستپێبکات و منداڵ تێبگات تۆ چیت دەوێت و چیت ناوێت. بۆ ئەوە منداڵ هەست نەکات تۆ باوان یان سەرپەرەشتێکی زاڵیت گرینگە لایەنێکی دیکە بەم واژانە زیاد بکەیت، ئەویش هەستەکانی خۆت و ئەوی لە منداڵدا دەیبینیت بە وشە دەربېرێت کاتێک هەست دەکەیت پێویستە.

پەیامی: «من دەمەوێت... یان نامەوێت... وا دێتە بەرهەست کە زۆر ڕەق و دابڕە، بەڵام ئەم پەیامە بۆ منداڵ زۆر ئاسانترە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت، گەر تۆ هەستی خۆت و هەستی منداڵ بە وشە دەربڕیت». نموونەیەک: کچەزاکەم کە تەمەنی سێ ساڵانە لە نێو بانیۆی حەمامدا یاری دەکرد، ئەم کوڕە دەمێک بوو لەوێ لە نێو ئاوەکەدا بوو و منیش دەمەویست لەوێ بیهێنمە دەرەوە، چونکە سبەی دەبوو بڕواتە زارۆخانە. من دەمویست بەرپرسایەتی و ڕێبەرایەتی پێویستی ئەو بگرەمە ئەستۆ: ئەم منداڵە پێویستە بنوێت، ئەمجا ئەمە ڕوویدا:

- من: «من دەمەوێت تۆ ئێستە لە بانیۆیەکە بێیتە دەرەوە».
- کوڕەکە: «نەخێر، من دەمەوێت زیاتر مەلە بکەم».
- من: «دەمەوێت پاش کەمێکی دیکە بێیتە دەرەوە».

دواتر:

- من: «ئێستا دەمەوێت بێیتە دەرەوە».
- کوڕەکە: «ئێستا نە، کەمێکی دیکە».
- من: «نەخێر، هەر ئێستا».
- کوڕەکە: «نا، من دەمەوێت مەلە بکەم».
- من: «کوڕم، دەزانم تۆ دەتەوێت مەلە بکەی».
- کوڕ: «نا» و دەستی کرد بە گریان.
- من: «تۆ خەمباری، تێتدەگەم، دەزانم پێتخۆشە بەردەوام بیت. بۆت هەیە خەمبار بیت».

ئیدی من دەستم کرد بە هەڵگرتنی لە نێو بانیۆیەکە و ئەو دەگریا و خۆی ڕادەوەشاند.

- کوڕ: «تۆ بەدی».
- من: «بەڵێ، دەزانم تۆ ئەمەت پێ بەدە».
- کوڕ: «من دەمەوێت مەلە بکەم».
- من: «بەڵێ، من دەزانم».

پاش ئەوەی خەمی مەلەکردنەکەی تەواو بوو دەستمان کرد بە دووان دەربارەی شتی دیکە. لەوکاتەوە بەم شێوازە لەگەڵ منداڵ ڕەفتار دەکەم، بە گریانی منداڵەکە نە دڵم تەنگ دەبێت نە ویژدانم ئازاری پێدەگات. هۆیەکەشی ئەوەیە، من نە پەراوێزم خستووە نە شکاندوومەتەوە.

ئامانجی من وەک باوان سەلماندنی هەموو هەستێکی منداڵە و ڕێپێدانیەتی بەو هەستەی هەیەتی. من ڕێم بە کچەزاکەم دا خەمی بەردەوامبوون لە مەلەکردنەکەی بخوات، تەنها ئەوەی دەمبینی بە وشە دەرمدەبڕی و بڕیارمدا وشەی بەد کار لە کەسایەتیم نەکات. پێم نەگوت، بەسە، واز بێنە مەگری یان تۆ زۆر لاساری و ...هتد.

هەموو هەستێک بۆ کەسی خاوەن هەست دروستە، هیچ هەستێک هەڵە نییە، نە هەستی منداڵ نە هی گەورە.

گۆڕانی لایەنێکی دیکە پاش گۆڕینی ڕەفتارم بەرانبەر بە منداڵ، دانەنانی سنوورە بۆیان، ئێستا تەنها سنووری کەسەکی خۆم دیاری دەکەم. لێرەدا من داکەوتی خۆم پێشانی منداڵ دەدەم نەک لایەنی سنووری ڕەوشتی و پاشانیش بەرپرسایەتی بخەمە ئەستۆی ئەو. بۆ نموونە: «بەسە، ئیدی وازبێنە لە مەلەکردن، کاژێر ئەوەندەیە و تۆ ئێستا دەبێت بخەویت دەنا، سبەی زۆر ماندوو دەبیت و بەخەبەر نایەیت».

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو شێوازە دەربڕینەی سنووردانان:

- <u>دانانی سنوور بۆ منداڵ</u>: « نابێت تۆ..»، دەکرێت زۆر شکێنەر بێت و دۆخێکی شاد تێکبدات، لەبەر نەبوونی گومان لەم پەیامەدا. وەک ئەوە وایە تۆ بە کەسێک بڵێیت، تۆ دەبێت ئێستا بنوویت چونکە خودا وای فەرمووە. گەر نارەزامەند بیت پەنا بۆ کێ دەبەیت؟ لەگەڵ کێ هاوڕایت؟!
- <u>باسکردنی سنووری خۆت بۆ منداڵ و دەربڕینی هەستەکانی خۆت بە وشە و ئەو هەستەی لای منداڵ بەرچاوت دەکەوێت</u>: «من تووڕەم، من نامەوێت...، تێدەگەم تۆ پێت بەدە»، دەرککردنی زۆر جیاوازە لە شێوازی پێشوو. دۆخی شادی منداڵ و پەیوەندی بنەڕەتی نێوان منداڵ و گەورە تێک ناچێت. منداڵ پەراوێز ناکەوێت، هۆکارەکەی پەژراندنی هەستەکانیەتی لەلایەن باوانیەوە.

پێویستە بۆ خۆت بزانیت چیت دەوێ هەتا بتوانی بە منداڵ بڵێت: «من دەمەوێت» و «من نامەوێت».

جارێکیان ستافی زارۆخانەیەک هاتە لام بۆ دەروونسارێژی، ئەم خانمە من لێرە ناوم ناوە هیلدە، تووشی نەخۆشی خەمۆکی ببوو، دۆکتۆر لە کار هەڵپەساردبوو. هیلدە دەیگێڕاوە لەو زارۆخانەی کاری لێ دەکات ستافی زارۆخانە زۆر مکوڕن لە بەکارهێنانی واژەی: «من دەمەوێت و من نامەوێت» لە ئاخاوتن لەگەڵ منداڵدا، بەڵام من پێموایە ئەم شێوازە زۆر قورسە. لەبەر ئەوە من نازانم چیم دەوێت و توانای گوتنی «من نامەوێت» ـیشم نییە! دەکرێت بڵێم؟ - بەشەرمەوە پرسیاری کرد! هیلدە لە خیزانێکدا گەورە بووە هیچ ڕێزێک نەبووە بۆ سنوور و پێویستیەکانی و قەت کەس پرسیاری لێ نەکردوە ئەو چی دەوێت یان چی ناوێت.

هەموو مێژووی هیلدە باسی ژنێکی گەنجە کە بۆ خۆی نازانێت کێیە، لەبەر ئەوە ڕیشەی پێناسەی لە خۆمتمانەیەوە سەرچاوە دەگرێت (ئەو کارەی دەیکات - پیشەکەیەتی). ئەم ژنە ڕیشەی سەقامگیری نییە لەخۆیدا (هەستزیرەکیەکی سوودبەخشی نییە و کەسایەتی خۆی ناناسێت). هیلدە فێرکراوە سێرەگیر بێت لە پیشە و ئەو کارەی دەیکات، گەر ئەم کار و پیشەیەی باش بێت بۆ دەوروبەری، مرۆڤێکی بەروونفەرمانیە و دەروونفەرمانی نییە.

ئەم ژنە لە باوانیەوە فێری خۆدید نەکراوە، بۆیە بە گەورەیش پێویستی سنوور و هەستەکانی نامۆن بۆ خودی خۆی. ئەو کەسانەی هیلدەیان خۆشدەوێت تووشی کێشە دەبن لەگەڵی، ئەوان نازانن هیلدە چی پێخۆشە و بە چی شاد دەبێت.

کەسانی دیکە نازانن هیلدە کێیە گەر هیلدە توانای خۆدیدی نەبێت، پێویستە باسی سنوور و پێویستییەکانی بکات هەتا کەسانی دیکە ڕێز لە سنوورەکانی بگرن و ڕەچاوی بگرن. بۆ بەدەستهێنانی ئەم توانایە پێویستی بە ڕێژەیەکی پەیوەندیە لەگەڵ هەستەکانی خۆیدا.

لە کاتی سارێژکردنی دەروونی هیلدە، هەوڵم پەژراندنی هەموو هەستەکانی بوو، هەتا توانای خۆدیدی تێدا ببوژێتەوە. ئامانجی من لە گێڕانەوەی ئەم بابەتەی هیلدە، تیشک خستنە سەر ئەم هەموو مرۆڤە ڕسکاوەیە کە لەلایەن باوانیانەوە نە ڕەچاونەگیراون و نە هەستیان پەژرێندراوە. زۆر گرینگە بۆ ئەم مرۆڤانە خۆدیدی خۆیان زیندوو بکەنەوە لەڕێگەی سارێژکردنەوە. مرۆڤێک کێشەی هەبێت لە خۆ بەهەند وەرگرتن، پێشمەرجی تێدا نییە بۆ توانای پەیڤڕوونی لە بەرانبەر کەسانی دیکە.

گەر ئەزموونت هەیە لەم بەسەرهاتەی هیلدە سەبارەت بەخۆت؟ دەتوانم پێت بڵێم هێندێک پرسیار ئاڕاستەی خۆت بکەی: «چیم دەوێت؟ ئێستە حاڵم چۆنە؟ ئێستە هەست بەچیی دەکەم؟» دەتوانیت چەندین جار لە ڕۆژێکدا لەخۆت بپرسیت. گەر تۆ نامۆ بیت بەرانبەر بەخۆت، نازانیت دۆخت چۆنە یان وەڵامت بۆ پرسیارەکان نییە. نەزانینی دۆخیش وەڵامە، گەر تۆ وەڵامەکە بسەلمێنیت! ئەم جۆرە سەلماندنە ڕێز لەخۆ گرتنە کە تۆ نازانیت دۆخت چۆنە و هیچ کێشە نییە. تۆ ئەوەی لەدەستت دێت دەکەیت و من پێموایە زۆر باشە!

ناکرێت لەگۆشەنیگا، ئاست و دۆخی خۆتەوە چاو لە منداڵ بکەیت، بە بۆچوونی من زۆر گرینگە تۆی باوان یان سەرپەرەشت بوێریت بەم بەرۆکگیریە - ئەویش خۆناسینتە.

منداڵ پێویستە بزانێت *تۆ* کێیت هەتا لەتەکتدا هەست بەئاسوودەیی بکات.

باوان پێویستە زمانی دەربڕینی لەگەڵ زمانی جەستەی یەکانگیر[48] بێت، هەتا منداڵ هەست بە ئاسودەیی بکات. باوانێک ڕاستگۆیە دەربارەی هەستەکانی و شتێک ناڵێت گەر مەبەستی نەبێت. باوانێک خۆی بەهەند وەردەگرێت، بۆ نموونە: «من نازانم چیم دەوێت. تۆ چیت دەوێت؟».

پیاوێک بە ناوی ماگنە کاتی لام گرت بۆ دەروونسارێژی. ئەم کابرایە هەستی دەکرد زۆر لە کێشەی نێوان دوو مرۆڤ دەترسێت و دەیویست چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەو دەیگوت لەبیریە لە تەمەنی منداڵی کاتێک دایکی توورە دەبوو لێی بە هیچ شێوەیەک نەیدەدوان، ئەم نەدواندنەش زۆرجار چەندین ڕۆژی دەخایاند. کاتێک بەسەرهاتەکەی دەگێڕایەوە ئازار لە ورگ و سینگی پەیدا دەبوو و نەیدەتوانی بەتەوای هەناسە هەڵمژێت. لەماوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی من تێگەیشتم لە هۆکاری ترسی لە کێشەی نێوان خۆی و کەسێکی دیکە. ماگنە ئەزموونی وای ڕاهێنابوو، جیاوازی بیروڕا، هۆکاری هەستی پەراوێزخستنیەتی. دایکی ماگنە بەبێدەنگی پەیامێکی ئاڕاستەی ئەو دەکرد: کاتێک تۆ ڕەفتارت وەهابێت، من تۆم خۆشناوێت، بەڵام گەر تۆ ڕەفتارت بەدڵی من بێت ئەو کات تۆم خۆشدەوێت و دەتدوێنم.

دایکی ماگنە خۆشەویستی مەرجداری دەدا بە کوڕەکەی، کاتێک کوڕەکەی بەپێی ویستی ئەو ڕەفتاری دەکرد، خۆشەویستی دەداتێ، گەر نا لێ وەردەگرێتەوە، وەک: پەراوێزی دەخات کاتێک ڕەفتاری منداڵەکەی بەدڵ نەبوو. ئەنجامی خۆشەویستی مەرجدار ئەوەیە منداڵ هەست دەکات کەس خۆشی ناوێت و دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی خێزان. بەم جۆرە فێر دەبێت بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی پێویستە بە گوێی کەسانی دیکە بکات. هیچ سەیر نەبوو کە ماگنە ترسی لە کێشە هەبێت.

---

[48] یەکانگیر: یەکگرتنی دوو لایەنی زمان و جەستە، هاوڕەوتی دوو لایەن و مەبەست

بیرکەوە گەر دایکی ماگنە گوتبای: من توورە دەبم کاتێک تۆ پەیمان دەشکێنیت، من هەر ئێستە دەمەوێت پەیمانەکەمان بەجێ بهێنیت. «گەر دایکی ڕاستگۆ بایە دەربارەی هەستەکانی خۆی (من توورە دەبم..) و بە کورەکەی گوتبا چی لێیدەوێت (من دەمەوێت...)، ئەوکات دەرفەتی دەدا بە کورەکەی بیناسێت و بزانێت چی لێدەوێت. بەم شێوەیە ماگنە تێدەگەیشت سەرەڕای هێندێک لاساریکردنی و پەیمان شکاندنی هەستی دەکرد دایکی هەر خۆشیدەوێت.

سالانێکی زۆری ژیانم بەکارهێنا بۆ بەدەستهێنانی زیرەکی لە پەراوێزخستنی بەرتەکی منداڵ نەک خودی منداڵەکە. هەر بۆیە زۆر شاناز دەبم کاتێک هەست دەکەم تواناکەم جێگیر بووە. جارێکیان کچەزا تەمەن 5 سالانەکەم چەند ڕۆژێک لام مایەوە و هێندێک شت ڕوویدا: بە درێژایی ڕۆژی شەممە و یەکشەممە ئەم منداڵە پەنجەی لە لووتیدا بوو و چڵمی دەردەهێنا و یاری پێدەکرد. من پێموایە زیادەڕەوی نەبوو پێی بڵێم: «پیسە».

شەوی یەکشەممە کاتێک ئەو چووە نێو بانیۆیەکەوە پاش کەمێک بە ڕامانەوە سەیری کردم و وتی: «میزم کردە ناو ئاوەکە». کاردانەوەی یەکسەرەم چرچکردنەوەی تەوێڵم بوو، پێمگوت: «پیسە، پێموایە ئەو کردەوەیە پیسە، من پێم خۆش نییە کاتێک تۆ پەنجە دەکەیت بە لووتتدا و میز دەکەیتە ناو بانیۆیەکە. دەمەوێت هەر ئێستە لە بانۆیەکە بێیتە دەرەوە». دەستمگرت و لە بانیۆیەکە هێنامە دەرەوە.

کاتێک لە سەر عەرزی حەمامەکە وەستا بوو چووە پەنای دەرگەکە و نیگایەکی توورەی ئاڕاستە کردم و گوتی: «تۆ دەڵێیت من پیسم!» (بە شێوەیەکی بچڕ بچڕ وتی: تۆ منت خۆشدەوێت؟) وەلامم دایەوە: «من تۆم خۆشدەوێت، بەلام پێموایە کاتێک تۆ میز دەکەیتە نێو بانیۆیەکە و پەنجە دەکەیت بە لووتدا کردارێکی پیس دەکەیت». بە تووڕەییەوە دەرگەکەی پێوەدا و چووە دەرێ. من ئاوی بانۆیەکەم گۆڕی و سەرلەنوێ پڕم کردەوە لە ئاوی گەرم. پاشان هاتەوە نێو حەمامەکە، پێمگوت: دەتوانیت بە دەستت ئاوەکە تاقیبکەیتەوە بزانی گەرماکەی باشە، دۆستە بچکۆلەکەم؟ داواکەمی جێبەجێ کرد و وتی ئاوەکە زۆر باشە، دوایی چووە ناو بانیۆیەکە و درێژەماندا بە ئاخاوتن دەربارەی هێندێک بابەتی دیکە، بێجگە لە باسی ئەوەی کە ڕوویدا.

ڕۆژی دوایی چەندین جار وتی: «ئۆی وا دیسان پەنجەم چوو بە لووتمدا! من نامەوێت پەنجەم بچێت بە لووتمدا. ئێستا ئیدی بە زیپ لووتم دادەخەم با پەنجەم نەچێت بە لووتمدا». پێمگوت بۆت هەیە لەبیرت بچێت بەتایبەت گەر تۆ ڕاهاتبێیت بەم کردارە کاتی دەوێت هەتا تەرکی بکەیت. هاوکات پێمگوت من زۆر شادم مادام تۆ تێدەکۆشیت ئیدی پەنجە نەکەیت بە لووتتدا.

مەرجی ئاخاوتنێکی باش لەگەڵ منداڵ پێویستی بە گەورەیەکی گوێگرە کۆشەش بکات تێبگات.

کتێبێک بەناوی «لەبیرت بێت بژی»، باسی مێژوویەکی کورت دەکات بە ناوی «چاوم لێبکە!» لەلایەن نووسەرێکی نەناسەوە. پێموایە زۆر کەس خۆیان لەم بەسەرهاتەدا دەبینەوە:

«ڕۆژی یەکشەمە بوو، هەموو خێزانەکە چوونە دەرێ بۆ خواردنی شێو، هەموو کەس لیستەی خواردنی پێگەیشت بەغەیری ئاننەی تەمەن 8 سالان. ئەو بە بێدەنگی دانیشتبوو و بە نیگایەکی بەتاڵەوە چاوی بڕیبووە ژوورەکە، گفتوگۆی دەوری مێزەکە بریتی بوو لە بابەتی گەورەکان.

ڕۆژێکی تایبەت بوو، دایەگەورە میوانمان بوو، ماوەیەکی زۆر بوو ئاننە ئەوی نەدیبوو. ئەمجا خزمەتچی[49] هات بۆ بەڕادانی خواردنەکان.

---

[49] خزمەتچی: پێشخزمەتچی لە خواردنگە، وەیتر Waiter

- ئەی تۆ چی دەخۆیت؟ خزمەتچی پرسیاری لە ئاننە کرد.
- ئاننە وەڵامی دایەوە، سۆسێج[50]، پەتاتەی سوورکراو و کۆلا.
- لەپڕ دایەگەورە هاتە قسە وتی، هەر نابێت - تۆ دەبێت گۆشتی مریشک، سەوزە و پەتاتە بخۆیت.
- باوکیشی ئەمەی پێ زیاد کرد، شیری بۆ بێنە بەجێ کۆلا.
- خزمەتچییەکە وەک هیچی نەبیستبێت لە ئاننەی پرسی، ئاو تەماتەت دەوێت بۆ پەتاتەکە؟
- ئاننە بە بەڵێ وەڵامی دایەوە، خزمەتچی بەخێرایی گەڕایەوە بۆ چێشتخانەکە پێش ئەوەی باوانی سکاڵا دەربڕن. ئەمجا ئاننە بە زەردەخەنەوە ئاوڕی دایەوە لە باوانی و گوتی:
- دەزانن چی؟ ئەو هەستی کرد من لێرە دانیشتووم!»

(چاپی 1991)

کاتێک ئەم بەسەرهاتەی ئاننەم خوێندەوە، زۆر لام ئاشنا بوو. بۆخۆم بە منداڵی بەردەوام بەم شێوە ڕەفتارم لەگەڵ کراوە، هاوکات لە شەرمان خۆم ناشارمەوە لەبەر ئەوە بۆخۆشم هەروا لەگەڵ منداڵەکانم ڕەفتارم کردووە. من کە بیری لێدەکەمەوە بەپێی ئەو زانستەی دەربارەی خواردن ئەو خۆشەویستییەی هەمبوو بۆ منداڵەکانم بەرپرسایەتیانم هەڵدەگرت! ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە دەبینم من بڕیارم دابوو بەرپرسایەتی نەدەمە منداڵەکانم لەو شوێنەی سروشتی بوو بیاندەمێ. من بڕیارم دابوو منداڵەکانم بەهەند وەرنەگرم.

مێژووی ئاننە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەیەکە دەربارەی منداڵ کە بە درێژایی مێژوو باو بووە. ڕەفتاری گەورە لەگەڵ منداڵ هەمیشە سەرچاوەی لە ویستی خۆیەوە بووە. نموونە: «تۆ دەبێت گۆشتی مریشک بە پەتاتە و سەوزەوە بخۆی!» واتای ناوەڕۆکی ئەم پەیامە دەبێتە: «من باشتر دەزانم تۆ چ خواردنێکت پێخۆشە، کاتێک تۆ گوێڕایەڵی منی، من هەست دەکەم باوانێکی سەرکەوتووم. تۆ زیرەکی کاتێک ئەم هەستە بەمن دەدەیت».

گەر بەجۆرێکی دیکە ئاماژەی پێبدەین دەبینین نە تیشک خراوەتە سەر ویستی منداڵ، نە چۆنەتی دۆخی دەروونی و نە چ ئەزموونێک/ هەستێک وەردەگرێت. بۆیە منداڵ هەمیشە هەستی بە شکان کردووە، یان وەک ئاننە پەراوێز خراوە.

بێگومان لە جڤاکی تۆڕبەنددا ئاسوودەیی دەروونی و خۆمتمانە خەسڵەتێکی گرانبەهایە بۆ مرۆڤ. ئەمجۆرە خەسڵەتە بنەوانی پێناسەی تاکە کە سازێنەری هۆشیاری و زانینە دەربارەی لایەنی بەهێز و لاوازی خودی تاک، یان هۆشیاری و زانیارێک دەربارەی خۆم کە <u>من</u> کێم. هەستێکی باش و سوودبەخش یان هەستزیرەکی دەدات. گەورەبوونی منداڵ لەگەڵ باوانێک کە مەیلی تێگەیشتن، کونجکاوی، ناسین و ئاخاوتنن لەگەڵی نەک تەنها پەیامی ئاڕاستە بکەن، یارمەتی منداڵ دەدات لەگەڵ کەسایەتی خۆی ئاشنا بێت.

### بۆچی؟

کاتێک لەگەڵ منداڵ دەدوێیت، تێبکۆشە واژەی پرسیاریی ***<u>بۆچی</u>*** بەکار نەهێنیت، مەگەر لە گفتوگۆیەکی فەیلەسووفانەدا وەک: تۆ پێتوایە بۆچی باڵندەکان دەتوانن بفڕن؟ (ئەوکات پرسیار ڕووی لە منداڵ نییە).

[50] سۆسێج: Sausage گۆشتی هاڕدراو لە بەرگێکی ناسکدا لە باسترمە دەچێت.

منداڵ واژەی بۆچی وەک هەڕەشە دەبینێت:

- هەڕەشە لێکردن: «بۆچی وەها دەڵێیت؟»
- هێرشکردنە سەر: «بۆچی هاوار دەکەیت؟»
- تۆمەتبارکردن: «بۆچی ئەو ئەرکەی پێمگوتی جێبەجێ ناکەیت؟»

لەگەڵ ئەمەشدا منداڵ لە تەمەنی زارۆخانە پێشمەرجی گەشەی تێدا نییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێک بە بۆچی دەستپێدەکات. پرسیاری لەم جۆرە پێشمەرجی بیرکردنەوە و لۆژیکی پێویستە، ئەم لایەنەش لە تەمەنی 6 ساڵی بۆ سەرەوە دەستپێدەکات.

کاتێک منداڵێک لە زارۆخانە پرسیاری لێدەکرێت: «تۆ بۆچی لە ڕێبوارت دا؟» ئەو گەشەیەی نەکردووە وەڵام بداتەوە (هەرچەند هۆکارەکەی ئەمەیە: «تۆ نازانیت، با بۆت باسکەم. من لە ڕێبوارم دا لەبەر ئەوە دایکم ماوەیەک خەمبارە و منیش پێویست بوو تۆزێک لە بێزاری خۆم بەتاڵ کەمەوە!»).

گەر ئامانجت پێکهێنانی گفتوگۆیەکی سازەندەیە لەگەڵ منداڵ، پێشنیازت پێدەکەم هەستەکانی خۆت و ئەو هەستەی لە منداڵدا دەیبینیت بە وشە دەرببڕە، ئەمجا پرسیاری چی و چۆن بەکار بێنە یان هێندێک لەو وشانەی منداڵەکە خۆی بەکاری هێناوە بیخە نێو ڕستەوە. کاتێک تۆ بەم شێوازە لەگەڵی دەدوێیت، منداڵ بەتەواوی هەست دەکات ویستی تێگەیشتنت لە پەیامی منداڵەکە هەیە. تێکۆشانی تۆ بۆ تێگەیشتن لە منداڵ وەها دەکات ئەو هەست بکات تۆ ڕەچاوی دەگریت.

نموونە، کوڕێک هەست دەکات باوکی تێناگات لەو پەیامەی ئەو ئاڕاستەی دەکات:

کوڕێکی شەش ساڵان کە باوانی هاوژین نین: «هەرگیز وەڵامی تەلەفۆنی من نادەیتەوە، من ئەم کارە زۆر بە بەد دەزانم».

باوک: «تۆ پێشتریش ئەمەت باس کردووە، من وەڵامت دەدەمەوە گەر دەرفەتم هەبێت».

کوڕەکە تێدەکۆشێت باسی هەست و پێویستیەکانی بکات، بەڵام باوکی بە بەرتەکی پارێزگاری لەخۆکردن ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

چی دەبوو گەر باوکی گوتبای:

- باوک: «من هەرگیز وەڵام نادەمەوە؟»
- کوڕەکە: «نەخێر، پێموایە کارێکی بەدە».
- باوک: «تێدەگەم تۆ بە کارێکی بەدی دەزانیت. من زۆر شاد دەبم کە تۆ وا دەڵێیت، بەم جۆرە تۆ تێم دەگەیەنیت کە پێتخۆشە زوو زوو قسەم لەگەڵ بکەیت، منیش پێم خۆشە. پێت چۆنە من هەموو شەوێک تەلەفۆنت بۆ بکەم؟ پێت باشە؟».

واز لە هەڵسەنگاندن بهێنە، فیدباک[51] ی کەسەکی بدەوە

[51] فیدباک: دەربڕینی ڕای کەسەکی پاش کرداری کەسی بەرانبەر یان بە نووسراوە یان بە زارەکی

«ئۆ، تۆ زۆر زیرەکی!». هەستدەکەیت، ئەمە واتای چییە؟ ڕەچاوت دەگرم کاتێک دەڵێم تۆ زیرەکیت؟ زیرەک چییە؟ بیری لێ بکەوە...

لەباتی «من دەڵێم»: ئەم وێنەیە تۆ کێشاوتە زۆر جوانە! کاتێک چاوی لێدەکەم شاد دەبم، ڕەنگەکانیم پێ جوانە! ئێستە هەست دەکەیت بە جیاوازیی ئەم دوو شێوازە دەربڕینە. یەکەم شێواز نموونەیەکە لە هەڵسەنگاندن، دووهەمیان فیدباکی کەسەکییە. لەوانەیە تۆ پێشتر بیرت لێ نەکردبێتەوە، بەڵام جیاوازیەکی زۆریان هەیە.

هەڵسەنگاندن بەجێگەی وەڵام، پرسیاری زۆر لای منداڵ بەجێدەهێڵێت.

نموونەی هەڵسەنگاندن: «تۆ زۆر زیرەکیت»: کێ پێوایە من زیرەکم؟ باوکم یان هەموو جیهان؟ زیرەک واتای چییە؟ هۆی چییە تۆ پێتوایە من زیرەکم؟ گرینگە مرۆڤ زیرەک بێت؟ تۆ دەتەوێت من ببم بەمە؟ زیرەک؟

پێچەوانەی هەڵسەنگاندن فیدباکی کەسەکییە.

فیدباکی کەسەکی واتا هەموو وەڵامێک کە باس لە تاکی تۆ و ئەوەی پێتخۆشە، دەکات. هەر بۆیە فیدباکی کەسەکی وابەستەی ئاخاوتنی کەسەکییە، وەک _من_ پێموایە، ڕاستگۆیی و تەنها ئەوەی تۆ مەبەستتە دەربارەی بابەتەکە دەریدەبڕیت.

لەیادمە کاتێک من قارەمانی هەڵسەنگاندن بووم و واژەم بەدەوری خۆمدا هەڵدەدا وەک: زیرەک و زۆرباشە - زۆرجار کاردانەوەی منداڵەکان دەبووە: «تۆ هەموو جارێک وا دەڵێیت» یان: «من ئەم جۆرە وەسفەم پێباش نییە»، بەپێی ئەزموون بۆم دەرکەوتووە هەر فیدباکی کەسەکی خۆم دەردەبڕم کاردانەوەی منداڵەکان زۆر گەرمتر و دەوڵەمەندترە و زۆرجاریش گفتوگۆیەکی سازەندەی لێ بەرهەم دێت. من ڕاستگۆم لەگەڵیان و دەستەواژەیەکیان پێناڵێم شادیهێن نەبێت بۆیان. منداڵەکە ڕەچاو دەگرم، تیشک دەخەمە سەر کارەکەی، ڕێزی لێدەگرم و ئەویش تەکدانەوەی خۆم دەداتەوە: بەهەندم وەردەگرێت، گوێ لە گوتەکانم دەگرێت و بەڕێزەوە ڕەفتارم لەگەڵ دەکات.

مرۆڤی پەیڤڕوون پابەندە بە ڕێسای گشتی و سنووری کەسەکی

دانانی کۆمەڵێ ڕێسا سروشتییە هەم لە زارۆخانە هەم لە نێو خێزان. ڕێسای گشتی ئەو نۆرمانەیە باوان دەستنیشانی دەکات بۆ گەورە و منداڵ یان هەر بۆ منداڵ. ئەم ڕێسا گشتییانە دەکرێت جیاواز بێت لە نێوان زارۆخانە و لە نێوان خێزان.

سەرەڕای ئەم ڕێسا گشتییانە پێویستە باوان یان سەرپەرەشت پەیڤڕوون بێت دەربارەی سنووری کەسەکی خۆی.

ڕێسا گشتییەکان:

من پێشنیاز دەکەم پتر لە 3-4 ڕێسای گشتیت نەبێت. کاتێک ژمارەی ڕێساکان کەم و ڕوون بن، منداڵ ئاسانتر پابەند دەبێت پێیان. هاوکات داڕشتنی ڕێساکان جۆرێک بێت ناوەڕۆکی پەیام و ویستی تۆ ئاشکرا بکات، نەک باسی شتێک بکات تۆ نەتەوێت منداڵ ئەنجامی بدات. لەبەر نەبوونی توانای خوێندنەوەی منداڵ لە زارۆخانە باشتر وایە وێنە و ڕەنگی جۆراوجۆر بەکار بێنیت بۆ وەسفی ناوەڕۆکی ڕێساکان و دەکرێت بە پیتی گەورە و ڕەنگینیش بێتە نووسین. ئەوکات منداڵ توانای یاریکردن بە خوێندنەوە فێر دەبێت، منداڵەکە توانای

خوێندنەوەی نییە، بەڵام لەیادی ناچێت ئەو وێنە ڕەنگینانە باسی چی دەکات. هەر بۆیە ئەرکەکە ئاسان دەبێت و منداڵەکان وردەوردە تێدەکۆشن ڕێسا نووسراوەکانیش بخوێنەوە.

نموونەی دوو ڕیسای گشتی لە زارۆخانە:

1) وێنەیەکی پەیامدەر بکێشە کە پێشاندەری دەستێکی کراوە بێت و لێی نووسرابێت **سوور بوەستە** یان لە نێو وێنەکە یان لە ژێریدا. ئەم ڕێسایە پێشاندەری کاتێکە منداڵ دەڵێت سوور بوەستێت، گرینگە هەموو کەس ڕێز لەم ڕێسایە بگریێت. بۆ نموونە لە یاری دوو گروپ بەرانبەر یەک و پێشبڕکێ دوو لایەن و لەم بابەتە.
2) وێنەیەی گڵۆپی پەڕینەوەی ترافیکێک بکێشە پێشاندەری پیاوێکی سەوز بێت و لە ژێرەوەی بنووسە **بڕۆ** . وێنەکە لە هەموو ژوورەکان بەپێ باڵای منداڵەکان هەڵواسە، ئەم ڕێسایە بە منداڵ دەڵێت لەسەرەخۆ بڕۆ و ڕا مەکە.

زۆر منداڵ هەن لە دوو خێزاندا دەژین و پابەند دەبن بەپێ دوو ڕێسای گشتی جیاواز. هەر بۆیە سوودبەخش دەبێت بۆ منداڵ گەر ڕێسا گشتییەکان بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا لە نێو خێزانیش پێشان بدرێت.
بەرۆکگیریی من بۆ تۆ ئەوەیە خۆت بەهەند بگریت و تەنها بەو شێوازە ڕێساکان پێشان بدەیت خۆت بڕوات پێیە کاریگەریی دەبێت، نەک لەبەر ئەوە من پێشنیازی دەکەم.

نموونەی دوو ڕێسای گشتی نێو خێزان:

1) وێنەی منداڵ و گەورەیەک بکێشە دەستی یەکدییان گرتووە بە ڕێگەیەکدا تێدەپەڕن شوێنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێلە، لەژێر وێنەکە بنووسە دەستی یەکدی بگرن. ئەم ڕێسایە پێشاندەری ئەوەیە منداڵ تەنها دەتوانێت لەگەڵ گەورەیەک کە دەستی گرتووە لە شەقام بپەڕێتەوە.
2) وێنەی چاکەتێک بکێشە هەڵواسرابێت بە جل هەڵواسێکەوە و جووتێک پێڵاویش لە ژێرەوەی دانرا بێت. لە ژێر وێنەکە بنووسە چاکەتەکە هەڵواسە و پێڵاوەکان لە ژێرەوەی دابنێ. ئەم ڕێسایە بە منداڵ دەڵێت کاتێک چاکەتەکەت داکەند هەڵیواسە و پێڵاوەکان بخە شوێنی خۆی.

**سنووری کەسەکی**

ئەم جیهانەی منداڵی لێ دەژی پڕە لە مرۆڤی جۆراوجۆر و جیاواز و بەپێ کات تێیدا یەکانگیر دەبێت. بۆیە منداڵ سوودمەند دەبێت گەر لەگەڵ سەرپەرەشتێکی پەیڤڕوون بێت دەربارەی کەسایەتی خۆی. کاتێک باسی سنووری کەسەکیت دەکەیت، بە منداڵ دەڵێیت تۆ کێیت و ئێمەی گەورە هەموومان سنووری جۆراوجۆر و جیاوازمان هەیە.

منداڵ هەست بە ئاسایش دەکات کاتێک لەگەڵ سەرپەرەشتێکە پەیڤڕوونە دەربارەی سنووری کەسەکی خۆی، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرپەرەشتە بەرپرسایەتیی خۆی بە ئەستۆ دەگرێت.

منداڵ زەرەمەند نابێت گەر سنووری کەسەکی تۆ ببیستێت. منداڵ زەرەمەند نابێت بەوەی پێی دەڵێت، بەڵام چۆنی دەردەبڕیت یان چ جۆرە سیگناڵێکی پێدەدەی کاتێک باسی سنووری کەسەکی خۆتی بۆ دەکەیت.

سنووری کەسەکی چییە و چۆن تۆ دەتوانیت باسی بکەیت بێئەوەی منداڵ هەست بە شکان بکات؟

سنووری کەسەکی سنوورێکە تۆ هەر ئێستا هەتە، واتە سنووری کەسەکی تۆ بەردەوام دەگۆڕێت. ئەوەی تۆ ئێستە پێت باشە پێویست ناکات سبەینێش باش بێت، یان پێچەوانەکەی. سنووری کەسەکی تۆ وابەستەیە بە دۆخی ڕۆژانە و چ کەسێک لەگەڵ تۆ لە پەیوەندیدایە. بۆ نموونە دەکرێت ڕووبدات تۆ دەربارەی هەمان پرسیار بە منداڵێک بڵێی بەڵێ، بە منداڵێکی دیکەش بڵێی نەخێر.

سنوورێکی کەسەکی جێمتمانە پەیوەستە بە ڕاستگۆیی خۆتەوە بەرانبەر بە خۆت کاتێک دەربارەی سنوورەکەت دەدوێیت، واتە تۆ هەست دەکەیت چیت دەوێت، پێش ئەوەی دەربارەی سنوورەکەت بدوێیت.

زۆرجار ڕوودەدات تۆ شتێک پەسەند دەکەیت، جاری واش هەیە پەسەندی ناکەیت و کاتێکیش دێت تۆ نازانیت ڕات چییە بەرانبەری.

ئەوەی بڕیاردەرە بۆ کەسێک بێهەوێت پەیڤڕوون بێت دەربارەی سنوورەکانی خۆی، «بەڵێ» بڵێت بۆ ئەو شتەی پێیخۆشە و «نەخێر»یش بڵێت بۆ شتێک پێخۆش نییە و نازانمیش بۆ شتێک لێی دڵنیا نییە: تۆ بۆخۆت چیت دەوێت؟ بۆ کەسێک کە نازانێت چی بڵێت دەربارەی ویستی. بیرمەکەوە چی بەدە چی باشە. بزانە ئێستە چیت دەوێت.

گوتنی وشەی نەخێر بە منداڵ بە ویژدانی ئاسوودەوە، دیارییەکی گەورەیە بۆی. منداڵێک باوانی بە ویژدانی ئاسوودەوە نەخێری پێدەڵێن، فێری دەکەن نەخێر ڕستەیەکی تەواوە و ئەوان دەتوانن بە ویژدانی ئاسوودەوە بیڵێن. بزانە چەندە گرینگە بۆ منداڵ بتوانێت بڵێ «نەخێر» کاتێک بۆ نموونە دەگەنە تەمەنی هەرزەکاری و پێشنیازی سیگار، کحول، مادەی هۆشبەریان پێدەکرێت یان گەر کەسێک داوای شتێک لە هەرزەکارێک بکات و ئەو پێخۆش نەبێت بیدات. کاتێک دەڵێت نەخێر، بەڵێ بەخۆت دەڵێیت و ئەمە گرانبەهایە بۆ منداڵ فێری ببێت.

بەپێی ئەزموونی خۆم باوانی زۆر هەن وەڵامی نەخێر بە منداڵەکانیان دەڵێن بێئەوەی بەتەواوی بزانن چییان دەوێت یان هەر بیریشیان لە وەڵامەکە نەکردۆتەوە. کاتێک تۆ بەتەواوی بیرت لە وەڵامی نەخێر کردبێتەوە هەم بۆ منداڵی خۆت و هەم بۆ منداڵانی زارۆخانە، ئەوکات ئەوان هەست دەکەن و دەزانن ئەم نەخێرە بواری دانووستانی تێدا نییە. گەر وەڵامی نەخێرت پتر لە نازانم بچێت، بەڵێنت پێدەدەم منداڵەکە هەموو لایەنێکی لێکدەداتەوە و تێدەگات وەڵامەکە دەکرێت بگۆڕدرێت. منداڵ زۆرجار وەک کتێبێکی کراوە گەورە دەخوێنێتەوە.

کاتێک دڵنیا نیت لە وەڵامەکەت، باشترە وەڵام نەدەیتەوە، هۆی ئەوەی منداڵ کۆڵنادەن لە پرسیارکردن دەزانن مەبەستت نەبووە وەڵامی نەخێریان پێبدەیتەوە! منداڵ ویستی هاوکارییان هەیە، بۆیە ڕاستگۆ بە دەربارەی مەبەستت. سەرڕاست و بوێر بە دەربارەی خۆت. کاتێک دەربارەی سنووری کەسەکیی خۆت بۆ منداڵ دەدوێیت، دەتوانیت بڵێیت: بەڵێ، نەخێر، من دەمەوێت، من نامەوێت یان من نازانم چیم دەوێت. کاتێک بە وشە خۆت دەردەبڕیت و پەیڤی کێشەبەدەر بەکاردەهێنیت، منداڵ هەست بە شکان ناکەن.

گەر تۆ بەپێچەوانە پەیڤت کێشەئافرێن بێت و سێرەگیر بێت لە منداڵەکە کاتی ئاخاوتن بڵێی: «تۆ نابێت..». کەواتە تۆ هیچ دەربارەی خۆت و ویستت باس ناکەیت و منداڵەکەش هەست دەکات پەراوێز دەکەوێت.

ئەوجا شتێکی سەیر نییە منداڵ بەرتەکی خەمباری لە خۆ بنوێنێت کاتێک بەدڵیان نەکەیت، وەک گڕووگرتن و گریان. بەرۆکگیریی تۆ دەبێتە خۆ تاوانبار نەکردنت یان ویژدانی منداڵەکە بریندار نەکەیت لەبەر بەرتەکی گریان، یان تووڕەیی ئەو بەرانبەر بە سنووری کەسەکیت.

**ڕاستگۆیی و خۆشەویستی دوو دیوی یەک بابەتن**

ڕێژەی ڕاستگۆیی کاریگەریی هەیە لەسەر ڕێژەی خۆشەویستی لە نێوان دوو کەسدا و ڕێژەی خۆشەویستی وابەستەیە بە ڕێژەی ڕاستگۆییەوە. کاتێک تۆ ڕاستگۆیت دەربارەی بیر، پێویستی، سنوور و هەستەکانت و بە پەیامی منەوە دەریاندەبڕیت ئاشکرایت بۆ کەسانی دەوروبەرت. پەیڤی وەها نێزیکایەتی و ئاسایش دەبەخشێت، ڕاستگۆیی ئاسانترە لەگەڵ کەسێک ڕاستگۆ بێت دەربارەی خۆی، هەتا کەسێک بە وشە بیر و هەستی خۆی دەرنەبڕێت، بەڵام دۆزینەوەی بخاتە ئەستۆی لایەنی بەرانبەر.

ڕاستگۆ بە لەگەڵ منداڵ، منداڵیش ڕاستگۆ دەبێت لەگەڵت.

منداڵی گرفتدار چ لە نێو خێزان بێت یان زارۆخانە کاتی زۆری پێویستە بوێرێت متمانەت بەدەست بێنێت و ڕاستگۆ بێت بەرانبەرت. بەڵام گەر تۆ بەجێگەی ڕاڤەکردن و داوەری، ڕابمێنیت بۆ دۆزینەوەی هۆکاری: تووڕەیی، ماندوویی یان بێزاریی ئەو، ئەودەم منداڵ هەست دەکات بەهەند وەردەگیرێت و متمانەت پێدەکات کە تۆ چاکەی ئەوت دەوێت. منداڵێک هەست بەچاکەی باوان و سەرپەرەشت دەکات، دەوێرێت ڕاستگۆیت ببینیت، ئەنجامەکەی دەبێتە بەدەستهێنانی متمانە و خۆشەویستی منداڵ.

پێچەوانەی: خۆشەویستی بێ ڕاستگۆیی و ڕاستگۆیی بێ خۆشەویستی کەمتەرخەمەییە.



## منداڵی ئەمڕۆ باوانی سبەینێیە

شێوازە ڕەفتاری تۆ لەگەڵ منداڵ بڕیاردەرە لە چۆنەتی شێوازە ڕەفتاری ئەوان لەگەڵ خۆیان و کەسانی دیکە لە کاتی ڕسکاندا. منداڵ وێنەیەکی ناخەکی لە کەس و توانای خۆیان بەپێ فیدباکی باوان و سەرپەرەشتیان لە دەروونیان دەسازێنن. بۆیە هەر شتێک تۆ دەریبڕی و ئەنجامی بدەی لەگەڵیان هۆکارن بۆ سازاندنی کەسایەتییان.

هۆکاری زێدە بەرشکان و ناسکیی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕیان بە هەموو پەیڤی باوان و سەرپەرەشت. هەر بۆیە منداڵ تێناگات لە گاڵتە و تەنز و هەرچی ببیستن بەتەواوی وەریدەگرن. گاڵتە دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و دوودڵی لای منداڵ و کاریگەریی هەیە لە سەر بنەمای هەستی ئاسایش.

باوان و سەرپەرەشت خاوەن ڕاستییە لای منداڵ، بۆیە زۆر گرینگە ئاگاداری پەیڤ، سیگناڵ، ڕەفتار و کرداری خۆت بیت. تۆ بەشداری لە سازاندنی دەرک و تێگەیشتنی منداڵ و هەبوون و نەبوونی هەستی توانا و خۆبەها لایان. بێگومان تێکەڵبوون لە جڤاکدا بە پێشبیر[52] ی«خۆبەها، خۆتوانا و خۆمتمانە» ژیان ئاسانتر دەکات بۆ منداڵێک کە دەڕسکێت.

ئێمە نەریتمانە بڵێین: «دەستپێکی فێرگە، سەرەتای جددیبوونە». لە دیدی منەوە: «دەستپێکی فێرگە، کۆتایی جددیبوونە لە زۆر لایەنەوە». کاتێک تەمەنی منداڵ گەیشتە 6 ساڵ و چووە فێرگە، پێشبیریان دەربارەی چییان پێدەکرێت و ناکرێت ڕەنگڕێژ بوو. بە شێوازیکی دیکە بڵێین: ئەو کەسەی پێیوایە پێدەکرێت و ئەوەی پێیوایە پێیناکرێت هەردوویان ڕاست دەردەچن!

بەڕای من گرینگترین ئەرکی تۆ ئەوە نییە «چی» ئەنجام دەدەی لەگەڵ منداڵدا، بەڵکوو «چۆن»ی ئەنجام دەدەی، ئەمجا لە نێو خێزان بێت یان لە زارۆخانە.

### منداڵ مرۆڤی هەستەکین، بۆیە زۆر بەرشکانن

منداڵ لە تەمەنی زارۆخانە وەک گەورە بیرناکەنەوە، ئەوان زاڵ نین بەسەر لۆژیک و هزردا و بوونەوەری بەتەواوی ڕەهان. خەسڵەتی بیرکردنەوە یان هەموو شتێک یان هیچ شتێک ڕەنگدانەوەی ئەم ڕوانگەیە لای ئەوان: «گەر تۆ خۆشمت نەوێت، نەفرەتت لێمە». شتێک بەناو نێوەند بوونی نییە. گەر باوکم پەراوێزم بخات، هەموو پیاوێک پەراوێزم دەخات. ئەوان لەم تەمەنەدا مرۆڤی هەستەکین و بێلۆژیکن، بەرتەکیان لە لێکدانەوەی هزرەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لە لێکدانەوەی هەستەوەیە، وەک: «من بەم شێوەیە هەست دەکەم، کەوابوو ئەمە دەبێت وابێت. من هەست بە تاوانباری دەکەم، کەوابوو من مرۆڤێکی بەدم».

یەکەم کاردانەوەی هۆی هەستەکیبوونی منداڵ بەئاسانی خۆ تاوانبارکردنە بۆ نەبوونی هاوئاهەنگی یا ڕوودانی ڕووداوێک. بۆ نموونە جارێکیان ژنێک لە ناوەندێکی دەروونسارێژیدا بۆی باس کردم کە کاتێک ئەو تەمەنی چوارساڵان بوو دایکی ئەو بابی بەجێهێشت، ئەودەم لەو تەمەنەدا بەتەواوی دڵنیا بوو کە ئەم خۆی هۆکاری

[52] پێشبیر: بیری سەرەتا، دەستپێک

نەگونجانی باوانی بووە. هەمیشە دلۆڤان نەبوو و ئێستەش باوکی لێی تووڕەیە (لێکدانەوەی هەستەکی). بزانە ئەم شێوە هەست و بیرە چەندە ئازاری هەیە بۆ منداڵێک لەم تەمەنەدا!

گرینگە باوان و سەرپەرەشت بۆ پێشگرتن لە هەستی خۆبەتاوانبارزانین لای منداڵ لە کاتی بڕیاردان بەسەریاندا بە وشە هەستی خۆیان و ئەو هەستەی لای منداڵ دەیبینن دەربڕن. نموونە: گەر یەکێک لە کارمەندانی زارۆخانە واز لە ئیشەکەی بێنیت، پێویستە ئەم کەسە بە منداڵەکان بڵێت، گەر وا هەست بکات: «من هەموو ئێوەم خۆشدەوێت، وازهێنانم لە کار لەگەڵ ئێوە لەبەر هۆی گواستنەوەی شوێنی ژیانمە بۆ جێگەیەکی دوور لێرە، هەر بۆیە ناتوانم بەردەوام بم لەگەڵتان». ئەو پەیامەی لێرە بە منداڵ دەگات: «من واز لە کارەکەم ناهێنم لەبەر لاساریی تۆ کاتێک لە دەرەوە یارییمان دەکرد». (یان هەر شتێکی دیکە منداڵ بیری لێ بکاتەوە.)

کاتێک باوان بڕیار دەدەن کۆتای بە هاوژینبوون بێنن، زۆر زۆر گرینگە بە منداڵ بڵێن: تۆ هەمیشە خۆشەویسترین کەسی لە ژیانمدا، بەڵام من و باوکت توانای هاوژینییمان نەماوە، بۆیە... «بەڵام تەنها باسی خۆت بکە و ڕاستگۆ بە، گرینگە دەربڕینت لەگەڵ هەستتدا هاوئاهەنگ بێت. جێگەیەتی لێرە باسی پیاوێک بکەم لەم ڕۆژانەدا هاتبووە لام بۆ ئامۆژگاری وەرگرتن، بۆی باس کردم بڕیاریداوە هاوژینی هاوسەرەکەی و کوڕە 3 ساڵانەکەی نەمێنێت. دەقی پرسیارەکەی ئەمە بوو: «چۆن دەتوانم ئەم گۆڕانکارییە لە ژیانماندا بە بێزەرەرترین شێوە بۆ کوڕەکەم جێبەجێ بکەم؟».

یەکەمین باسم لایەنی هەستەکیبوونی منداڵی ژێر تەمەنی شەش ساڵان بوو کە توانای بیرکردنەوەی لۆژیکیان نییە و ...هتد. ئەنجامەکەی دەبێتە بەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو ئەوان لایەنێک بن تێیدا. بۆ نموونە دەکرێت ئەنجامگیرییان بەم جۆرە بێت، باوکم جێمان دەهێڵێت لەبەر ئەوە من دوێنێ نەمویست گۆرەوییەکانم لەپێ بکەم، من میهرەبان نەبووم لەگەڵ باوکم ئەوەتا بەجێمان دەهێڵێت. بۆ مرۆڤی ڕسکاو ئەم جۆرە بیرکردنەوە هیچ مانایەکی نییە، بەڵام منداڵ بەئاسانی خۆیان بەتاوانبار دەزانن کاتێک ئەو مرۆڤانەی خۆشیان دەوێت دۆخیان نەساز بێت. لایەنێکی دیکەی کاتێکە منداڵ هەواڵێک ببیستێت هەستی بهەژێنێت، ئەودەم هەموو سێرەی لە چەند چرکەدا ون دەکات. بۆیە بەم باوکەم ڕاگەیاند، پێش هەموو شتێک باسی گرینگترین دیاردەی بۆ بکە، بۆ نموونە: «من تۆم خۆشدەوێت و هەمیشەش ئاگام لێت دەبێت. من و دایکت ماوەیەکی زۆرە دەکۆشین بەردەوام هاوژین بمێنینەوە، بەڵام توانایمان نەماوە. کاتێک ئێمە نەتوانین هاوژین بین، من ماڵم دەگوازمەوە، بەڵام من هەر باوکی تۆ دەمێنمەوە و هەتا هەتایە و قەتیش پشتگیریت بەرنادەم...».

هاوکات پێمگوت کوڕەکەی بە بیستنی ئەم هەواڵە خەمبار، تووڕە و بێقەرار دەبێت و لەوانەیشە چەند هەستێکی دژبەری دیکەشی تێدا سەرهەڵ بدات. هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونی نییە، داکەوتی ژیان بێزەرەر نابێت بۆ کوڕەکەی و کاردانەوەی هەستەکی دەبێت. پێشمەرجی هەڤبەندیەکی تەراز لەنێوان منداڵ و گەورە ڕێزگرتنە لە هەست و دەرککردنی جیاوازی دەربڕینی هەستی هەموو مرۆڤێک بەپێ کات و شوێن و سەلماندنی کە هیچ هەستێک هەڵە نییە. بەزۆری منداڵ بە شێوازێکی نەگونجاو هەستی خۆیان دەردەبڕن. بەرۆکگیریی بۆ ئەم باوکە دەبێتە چۆنەتی ڕەفتار کاتێک کوڕەکەی هەستەکانی بە وشە دەردەبڕێت یان پێشان دەدات، بۆ نموونە بە باوکی بڵێت تۆ بەدی و برۆ ونبە لە پێش چاوم.

زۆربەی باوان پێیان خۆش نییە لە لایەن منداڵەوە پەراوێز بخرێن. باشترین یارمەتی بۆ ئەم کوڕە لە لایەن باوکیەوە بە وشە دەستنیشانکردنی هەستەکان و سەلماندنیەتی، کاتێک بەرتەکی کوڕەکەی لەڕێگەی هەستەکانیەوە دەبینێت، وەک گوتەی: «من دەرکت دەکەم ئەم کردارەم ئازاردەرە و تۆ پێتناخۆشە».

بیرکردنەوەی منداڵ لەم تەمەنەدا خۆپەسەندانەیە، ئەم دیاردەی کەساندن[53]ەی لە هەموو شتێکدا ڕەنگ دەداتەوە. «گەر دایکم کاتی بۆ من نەبێت، واتای ئەوەیە من کێشەم هەیە». بەزۆریش لێکدانەوەیان دەربارەی پێرانەگەیشتن و دەستدرێژیکردن هەر بەم شێوەیە. ئەوان بەرپرسایەتیی ڕووداوەکە دەگرنە ئەستۆ.

خۆپەسەندەکی بەشێکی سروشتییە لە دۆخی دەورانی منداڵی و نیشانەیەک نییە لە ڕەوشتلاوازی. منداڵ لەم تەمەنەدا پێنەگەیشتوون دیاردەکان لە ڕوانگەی مرۆییەوە ببینن. ئەوان پێیانوایە بیر و هەستی هەموو کەسێک وەک هی وانە، کاتێکیش بیرکردنەوە و هەستیان بەم شێوەیە بێت، نابنە هاوڕێیەکی باش بۆ گفتوگۆ. بۆچی بچمە قووڵایی باسێکەوە کەسی بەرانبەرم لێی دەزانێت؟ بۆیە ئێمەی گەورە پتر ڕاکێش دەبین لەگەڵ کەسێکی هاوتەمەندا گفتوگۆ ساز بکەین گەر پێویستمان بە وەڵام یان تێگەیشتن بێت. نموونەیەک: ڕۆژێکیان باوکی منداڵێک هات بۆ بردنەوەی کوڕە چوارساڵانەکەی لە زارۆخانە، کاتێک من و کوڕەکەی چووین بە پیریەوە، باوکی پرسیاری کرد: «کریستۆف ڕۆژێکی خۆشی هەبوو ئەمڕۆ؟».

تۆ هەستت بەچی دەکرد گەر هاوسەرەکەت هاتبایە شوێنی کارەکەت بۆ هێنانەوەت و لە هاوکارەکەتی پرسیبا: «فلان... ڕۆژێکی باشی هەبوو ئەمڕۆ؟».

هەڤاڵێکم هەیە جارێکیان بۆی گێڕامەوە: «گەر من لەگەڵ هەڤاڵە نێزیکەکانی خۆمدا دەربارەی ئەم چەمکە ئاگادارم کردبانەوە، ئاخۆ ئیستە چەند هەڤاڵم هەبووا!».

لەیادم نییە چیم بە باوکی کریستۆف گوت، پێموایە شتێکی لەم بابەتەم گوت: «پێموایە کریستۆف ڕۆژێکی خۆشی هەبوو، کریستۆف دەتەوێت باسی ئەمڕۆت بۆ باوکت بگێڕیتەوە؟».

منداڵ لەم تەمەنەدا بەئاسانی ئەنجامگیریی هەڵە دەکەن، گەر ئێمەی باوان بە ڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ نەکەین. (دیسان: لێکدانەوەی هەستەکی).

لەگەڵ ئەوەشدا چی بە منداڵ دەڵێیت پێویستە بزانیت شوێنی گوتنەکەش گرینگی خۆی هەیە. پێموایە تۆ لەگەڵم هاوڕای کە باش نییە هاوسەر یان هاوکارەکەت بشکێنیت لە پێشچاو کەسانی دیکە. منداڵیش ڕێک هەر هەمان هەستی هەیە، بۆیە گەر تۆ پێوست بوو لەگەڵ منداڵ باسێک دەربارەی بابەتێکی هەستهەژێن بکەیت، باشتر وایە منداڵەکە ببێتە پەنایەکەوە و بەتەنها لەگەڵی بدوێیت.

**منداڵ دەزانن چییان پێخۆشە، بەڵام نازانن چییان پێویستە**

ئێمەی باوان و سەرپەرەشت بەرپرسین ڕێبدەین منداڵ وەک منداڵ بژی. منداڵ لەگەڵ باوانێک ئاسوودەن بەرپرسایەتیی خۆی بگرێتە ئەستۆ بێئەوەی لێکدانەوەی لەسەر بکات، بەڵام لەرێگەی ڕامانەوە پێویستییەکانی ببینێت.

ماوەیەک لەمەوپێش دایکێک کە سێ منداڵی هەیە پەیوەندی پێوە گرتم، تەمەنی منداڵەکانی سێ، چوار و هەشت ساڵان بوون. ئەم دایکە وەڕەز بوو بەدەست کچە ناوەنجییەکەیانەوە، دەیگوت: «ڕۆژ نییە پانتۆڵەکەی تەڕ نەکات، تەنها بە ڕۆژ ئەم کارە دەکات بە شەوان کێشەی نییە». هەروەها کچەکەی بردووەتە لای دوکتۆر و

[53] کەساندن: Personify هێنانە سەرخۆ، بۆ نموونە بابەتێکی گشتی باس دەکرێت، تاکێک بابەتەکە دەبەستێت بەخۆیەوە.

هەموو پشکنینێکی بۆ کردووە، بەڵام هیچ نیشانەیەکی فیزیکی نەدیوەتەوە. دەڵێت خۆی و مێردەکەی نائومێد بوونە پاش بەکارهێنانی چەندین شێوازی جۆراوجۆر بۆ دنەدانی کچەکەیان هەتا واز لەم کردارەی بهێنێت. تەنانەت چەندین جۆر پاداشتیان تاقیکردوەتەوە و بێزار و تووڕەش بوونە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو تیشک خستنە سەر کێشەکە هیچی لێ کەم نەکردووە. کاتێک ئەم دایکە پەیوەندی لەگەڵ گرتم بێهیوایی پێوە دیار بوو چونکە هیچ ڕێگەیەک نەمابوو بۆ هێرشکردنە سەر کێشەکە تاقی نەکردبێتەوە.

لە باسەکەدا بۆم دەرکەوت دوو منداڵە کەمتەمەنەکەیان لە یەک کاتدا و لە یەک ژوور دەنون و لە یەک بازنەی زارۆخانە و تەنانەت وەک یەکیش ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت، وەک دایکی گوتەنی: «ئەوان وەک دووانە وان، یەک پێویستیان هەیە». کەوابوو ئەم کچە ناوەنجییە نە گەورەترینە و نە بچوکترین لە نێو منداڵی خێزاندا، هەمووشمان دەزانین ئەم شوێنە بەرتەسکە لە ڕەوی خوشک و برادا و هەمیشە بە نیوەی جووت دەبینرێت.

هەموومان پێویستمان بە ڕەچاوگرتن، سەلماندنە بەوجۆرەی کە هەین لە لایەن ئەو کەسانەی خۆشماندەوێت و هەست بکەین بەهای تایبەتمان بۆیان هەیە. نەک وەک بەشێک لە کەسێکی دیکە، بەڵکوو تەنها بەو جۆرەی کە هەین.

ڕای خۆمم بۆ دایکی کچەکە وەها دەربڕی، کچەکەت هەموو پێویستییەکانی لە لایەن ئێوەوە ڕەچاو ناگیردرێت.. ئەو پێت دەڵێت پێویستی چییە، وەک زۆرجار منداڵ بە شێوەی زۆر پێچیدە پەیامی خۆیان دەگەیەنن. باوان بەجێگەی ڕامان لەو پەیامەی منداڵەکە تێدەکۆشێت لە ڕێگەی بەرتەکیەوە دەریبڕێت، تیشک دەخەنە سەر ئەو شێوازەی پەیامەکەی پێدەردەبڕێت. ئەوان سێرەیان گیرە لە نیشانە، کێشەکە نەک هۆکارەکەی. من بۆچوونم وەهایە کە کچە دەیەوێت بڵێت: «دایە، من پێویستمە بە تەنها چەند جارێک پێکەوە بین، هەتا تۆ باشتر لە هزر، هەست و خەونەکانی من ئاشنا بیت. هەروەها پێویستم بە پێکەوەبوونمانە لە تۆش، باوکە. گرینگ نییە ئێمە چی دەکەین لەم کاتەدا، تەنها دەمەوێت ئەم کاتە تەرخان بکەن بۆ پتر ناسینی من. من دەمەوێت هەست بکەم ئێوە سەرقاڵن بە منەوە و گرانبەهام بۆتان.

ئەم باوانە شێوازە کۆنەکەی دیدی جڤاکی هەرەمیان بەرانبەر منداڵ بەکار هێناوە: ئێمە دەزانین چی بۆ منداڵ باشە و نیازی چییە و چاوەڕوانیشین ئەو لەگەڵمان هاوڕا بێت. یان: «بچکۆلەکەم من دەزانم تۆ چیت پێویستە».

داب و نەرێت سنووردار بووە بۆ تیشک هاویشتنە سەر چۆنەتی دۆخی منداڵ و ئەزموونی. تێگەیشتن لەم ڕەچاونەگرتنە بەدرێژایی مێژوو کە منداڵ هەستی کردووە نادیدە دەگیردرێت، وەک ئەم کچە چوارساڵانە ئاسانە. نە کەس پرسیاری لێ دەکات دۆخی چۆنە و نە کەس سەرقاڵی دۆزینەوەی نیازی پشتگوێخراویەتی.

منداڵ وردەوردە نیازی بە ئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ژیانی هەیە، ئەم ئەرکە زۆر ئاسانتر دەبێت گەر ئەوان ئەزموونی خۆبەهەند وەرگرتنیان هەبێت. واتا بوێرن متمانە بە خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە ئەوان فێربوونە گوێڕایەڵی ویستی دەروونی خۆیان بن. گەر ئەو کچە چوارساڵانەی هەموو ڕۆژێک پانتۆڵەکەی تەڕ دەکرد لەلایەن باوانیەوە بەردید بکەوێت و بەجێگەی سەرکۆنە و پاداشت بکۆشن تێبگەن لە پەیامەکەی وا دەکات ئەم کچە ئاسایشی دەروونی و خۆمتمانەی گەشە بکات. ئەم باوانێکی پێویست نییە سێرەی گیرکردبێت لە کرداری بە شرۆڤەکاری و چارەسەر دۆزینەوە بۆ کردارەکە، بەڵکوو باوانێکی دەوێت سێرە لە خودی خۆی گیر بکات. یەکێک لەو شێوازانە ئەم باوانە بۆ ڕەچاوگرتنی کچەکەیان دەتوانن بیکەن: «لە ئامێزی بگرن و پێ بڵێن من نازانم هۆکاری خۆتەڕکردنی تۆ چییە، من هەر تۆم خۆش دەوێت کاتێکیش پانتۆڵەکەت تەڕ دەکەیت. دۆخی تۆ چۆنە؟ شتێک هەیە بۆ منی باس بکەیت؟».

کەوابوو باوان بە وشە و بە کردار تێدەکۆشن خۆشەویستی خۆیان بۆ منداڵ دەربڕن و گوێگر بن بۆ ئەوەی لە دڵیدایە، متمانەیان هەبێ پێی کە ئەو باشتر لە چۆنەتی دۆخی خۆی ئاگادارە و چی پێویستە بۆ باشترکردنی. ئەمەش پەیوەستە بە تەمەن و توانای ئاخاوتنی منداڵ دەربارەی پرسیارەکان. گرینگترین لایەن بۆ کچەکە ئەوەیە هەست بکات باوانی بڕوایان هەیە کە ئەو باشتر هەست و بیری خۆی دەناسێت - لایەنێکی زۆر گرینگ بۆ گەشەی هەستزیرەکی سوودبەخش. منداڵ لەکاتی ڕەچاوگرتنی لەلایەن بەرانبەرەوە کەسایەتی گەشە دەکات و باوان بنەوانی یەکەمن. کەسایەتی منداڵ ڕەنگدانەوەی تەکدانەوەی تۆیە! پێشمەرجی گەشەکردنی توانای بەهەند وەرگرتنی خۆهەست لای منداڵ هەبوونی باوانێکە هەستی خۆی و منداڵ بەهەند وەربگرێت.



## دواگوته

ساڵانێک پێش لە خولێکدا بەشدار بووم بەڕێوەبەری خولەکە وێنەی مرۆڤێکی فرەباسکی پێشاندایین کە هەر باسکێکی ڕووی لە شوێنێک بوو. لە سەر وێنەکە نووسرابوو: هەموو ئەو نەخشانەی ئێمە دەیبینین و لەپەنای هەر باسکێک ناوی نەخشێک نووسرابوو. بۆ نموونە: ژنی ماڵدار، پسپۆڕ لە ئەرکەکەی، منداڵدار، باوکی کچ، دایکی کوڕ، هەڤاڵی نێزیک و ...هتد. پەیامی ئەم کتێبە ڕێک پێچەوانەی ئەو وێنەیە باسم کرد. گەر من بمەوێت وێنەی مرۆڤێک بکێشم وەسفی بۆچوونم بکات، دەبێتە: چۆنەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵ بە شێوازێکی هاوبەها، بەڵام بێبەراوەردکردن، کەوابوو ئەم مرۆڤە تەنها دوو باسکی دەبێت و پتر نە.

بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵ بە شێوازیکی هاوبەها و بێبەراوەرد پێویستە تۆ نەخشی کەس نەگێڕیت و هەر خۆت بیت، بەرپرسایەتیی پێویستی، سنوور و هەستەکانت بگریتە ئەستۆ و بە منداڵی ڕابگەیەنیت بێئەوەی هەستی بریندار بکەیت. پێشانی بدەیت تۆ مرۆڤێکی ڕسکاویت، نەخشی کەس ناگێڕیت و شانۆگەری ناکەیت، بەڵام ڕاستگۆی لەگەڵ خۆت، بیروڕا و هەستت.

کاتێک منداڵ لەگەڵ باوانێک بێت ڕۆڵی کەس نەگێڕێت و توانای خۆبوونی هەبێت، ئەو توانای خۆبوون[54]ـە کۆپی دەکات و کارامە دەبێت لە ژیاندا و تەنها بۆخۆی دەژی. بزانە ژیان چەندە ئاسان دەبێت تۆ بەپێی ویستی خۆت بژیت بێئەوەی پێویست بکات ئارەزووی کەسی دیکە جێبەجێ بکەیت، ڕۆڵ بگێڕیت، شانۆگەری بێ شانۆنامە زۆر زەحمەت دەبێت! تەنها خودی تاکی خۆبووە دەزانێت خۆی کێیە و منداڵیش پێویستە بزانێت لەگەڵ چ تاکێکدایە.

منداڵ زەرەمەند نابێت بە ئاگاداربوون لە ویست و خواستی باوانی. ئەوەی ئەوانی پێ زەرەمەند دەبێت، شێوازی دەربڕینی پێویستی، سنوور و هەستەکانە.

پێشنیازی من بۆ هەر کەسێک مەیلی هەیە بە شێوازی هاوبەها و بێبەراوەرد ڕەفتار لەگەڵ منداڵ بکات دەتوانێت یەکێک لە هۆکارەکانی نێو ئەم کتێبە بەکار بێنێت، بۆ نموونە (لەکاتی قسەکردندا ڕستەکانی بە ***من*** دەستپێبکات و واز لە بەکارهێنانی **دەبێت** بێنێت). کاتێک بڕیارت دا باشتر وایە لە سەرەتاوە سێرەگیریت تەنها لەسەر یەکێک لەم هۆکارانە بێت هەتا هەست دەکەیت لە دەروونتدا جێگیر بووە. شاد بە لە پێشکەوتنت، شادبوون لەم سەرکەوتنە بچووکانە شادبوونە لە سەر خودی ژیان.

باوان و سەرپەرەشتێک چێژ لە ژیانی خۆی ببینێت، نموونەیەکی باشن بۆ منداڵ و لە هەموو شتێکدا بەزیادەوەیان هەیە بۆیان. بۆ ئەوەی بتوانین خۆشەویستی بدەین، پێویستە خۆمان خۆش بوێت و لەژیاندا لەگەڵ خۆمان باش بین.

ئەوەی من لەم کتێبەدا نووسیومە شێواز نییە، جۆرێکی بوونە لە جیهاندا، تۆ وەک مرۆڤێکی ڕسکاو بڕیار دەدەیت لەگەڵ خۆت و کەسانی دیکە ڕاستگۆ و میهرەبان بیت. مەرج نییە تۆ چی ئەنجام دەدەیت، مەرج ئەوەیە ڕەفتار، کردار و دەربڕینت زادەی دڵ و دەروونت بێت.

---

[54] خۆبوون: نەخش یان ڕۆڵی کەسی دیکە نەگێڕان، تەنها بەپێی هەست و ویستی خۆ ژیانکردن.

هەر بۆیە نووسینەکەم بە سەرگوزەشتەیەکی ئاسترید هۆرن ئێریکسن کۆتایی دەهێنم دەبارەی چۆنەتی ڕەفتاری لەگەڵ کچەکەی، کاتێک دەیگوت باوانم بەو ڕێژەی من ئارەزوومە خۆشیان ناوێم.

«کچە 9 ساڵانەکەم پێی وەهابوو من و باوکی، کچەگەورەکەمان لەو پتر خۆش دەوێت، بەڵام بێگومان ڕاستیەکەی ئەمە شتێکی دیکە بوو».

من زۆرم بیر لێ دەکردەوە کە دەبێت چی بووبێتە هۆکاری ئەم بێباوەڕییەی بە ئێمە، سەرەڕای ئەو هەموو جارە ئێمە بە کردار و بە گوتار پێمان دەگوت و پێشانمان دەدا زۆرمان خۆشدەوێت. هەر بۆیە بڕیارمدا ڕێگەیەک بدۆزمەوە تا لێی نێزیک ببمەوە. چارەسەر بوو بە دۆعای شەوانە، نەک بەوجۆرەی لە ئاییندا هەیە، بەڵام شێوازی ڕەوتەکەی. بیرم کردەوە دەبێت هۆکارێک هەبێت بۆ جێگیرکردنی داب و نەریت، وەک دۆعاکردن قەناعەتی بە بەشی هەرەزۆری مرۆڤەکان هێناوە دەربارەی هەبوونی هێزێک گەورەتر لە خۆیان کە ئەوانی بە هەموو لایەنی ئایەتی و نایەتیەوە خۆشدەوێت.

ئەمجا شەوێک بەدلۆڤانی و جیددیەوە پێمگوت دەمەوێت دەست بە شتێکی نوێ بکەین، بەپێ ئەزموون دەمزانی حەزی لە ڕەسمیات و جدیبوونە هەردوو دەستیم خستەناو دەستمەوە بەچڕی چاوم بڕیە ناو چاوانی و گوتم:

لەگەڵم بڵێ: «من ئەڤین، دەزانم دایکم و باوکم خۆشیان دەوێم».

ئەو چاوی لێکردم و بە دەنگی جێگیر دووپاتی کردەوە: «من ئەڤین، دەزانم دایکم و باوکم خۆشمیان دەوێت».

من بەردەوام بووم: «من ئەڤین، دەزانم کچێکی زۆر جوانم».

ئەو چاوی لێکردم: «من ئەڤین، دەزانم کچێکی زۆر جوانم».

پێموت: «من ئەڤین، دەزانم خوشکەگەورەکەم خۆشی دەوێم».

ئەڤین دووپاتی کردەوە: «من ئەڤین دەزانم خوشکەگەورەم خۆشی دەوێم».

پێمگوت: «من ئەڤین، بۆم هەیە هەر بیر و هەستێک پێم خۆش بێت هەمبێت».

ئەڤین دووپاتی کردەوە: «من ئەڤین، بۆم هەیە هەر بیر و هەستێک پێم خۆش بوو هەمبێت».

پێموت: «من ئەڤین، دەمەوێت بە ئاسوودەیی لە شوێنەکەم بنووم».

ئەڤین دووپاتی کردەوە: «من ئەڤین، دەمەوێت بە ئاسوودەیی لە شوێنەکەم بنووم».

بینیم ئەڤین ئەم نەریتەی زۆر پێخۆش بوو چووە ناخیەوە. سوپاسگوزارم!

من بەردەوام ئەم نەریتە لەگەڵی ئەنجام دەدەم و هێندێک لە گوتەکان دەگۆڕم، بەڵام هەر بە شێوازێکی میهرەبانانە، سادە و دابڕ ئەوەی بۆ منداڵێک گرینگە بسەلمێندرێت دەریدەبڕم.

«.....»